


# ئازادی و سەرکەوتن هەر بۆ گەلە




بەشی: ١٩

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نامیلکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ١٩

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتوویژو نووسەران سەبارەت ڕاپەڕینی(ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەراسەری ئێران کە پێشتر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاو کراونەتەوە.

منیش ئەم کۆکراوەیە لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.
سپاس و پێزانین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە.

کۆی نامیلکەکە ١٠٧ لاپەڕەوو ٢٧ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- ئێران؛ نارەزاییەکان پاشەکشێ بەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن ............................ ماڵپەڕی هاوڵاتی ....... ٥
٢- میدیای ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................................. ڕامان هەورامی، دیاکۆ هەورامی ...... ٨
٣- دۆخی کوردستان دوای مەرگی ژینا ............................................... بابان ئەلیاسی ......... ١٣
٤- دەرچوون لە «گێڕانەوەی سەروەر» و «گوتاری زاڵ» ........................................ د. ڕەحیم سورخی ....... ١٨
٥- گەڕانەوەی نۆڤەمبەری "خوێناویی" ئێران؟ .........................................................................
................................................ نارین نوسرەتی - بلۆگی فۆڵکرێشت - وەرگێڕ: کەماڵ حەسەن پوور ....... ٢٢
٦- پەتی ئێعدام بە چی دەپسێت: تەنیا بە بەردەوامیی ڕاپەڕین ............................ ئەژین حوسێنی .......... ٢٩
٧- سپای پاسداران ڕێکخراوێکی ئینسان کوژی تیرۆریستیە .................................. سایتی پەیام ...... ٣٣
٨- سیاسەتی واقعبینانە و واقعی سیاسی و چەند وتەیەک ......................... لوقمان زەهرایی ...... ٣٥
٩- لە شازدەی سپتامبر هەتا ١٦ی ژانویە!؟ .................................................. برایم فەرشی ...... ٣٩
١٠- لە ئەزموونی شکستی شۆڕشی ٥٧ کەڵک وەربگرین ............................................ هادی سۆفی زادە ...... ٤١
١١- ئێران هی کێیە؟ ........................................................................... بێبەش پیرۆتی ...... ٤٤
١٢- ئایا خرۆشانی خەڵکی ئێران پاش ١٢٣ ڕۆژ لە خۆپیشاندان و مانگرتن چ گورزێکی لە بناغەکانی سیستەمی ولایەتی فەقێ داوە؟ ........................................................................ توانا محەمەد نوری ....... ٤٦
١٣- کێ فێڵی لە شۆڕشی ژینا کرد؟ ........................................................ عەبدوڵڵا عەبدالی ........ ٤٨
١٤- چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەگەڵ عەبدوڵا موهتەدی - سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ..... ........................................................................................ ماڵپەڕی هاوڵاتی ....... ٥٠
١٥- سەڵتەنەت تەڵەبەکان و خەیاڵی گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی بۆ ئێران .................... سایتی پەیام ........ ٥٦
١٦- بەیاننامە. هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران و ئەرکەکانمان (بە بۆنەی ٧٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە) ..... ٥٨
١٧- هەرێمی کوردستانی ئێران" ناوچەیەکی یاسایی و نێودەڵەتی! ................................ ئاگری باڵەکی ..... ٦٤
١٨- لە کۆماری کوردستانەوە بۆ کۆماری ژن ژیان ئازادی ........................... ئەلبورز ڕۆئێن‌تەن ..... ٦٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٩- چەند ملیۆن کۆچبەری ئێرانی فاکتۆرێکی جیدی و کاریگەر بۆ بەهێز کردنی خەباتی نێوخی وڵات ...................... ........................................................................ سایتی پەیام ....... ٦٩
٢٠- مەبەست و دەرەنجامی دەوردانەوەی حیزبەکان و خۆدزینەوە لە پێناسەکردنی سیستەمی داهاتوو ......................... .................................................... د. ئاسۆ حەسەنزادە ...... لە فارسییەوە : ڕەحمان سەلیمی ....... ٧١
٢١- پووشێک لە خەرمانی فاشیزمی ئێرانی ............................................ عادل قادری ........ ٧٨
٢٢- ژنان لە کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ژینا ................................... ئاسۆ مینبەری ....... ٨٢
٢٣- ژن، ژیان، ئازادی لە بەرنامە و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا .... تاهیر قاسمی .... ٨٥
٢٤- شۆڕشی ژینا زایەڵەی کۆماری کوردستان ....................................... ئازاد محەممەدیانی ....... ٩٢
٢٥- خۆپیشاندەرانی ئێران خوازیاری گۆڕینی ڕێژیمن، ئەمریکا دەبێ یارمەتییان بکات ........... فارین ئەفەیرز - ئێریک ئێدێلمەن و ڕەی تاکیە – ............................... و: لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٩٨
٢٦- مافی دیارکردنی چارەنووس بنەڕەتێکی یاساییە یان سیاسی؟ ....................... ئارمان حوسێنی ...... ١٠٣
٢٧- شۆڕشی ژینا وەستانی نییە ....................................................... برایم جەهانگیری ...... ١٠٥






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێران؛ نارەزاییەکان پاشەکشێ بەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن لەناو دەسەڵاتەوە هۆشداری لەڕووخانی سیستمەکە دەدرێت




**ماڵپەڕی هاوڵاتی**

١١٧ ڕۆژ نارەزایەتیی دوای مەرگی ژینا، قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی ئێران زیاتر ئاشکرادەکات و هاوشێوەی مۆتەکەیەک باڵی بەسەر دەسەڵاتداراندا کێشاوەو باڵاترین دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناچار بەپاشەکشێ کردووە.

پێچەوانەی رابردوو بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران لەلێدوان و هەڵوێستەکانیان پاشگەز دەبنەوەو نەبوونی سەرپۆش و جێبەجێنەکردنی باڵاپۆشی لەوڵاتەکە بەئاسایی ناودەبەن خامنەیی دەڵێت، مەرج نییە ئەوانەی سەرپۆشیان گونجاو نییە دژی ئیسلام و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بن و وتووشیەتی» «داری دەستی پۆلیس چارەسەری سەرکوتی ناپاکان و گەنجانی فریودراو ناکات».

ئەوەی ئێستا و دوای زیاتر لەسێ مانگ و نیو لەنارەزایەتییەکان بەدیدەکرێت لەلایەک کەمبوونەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانە لەسەر شەقام و لەلایەکی دیکەوە لاوازبونی دەسەڵاتی ئێرانە لەئاستی ناوخۆو دەرەوەدا بەجۆرێک بەرپرسان حاشا لەوەناکەن کەهیچ هیوایەک نییە بۆ ئەوەی پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران هاوشێوەی رابردوی لێبێتەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەتایبەت کەزۆرترین کۆدەنگیی نێودەوڵەتی بۆ سزادانی ئەو دەسەڵاتە دروست بووە.

شارەزایان و پسپۆڕانی کۆمەڵناسی و سیاسی پێیان وایە ئەوەی روونە بوونی شۆڕشە لەئێران و ناڕەزایەتیەکانییش جیاواز لە رابردوو رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران و دەسەڵاتدارانی کردووەتە ئامانج و گەنجان و دانیشتوانی وڵاتەکە چیتر بەچاکسازیی رازیی نابن و سەرکەوتنیان لە رووخانی ئەو دەسەڵاتەدا دەبیننەوە.

## شۆڕش دژی شۆڕش

شارەزایان و شیکەرەوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆکن لەسەر ئەوەی لەدوای مەرگی ژینا ئەمینی ئەوەی روودەدات گەورەترین شۆڕشە دژی «شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی»ە کە لەساڵی ١٩٧٩ لەئێران هاتووەتە سەرکار، بەڵام پێدەچێت لەئێستاداو دوای نزیکەی چوار مانگ لەسەرهەڵدانی ئەو ناڕەزایەتییانە ئاستی ناڕەزایەتییەکان و ژمارەی خۆپیشاندانەکان کەم بووبێتەوە لەبەرامبەردا ئاستی توندوتیژییەکان و سزای سێدارە بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرامبەر بەخەڵک زیادی کردووە.

لەخۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی دروشمەکان بەدیاریکراوی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و عەلی خامنەیی رێبەری ئەو وڵاتە لە سەرووی هەموانەوە کراوەتە ئامانج، واتا ناڕەزایەتییەکان لەچوارچێوەی داواکاریی و چاکسازیدا نەماوەتەوە و روون و ئاشکرا دژی دەسەڵاتە و هەوڵەکانیش بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

هەر ئەوەش وایکردووە باڵی ریفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامی و سەرکردەکانیان زۆر بەئاشکرا خۆیان لەقەرەی ناڕەزایەتییەکان نەدەن و خۆیان نەکەن بەخاوەنی لەکاتێکدا لەسەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکی رابردوودا ئەو رەوتەی کۆماری ئیسلامی سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان دەبوون و خۆیان دەخزاندە خۆپیشاندانەکان و بانگەشەی سەرکردایەتیی ناڕەزایەتییەکانیان دەکرد.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هیچ کاتێک بەئاستی ئەم ماوەیە هەستی بەوە نەکردووە کە کۆڵەکەی کۆمارەکەی لەکەوتن و رووخان نزیکبووەتەوە و بە پرسانی ئەو دەسەڵاتەش حاشای لێناکەن بەڵام توندوتیژیی بەرامبەر خۆپیشاندان و بێباکبوونی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان گومانەکان بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە زیاددەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حکومەتی ئێران هەرجۆرە نارەزایەتیی و هەوڵدانێک بۆ رووخانی دەسەلاتەکە بەپێی دەستوری ولاتەکە بە دژایەتی خودا (محارب) لەقەڵەمدەدات، بۆیە دەوترێت چۆن پێغەمبەری موسوڵمانان (محەمەد) داوایین پێغەمبەر بووە لەسەر گۆی زەوی لەئێستادا خامنەیی خۆی بەدوایین دەسەلاتدار دەزانێت کەنابێت لاببرێت یان کۆمارەکەی بڕووخێت.

لەسەر ئەو بنەمایە لەخۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان دەستبردن بۆ مێزەری ئاخوندەکان و بەدیاریکراوی ئەوانەی لایەنگری کۆماری ئیسلامی بوون، بوو بەدیاردەیەکی باوو تائێستاش خستنەخوارەوەی مێزەری ئەو ئاخوندانە بەردەوامەو ئەوەش بە ئامانجگرتنی ئەو بنەما و باوەڕانەیە کەکۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەری دامەزراوە.

هەر لەو سۆنگەیەوە کۆماری ئیسلامی خۆی بەدوایین دەسەلاتی ئێران دەزانێت و ئەوەش وایکردووە زیاترین تۆمەتی دژایەتی خودا بخرێتە پاڵ گەنجان و خۆپیشاندەران بەوەش نەیاران و خەڵکی نارازیی لەو دەسەلاتە پەلکێشی بەردەم پەتی سێدارە بکرێن، بۆیە تائێستا زیاتر لە ١٠٠ دەستگیرکراوی نارەزایەتییەکان تۆمەتی (محارب) خراوەتە پاڵیان و تا ١١٤ رۆژی نارەزایەتییەکانیش چوار گەنج بەو تۆمەتەو هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی ئێران لەسێدارە دران.

## شۆڕشی هەژاران

بەرپرسان و کەسایەتییە دیارەکانی ناوخۆی ئێران حاشا لەوە ناکەن کەوڵاتەکەیان لەقووڵترین قەیرانی مێژوویی خۆیایەتی و ئەحمەد تەوەکولی، نوێنەری پێشووی تاران لەپەرلەمان و ئەندامی ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وتوویەتی: دۆخی بژێوی و ئابوریی دانیشتوانی ئێران زۆر خراپەو دورنییە شۆڕشی هەژاران لەوڵاتەکەدا سەرهەڵبدات و داواشی لەدەسەلاتدارانی وڵاتەکە کردووە کە بەجۆرێک هەڵسوکەوت نەکەن دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵ دەربچێت و ئێران «ژێرو ژوور» بێت.

موحسین هاشمی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای تاران و کوڕی عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی کە باوکی یەکێک بووە لەدامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەئێران بە رۆژنامەی (جمهوری ئیسلامی) راگەیاندووە؛ ئەو کۆدەنگییە نێودەوڵەتییەی ئێستا لەدژی دەسەلاتی ئێران هەیە لەمێژووی وڵاتەکە و تەنانەت هیچ وڵاتێکی جیهانیش هاوشێوەی نەبووەو سزاکانی ١٥ ساڵی رابردوش بناغەی ئابوریی و توانای وڵاتەکەی لاواز کردووە و داهاتی نیشتیمانیشی زۆر دابەزاندووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### هیلاکی دەسەڵات و پرستی خۆپیشاندەران

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەوتارێکدا ئاماژەی بەوە کردووە لەساڵی ١٩٧٨ خەڵکی ئێران بەدەستی بەتاڵەوە بەرامبەر سوپای پەهلەوی شۆڕشیان کرد کە بەچوارەم سوپای بەهێزی جیهان لەو سەردەمەدا ئەژمار دەکرا، بۆیە دوور نییە شۆڕشی خەڵکی وڵاتەکە جارێکی دیکە دژی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران سەرکەوتن بەدەستبهێنێت سەرەڕای ئەو توندوتیژیانە

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕیکەوتی: ١٤ی جانیۆیری ٢٠٢٣

---

## میدیای ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان




### ڕامان هەورامی، دیاکۆ هەورامی

میدیا یەکێک لەو ئامراز و کەرەستانەی سەردەمە کە ڕۆڵێکی یەکجار زۆری لەسەر ڕای گشتی هەیە. ڕای گشتی لە سەرەکیترین پێناسەیدا واتە هاوشێوەیی و هاوبەشی ڕوانین و بۆچوونی زۆرینە بۆ کۆمەڵێک پرسی گشتی، ڕای گشتی دەتوانێت کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر پرسە گشتیەکان، نۆرمەکان و ئاراستەی ڕووداوەکان هەبێت. بۆیە بەردەوام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕای گشتی شوێنی پێکدادانی گوتارە جۆراوجۆرەکانە، لەم ڕوانگەوە هەر حیزب یان لایەنێکی دەسەڵاتدار بیهەوێت بەردەوامی هە بێت لە دەسەڵاتداری دەبێت هاوکات لە گۆڕەپانی شەڕی ڕای گشتیدا بەشدار بێت. لە بەرانبەریشیدا هەر هێز و لایەنێک بیهەوێت دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت دەبێت لە ڕای گشتیدا بتوانێت دەسەڵات لە لایەنی بەرانبەر بستێنێتەوە، لە ڕەهەندی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە ڕای گشتی سەرچاوەی ڕەوایی بۆ هێز یان دەسەڵاتی سیاسیە، ڕەوایی خۆی یەکێک لە کۆڵەکەکانی بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسیە. بۆیە ڕای گشتی فاکتورێکی زۆر گرینگ لە بەردەوامبوون یان نەبوونی دەسەڵاتی سیاسییە.

ئامرازەکانی کاریگەری و کارتێکەری لە سەر ڕای گشتی زۆرن کە باسکردن لەسەر هەموویان بەدەر لە ئامانجی ئەم بابەتەیە.

بێ گومان بە هۆی ئەو پێگەیە کە میدیا لە ژیانی تاکیی و کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هەیەتی، ئەگەر نەڵێین گرینگترین ئامراز بە دڵنیاییی دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرینگترن ئامرازەکانی کارتێکەری لەسەر ڕای گشتییە، بۆیە ئەم باسە کاتێک گرینگتر ئەبێت کە ئێمە دێین باس لە سەر ئەو دەزگا زەبەلاحە میدیاییانە دەکەین کە هەوڵ ئەدەن هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەخۆ بگرن، واتە ئەو میدیا زەبەلاحانە کە داڕێژەری پڕۆگرامن بۆ هەموو بەشەکان، لە پڕۆگرامی فیزیکی کوانتۆمەوە تاکوو جۆری پەیوەندی سێکسی. ئەم میدیا زەبەلاحانە کە خاوەن گشتیەتێکی پڕۆگرامین، خاوەن بەردەنگێکی یەکجار زۆریشن و لە هەمان کاتدا، ئەم میدیا گشتیانە بە گشتی پەیرەوی دوو جۆر یاسان: یەکەم کۆمەڵێک یاسای حکوومەتی و نیشتیمانی، دووهەم کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی ڕێکخراوەیی و دامودەزگایی، ئەم یاسا و ڕێنماییە ڕێکخراویانە ڕۆڵێکی یەکجار گرینگیان هەیە لە جۆری ڕووماڵی ڕووداوەکان یان جۆری داڕشتنی پروگرامەکان.

لە واقعدا ئەم یاسا و ڕێنماییە ڕێکخراویانە خۆیان پشت بەستوو بە گوتارێکی تایبەت یان پلەتفورمێکی دیاریکراون بە واتاییێکی تر، گوتار یان پلەتفۆرمی پشتی ئەو یاسا و ڕێنماییانەیە کە دیاری دەکەن لە ناو ئەو هەموو ڕووداوانە دا کام ڕووداو ڕوومال یان کامەیان زەق بێتەوە، بۆیە ئێمە هەمووکات دەبینین کە لە نێوان چەند میدیای گشتیدا هاوکات چەن هەواڵ یان ڕووداوی جیاواز زەق دەکرێتەوە یان ڕووماڵ دەکرێن. ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ پلەتفۆرم یان گوتاری ڕێکخراوەیی ئەو میدیایە کە لە ڕێگای کۆمەڵێک یاسا و ڕێنماییەوە بە سەر میدیاکەدا دادەسەپێت.

بە زمانێکی تر هەر کام لەم دەزگا میدیاییانە خاوەن پێناسەی تایبەت بە خۆیانن، لەم ڕووەوە ئەم میدیا گشتیانە جۆرێک نایەکسانی لە ڕووماڵی هەواڵ و ڕووداوەکان دەردەخسێنن واتا بەپێ ئەو گوتار و پێناسە کە هەر میدیایەک هەیەتی زۆرتر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەرکیز دەخاتە سەر هەواڵ و بابەتی گونجاو لە گەڵ پێناسە و پلەتفۆرمی خۆی. خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە ئەم میدیا گشتیانە خاوەن جۆرێک لە ڕۆڵی گێڕانەوەن؛ بەڵام ئەم ڕۆڵی گێڕانەوەیە چییە و چۆن کار دەکات؟

ڕووداوەکان بۆ ئەم میدیا گشتیانە زۆربەی کات وەک دێیتایەکی خاو دەرئەکەون بۆیە ڕووداوێک کە وەکوو ئەمری واقێع بووە لە کاتی ڕوومالّی لە میدیا گشتیەکاندا ئەچێتە ناو پرۆسەی ڕووماڵەوە ئەم پرۆسەی ڕووماڵە هەمان پرۆسەی گونجاندنی هەواڵەکانە لە گەڵ پلەتفۆرم و گوتاری دیاریکراوی ئەم میدیا گشتیانەدا، لێرەدایە کە هەواڵ یا ڕووداوەکە وەک دێیتایەکی خاو لە ڕێگەی هەواڵنێر، شرۆڤەکار، پێشکەشکار و هتد... دەچێتە ناو یاسا و ڕیسای گوتاری پشت ئەو میدیایە، بە زمانێکی سادەتر هەواڵ یان ڕووداوەکە وەک دێیتایەکی خاو لە پرۆسەی ڕوماڵ دا دەچێتە ناو شکڵ دان و فۆرم دانەوە. ئەم فۆرم دانەش بەپێی یاساکان، گوتار و پێناسەی ئەو میدیا دەبێت.

تا ئێرە هەوڵ درا کە باس لە کۆمەڵێک مێکانیزمی گشتی بکرێت کە چۆن ئەو دەزگا میدیا گشتیانە بە کاری دێنین بۆ بەکارهێنانی ڕوومالّی هەواڵەکان و ڕووداوەکان. ئەم مێکانیزمە بۆیە باس کرا بۆ ئەوەیکە چەند خاڵی گرنگ ڕوون بێتەوە:

**یەکەم**: لە بنەڕەتدا میدیای گشتی بێلایەن یا سەربەخۆ بوونی نییە؛

**دووەم**: میدیا گشتیەکان بە عام جگە لە ئەو یاسا گشتی و حکوومییانە هەر کام خاوەن گوتار، پلەتفۆرم و پێناسەی تایبەت بە خۆیانن کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر جۆری شرۆڤە، دەستنیشان کردن و ڕوومالّی هەواڵ و ڕووداوەکان هەیە؛ و

**سێیەم**: سیاسەتی میدیایی، میدیا گشتییەکان لە ڕوومالّی هەواڵەکان و ڕووداوەکان یان داڕشتنی پرۆگرامەکانیان لە پلەی یەکەمدا پاراستنی بەرژەوەندیی گوتار و پلەتفۆرمی میدیای خۆیانە. بە پێی ئەم خاڵانە کە باسکرا میدیا گشتییەکان بە هۆی ئەو گشتیەتە پرۆگرامیانە کە هەیانە خاوەن بەردەنگێکی زۆریشن بۆیە دەتوانن لە ڕێگای ئەو مێکانیزمە میدیایانەوە سیاسەتی میدیایی و گوتارێکی تایبەت بەسەر بەردەنگەکانیاندا بسەپێنین. دەزگا میدیاییە گشتییەکان لە ڕێگای سەپاندنی گوتاری میدیایی خۆیانەوە دەتوانن کۆمەڵێک نۆرم و جیهان بینی بۆ بەردەنگەکامیان بخوڵقێنن، ئەمە ڕێک ئەو چرکەساتەیە کە میدیا گشتییەکان کارتێکەری و کاریگەریان دەبێت لەسەر ڕای گشتی.

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دالی ناوەندی ئەم خەباتە نەهێشتنی چەوسانەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەییە، بۆیە بەردەوام گوتاری کوردایەتی گوتاری هێژمۆنی ئەم خەباتە بووە، ئەم ڕووانگە بە هیچ جۆرێک نکۆڵی لە مێتۆدی جیاواز بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم خەباتە نییە. بەڵام بەداخەوە لە چەند دەیەی ڕابردوودا کە ڕۆژبەڕۆژ ڕۆڵی میدیا زیاتر و زیاتر بووە، خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵات نەیتوانیوە گوتاری خۆی بە شێوازێکی پان و بەرین لە ڕێگەی میدیاوە پەرە پێ بدات. بەشدارنەبوونی بە هێزی میدیایی گوتاری "کوردایەتی" دەرفەتی بۆ میدیانەیارەکانی ڕەخساندووە کە کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی ڕۆژهەڵات دابنێن. دیارە لێرە مەبەست لە نەیار' هەر جۆر ڕوانگە و گوتارێکە کە دژ بە داوای مافە ڕەواکانی کورد وەک نەتەوەیەکە.'

پێویستە لێرەدا نەیارەکانی کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا بە سەر دوو لایەنی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن دابەش بکەین. دیارە میدیای سەر بە دەسەڵات نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر ڕای گشتی ڕۆژهەڵات هەبێت و ئێمەش لێرە نامانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە. بەڵام میدیای فارسی زمانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵێکی بێوچانی داوە بۆ کارتێکەری لەسەر ڕای گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەم هەوڵە لە ڕێگەی پەرەپێدانی ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە بووە، واتە ناسیۆنالیزمی ئێرانی گوتار، پلەتفۆرم، و پێناسەی ئەم میدیایانەیە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەم خاڵە بدەین کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بناخەی دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێرنی ئێرانیەوە لە تەنیشت ئەمەوە مێژووی بزووتنەوەی کوردیش هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانییەوە کە پشت بەستوو بە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی بووە دژە بەم گوتارە وستاوە. لەم ڕووەوە پەرەدان و هێژمۆنیک کردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەوڵی ڕاستەوخۆیە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

میدیای فارسی زمانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە هەوڵدایە لە ڕێگەی میدیا گشتییەکانیەوە "ئێمە"یەک دروست بکات کە لەسەر یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئاڵا و یەک کولتوور وەستاوە؛ ئەمە لە کاتێکدایە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن نەتەوە، زمان، ئاڵا و کولتووری خۆیەتی. بەم پێیە میدیای فارسی زمانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە هەوڵی سڕینەوەی زمان، کولتوور، ئاڵا و پێناسە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لێرە هەوڵ دەدەین چەن مێکانیزمێکی میدیای فارسی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دروستکردنی ناسنامەیەکی ئێرانی دەستنیشان بکەین:

**یەکەم**: پێناسەی نەتەوەی کورد وەک قەوم یا عوشیرەیەکی ئێرانی؛

**دووەم**: بە فەرمینەناسینی زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ و ناساندنی زمانی کوردی وەک لەهجە و گویش؛

**سێیەم**: پەردەان بە مۆسیقا، سینەما، ئەدەب و هونەری ئێرانی و سانسۆری مۆسیقا، سینەما، ئەدەب و هونەری کورد؛



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**چوارەم**: نیشاندانی سیمای کولتووری کورد وەک کولتوورێکی دواکەوتوو و لە هەمان کاتیشدا نیشاندانی سیمای کولتووری ئێرانی وەک کولتوورێکی پێشەکەوتوو و جیهانی؛

**پێنجەم**: رووماڵی هەواڵەکانی کوردستان و شرۆڤەی ئەو رووداو و هەواڵانە لە رێگای ئەو کارناس و شرۆڤەکارانەی کە خاوەن گوتار و هزری ناسیۆنالیزمی ئێرانین و سڕینەوە و سانسۆری دەنگ و هزری ئەو کەسانەی کە وا سەر بە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی نین.

بە پێ ئەم مێکانیزمانە کە باس کران میدیای فارسی زمانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ڕوونی بابەت و پرسی کورد و کوردستان یا سانسۆر دەکات یا لە رێگای کارناس و شرۆڤەکارەکانییەوە رەنگ و بۆنی ئێرانی دەداتێ. بۆ نموونە لێرە دەتوانین باسی جۆری رووماڵی هەواڵی خۆپێشاندانەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە ناڕەزاییەتیەکانی ئەم دوایانەدا بکەین. ئەوەی بۆ هەموان ئاشکرا و ڕوونە دوایین ناڕەزاتییەکان لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران دوای کوشتنی خاتوو"ژینا ئەمینی" دەستی پێکرد کە هەر لە هەنگاوی یەکەم میدیا فارسییەکان نێوی کوردی و یەکەمی ژینا کە تانەت دایکیشی بەو ناوەی بانگی دەکرد سانسۆریان کرد و ناوی دووهەمی "مەهسا ئەمینی"یان زەق کردەوە.

دیارە شەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەتا لە شاری سەقز و سنە بە دروشمگەلێکی وەک "ژن، ژیان، ئازادی"، "کوردستان کوردستان گۆڕستانی فاشیستان"، "داگیرکەری ئێرانی قاتڵی ژیانامانی"، "بژی کوردستان" دەرکەوت، بەڵام میدیای فارسی زمانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەنیا ڕووماڵی دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" کرد، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ناوەڕۆکی ئەم دروشمە جەخت لە سەر خواستە جیهانییەکانی ئازادی ژنان ئەکات و بە ڕوونی باس لە خواستە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد ناکات، بۆیە میدیای فارسی زمانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەنیا ئەم درووشمەی ڕووماڵ کرد و ئەو درووشمانەی تر کە لەلایەک باسیان لە ناسنامەی کوردبوون دەکردەوە و لەلایەکی دیکەوە "ئەوویتیری" کوردیان بە ئامانج گرتبوو – وەک لە نموونەی داگیرکەری ئێرانیدا - سڕیەوە لە هەمان کاتدا میدیای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هاوکات لەگەڵ تەشەنەسندنی ناڕەزایەتیەکان هەوڵی دا دروشمگەلێکی فارسی، بە ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە وەک" مرگ بر دیکتاتور، مرد میهن آبادی، ایرانی باغیرت حمایت حمایت..." بە سەر شەقامی کوردیدا بسەپێنێت.

ئەمە لە کاتێکدا بوو دروشمی "کورستان کوردستان گۆڕستانی فاشیستان" کە هەڵقوڵاوی ڕۆژی یەکەمی ناڕەزاتییەکانی شەقامی کوردی بوو نیشاندەری خواستی نەتەوەیی کورد بوو کە ئەویش کوتایی هێنان بە فاشیزمی ئێرانی بوو. بەڵام دروشمی" مرگ بر دیکتاتور" خواستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوو کە ئەمە دەرخەری سنووری خواست و داواکارییەکانی ئێمە و ئەوانە؛ کێشەی شەقامی کوردی کۆتایی هێنان بە فاشیزمی ئێرانییە؛ جا چ لە فۆرمی کۆماری ئیسلامی و چ لە فۆرمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاشایەتیدا. بەڵام کێشەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی  تەنیا کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری کۆماری ئێسلامییە.

دیارە ئەم نموونە کە باس کرا تەنیا نموونەیێکی بچووکە لەو مێژووە درێژە لە هەوڵی میدیای فارسی زمانی ئێرانی بۆ داسەپاندی گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی. ئاشکرایە ئەم هەوڵانە نەک هەر بەردەوام دەبن بگرە چڕتریش دەبنەوە، بۆیە پێویستە ئەکتەرەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر لە ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بکەنەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕیکەوتی: ١٥ی جانیۆیری ٢٠٢٣

---

## دۆخی کوردستان دوای مەرگی ژینا




**بابان ئەلیاسی**

دیارە خۆپێشاندانەکان لە ئاکامی توندوتیژی و شەهید بوونی ژینا ئەمینی بوو، بەڵام هۆکاری تەقینەوەی ڕووداوەکان لە ئاکامی چەندین دەیە داخرانی سیاسی، نەبوونی ئازدی و داڕووخانی دۆخی ئابووریە. ڕووداوی کوشتنی ژینا، پرسی کوردی رژهەڵاتی کوردستانی بە شێوەیەکی بێوێنە هێنایە سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و ناوچەکە و بگرە ئاستی نێودەوڵەتیش. بۆیە دەکرێ وەک ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەڵەم بدرێ. پێچەوانەی شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩، ئەمجارە برووسکەی خۆپێشاندانەکان لە پەراوێزەوە، واتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ شارە گەورەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەک تاران و هتد دەستی پێ کرد. بۆیە گرنگی پێگەی سیاسیی گەلی کورد و شۆڕشەکەی چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی دەردەخا. ئەم خۆپێشاندانانە لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی لە ئێران جیاوازی دیکەی هەیە. بۆ وێنە جیاوازیی ئەم خۆپێشاندانانە، لە گەڵ "بزووتنەوەی سەوز"ی ساڵی ٢٠٠٩، ئەوەیە کە ئەم نارەزایەتییە ئامانجی گۆڕینی تەواوی سیستمە؛ بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩دا خۆپێشاندانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی داوای چاکسازییان دەکرد. دروشمی سێ کوچکەی ژن، ژیان، ئازادی بۆتە پاڵنەری سەرەکیی بزووتنەوە سەراسەییەکە. خۆپێشاندانەکانی پێشوو، وەک ئەوەی بزووتنەوەی سەوز، وەک شەهیدبوونی شوانە قادری، خۆپێشاندانەکانی ئەهواز، یان ئەوەی ناوچە فارسنشینەکانی ئیسفەهان و یەزد و هتد هیچیان لە سنووری ئێتنیکی تێنەدەپەڕین. ئەمجارە هاودەردی و یەکگرتوویەکی ڕێژەیی لە ناوچە غەیرە-کوردەکان لە گەڵ خەڵکی کوردستان زۆر بەربڵاو بوو.

دەستووری ئێران، کۆمەڵێک یاسای تێدایە کە لەسەر بنەمای ڕەگەزی ڕەوایی بە هەڵاواردن دژ بە ژنان دەدات. بە حوکمی ئەوەش کە پرسی هەڵاواردن دژ بە ژنان، پرسێکی سەروو-ئێتنیکە و ژنانی سەرانسەری ئێران لە گەڵی ڕووبەڕوون. ڕووداوی ژینا بوو بە هاندەری هاوبەش بۆ سەرانسەری بوونی خۆپێشاندانەکان. بەشداریی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران، کە نارەزایەتیەکانیان دژ بە ڕژێم پەنگی خواردۆتەوە، گرووتینی زیاتری بە خۆپێشاندانەکان دا.

بانگەوازی مانگرتن لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک بۆ دەربڕینی نازەڕایەتیی دژی کوشتنی ژینا ئەمینی و، وەدەنگەوەهاتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات، لە بواری پێگەی سیاسیەوە، باوەڕبەخۆبوونی هەم لای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، هەم لای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەهێزتر کرد. ئەم ڕووداوە وای کرد هەموو چین و توێژەکانی خەڵکانی ئێران و تارادەیەکی زۆر، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ئەو ڕاستییە ببینن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، پێگەی جەماوەریان هەیە و بە کردەوە خەڵکی کوردستان پشتیوانیان لێ دەکەن. هەرچەند دەبێ بگووترێ کە هەمووی ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە سەر شەقام و خۆپێشاندان دەکەن، ئەندامی حیزبەکان نین، بەڵام لە ئاکامی هۆشیاری سیاسیی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا، پێگەیشتنی سیاسی هەم لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە و هەم لە لای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە دەردەخا. ئەم پێگەیشتنە سیاسییە لە هەڵوێستی حیزبەکان ڕەنگی داوەتەوە، کاتێک بە سەر جیاوازیە فیکری و ئیدۆلۆژیکییەکانیاندا تێپەڕین و بە بەیاننامەی هاوبەش و هاوهەڵوێست، داوایان ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد.

بەرجستەنەکردنی پرسی شوناس، نە لە لایەن حیزبەکانەوەو نە لە لایەن زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە، هەوڵدانێکی بەجێ بوو بۆ گرێدانی خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشەکانی دیکەی ئێرانەوە. هەنگاوێکی دروستە لە ئاراستەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرژەوەندیەکانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان. دیارە ئەم هەوڵە سەروو-ئیتنیکیە، بۆچوونێکی بەجێیە، چوونکە ئامانجی زۆربەی حیزبەکانی رۆهەلات کە پێگەی جەماوەریان هەیە، دیاری کردنی مافی چارەنووسە لە چوارچێوەی خاکی ئێران. ئەمەیش ناتەبایی نیە، لە گەڵ گرێدانی خەباتی رووخانی کۆماری ئیسلامی، بە بەشەکانی دیکەی ئێرانەوە. سەرانسەری بوونی خۆپێشاندانەکان و بەشداریی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران، بە تایبەت ناوچە فارسنشینەکان، تەنها هۆکار کوژرانی ژینا ئەمینی نەبوو، بەڵکوو سەبەب پەنگخواردنەوەی ساڵەها نارەزاەیەتی لە هەمبەر سەرکووت، دۆخی خراپی ئابووری، گەندەڵی، نەبوونی ئازادی و شکست لە مودیریەتی ئێران دایە.

لە ماوەی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، رژێم هەوڵی داوە لە لایەک کۆماڵگا بە سەر خودی و ناخودی، لە لایەکی دیکەوە بۆ کۆنترۆڵی کردنی کۆمەڵگا، رژێم پشتی بەستووە بە سیاسەتی دابەش کردن بۆ ئەوەی باشتر حوکمڕانی بکات. بە جۆرێک توانی کۆمەڵگای ئێرانی ئەتۆمیزە بکات. ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە جەمسەرگیری لە لایەکەوە دانیشتوانی پیاو لە بەرامبەر ژنان، ئایینی شیعە دژی سوننە، گرووپە نەتەوەییەکان یەکێک لە بەرامبەر ئەوی تر. سەبارەت بە کورد، کۆماری ئیسلامی لە هیچ پرۆپاگەندایەک بۆ بەشەیتانکردنی گەلی کورد و حیزبەکانی خۆی نەپارستووە. بۆیە سرووشتیە رژێم هێرش بکاتە سەر کوردستان و، لە پیلانی جۆراو جۆر کەڵک وەربگرێ و هەست و سۆزی ئایینی و نەتەوەیی دژ بە گەلی کورد و حیزبەکانی بجووڵێنێ. ماوەی چەند دەیەیە، کوردی وەک گەلێکی دڕندەوە و، لە جنسی جنۆکە، سەربڕ و هتد پێناسە کردووە. هەتا ئەورۆشی لەگەڵ بێت، کورد وەک هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران دەناسێنێت. ساڵانێکی زۆرە کوردستان وەک پرسی ئەمنییەتی و گەورەترین هەڕەشە و ترس و توندوتیژی بۆ سەر خەڵکی ئێران دەناسێنێ. فتوای جیهادی خومەینی دژی کورد، هەتا ئەورۆ هەڵنەوەشاوەتەوە. بۆ تەبلیغی ئەم سیاسەتە، لە هەموو کاناڵەکان: ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بڵاوکراوە و کتێب و بیرەوەریک کەڵک وەرگیراوە.

بەڵام رووداوەکانی ئەم جارە دەریخست کە، لە لای بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگای ئێران، هیچ لەو سیاسەتانەی سەرەوە کە کۆماری ئیسلامی لە پێشی گرتبوون، نە پرۆپاگەندا و ترساندنی خەڵک، لە بە سوورییەیی بوونی ئێران، نە پرسی (تەجزیەتەڵەبی کورد) و هتد، برەویان نەماوە و خەڵک گوێڕایەڵی ئەو دروشمانە نابن. ئەم حەرەکەتەی خەڵکانی ئێران، پێچەوانەی ئەو بانگەشانە بوو کە بەردەوام رژێم و ناوەندگەراکان دەیانکرد کە هەر هاودەنگی و هاوکارییەک، لە نێو گەلانی ئێران، مەترسی بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران دروست دەکا.

پەلاماری رژێم بۆ سەر بنکەی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستان، چاوەڕوانکراو بوو. هێرشەکانی رژێم بۆ سەر حیزبەکانی رۆژهەڵات، تەنها بۆ بەلارێدا بردنی رای گشتی لە سەر خۆپێشاندانەکانی ناوخۆ نەبوو، بەڵکوو بە کردەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حیزبەکانی رۆژهەڵات وەک مەترسی گەورە کە ببن بە چەقی دروستکردنی ئالترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی دەبینێ. بۆیە زۆر بە ئاسانیش دەستهەڵناگرێ لە هێرش کردنە سەر حیزبەکان و بۆ لاواز کردنیان هەموو کارێک دەکا. دیارە، جیا لە کۆماری ئیسلامی، زۆر لایەن و ئەوپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامیش، پێیان ناخۆش نابێت کە کورد و حیزبەکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، لاواز بکرێن، بۆ ئەوەی خۆیان مەترەح ببن. جیا لەوە، بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆن، کورد وەک مەترسی بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران دەبینن. نەک حیزبەکانی رۆژهەڵات، بەڵکوو، رژێم دەیهەوێ تا بۆی بکرێ هەرێمیش ناسەقامگیر بکات.

گۆڕانی جۆری خەبات و بەهێزبوونی بزوتنەوەی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رێژیمی ئاخوندەکانی تووڕە کردووە. رژێم ئێستا لە گەڵ خەباتی نافەرمانی گشتی لە رۆژهەڵات رووبەڕوویە، سەرکووت کردنی زۆر زەحمەتترە تا هێرشی سەربازی بۆ سەر حیزبەکانی رژهەڵات.

پارستنی یەکرێزی و یەکهەڵوێستی حیزبەکانی رۆژهەڵات و خەڵکەکەی لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە. دوا خۆپێشاندانەکان نیشانیاندا کە پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی بەهێز لە نێو خەڵکی رۆژهەڵات و حیزبەکانی هەیە و دەبێ بپارێزرێ. ئێستا تۆپەکە لە مەیدانی خەڵکی رۆژهەڵاتە، بە گووشار دروست کردنی مەدەنی دەتوانن بە کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن کە ئیدی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ هەموو خەڵکی کوردستان تەرەفە نەک تەنها حیزبەکانی. رژێم کە لە گەڵ نافەرمانی مەدەنی لە رۆژهەڵات رووبەروویە، دەیەوێ شێوەی خەباتەکە بگوێزێتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەکداری. بۆیە حیزبەکانی رۆژهەڵات نابێ بکەونە ناو ئەو یارییەی رژێم.

کوردی رۆژهەڵات دەبێ بۆ هەموو ئیحتیمالاتەکان خۆی ئامادە بکات. لەوانە ئەگەری دووپاتبوونەوەی سیناریوی سووریە هەیە. بەو مانایە کە خۆپێشاندانەکان لە پایتەخت و دەوروبەری بەردەوام بن و، رژێم بۆ پاراستنی خۆی، هێزەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکێشێتەوە بۆ پاراستنی پێتەخت. سناریوی دوەم دەتوانێ ئەوە بێت کە خۆپێشاندەکان بەردەوام بن و رژێم بەرەو رووخان بڕوات. بۆ ئەوەی ئەم سیناریوە سەربگرێ، دەبێ حەڕەکەتە بەرفراوانتر و قووڵتر ببێ. واتە خۆپێشاندانەکان لە حاڵەتی خۆپێشاندان بگۆڕدرێ بۆ مانگرتن لە ئیدارە دەوڵەتییەکان وەک ئەوەی ئێستا لە زانکۆکان روو دەدا. دیارە بەبێ هاتنە پاڵی مانگرتنی کەرتی ئابووری، وەک کەرتی پیشەسازیی نەوت، کەرتی گواستنەوە ... رووخانی رژێم هێشتا زەحمەتە. مانگرتن لە هەندێک لە کەرتە ئابووریەکان، ئەگەری رووخانی کۆماری ئیسلامی زیاتر و خێراتر دەکا. هەندێک لە شۆڕشەکان بۆ رووخانی رژێمێک، چەندین حەفتە درێژە دەکێشن، وەک ئەوەی میسر، هەندێک جاریش چەندین مانگ و ساڵ، وەک ئینقیلابی فەرەنسە. دیارە لەم سەردەمەدا، ئامرازەکانی رووخانی یەک رژێم، جیاوازیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەیە لە گەڵ رابووردوو، وەک تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و هتد.

لە سیناریۆی سێیەم، ئەگەر ڕژێم سەربکەوێ لە دامرکاندنەوەی خۆپێشاندانەکان و ئەوکات تۆڵە لە گەلی رۆژهەڵات بکاتەوە. ئەم حاڵەتە لە دژی تامیلەکانی سریلنکا رووی دا و تووشی قەتڵی عام هاتن و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هاتن. بەڵام ئەم ئیحتیمالە بە دوور دەزانم، چوونکە تامیلەکان پەنایان بردە میتۆدی توندووتیژی و کۆمەڵگای نێودەوەتی هاوڕایان نەبوون.

لە ئەگەری سیناریۆی سێیەم، واتە تۆڵەکردنەوە لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە حوکمی ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە نزیکەوە چاوەدێری و بەدواداچوون بۆ دۆخی ئێران دەکا و ناڕەزایەتی لەهەمبەر توندووتیژیەکانی کۆماری ئیسلامی بەرزبۆتەوە، حیزبە کوردستانیەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکانی سیاسی کورد، دەکرێ کار بکەن بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی پرسەکە و دەستێوەردانی نێودەوڵەتی. یاسای نێودەوڵەتی لە قۆناغێک لە سەرکووت، ئیجازەی دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی دەدات.

**کۆبەند:**

لە ئاکامی ئەم خۆپێشاندانانە، کە هەڵاواردنی جێندەری یەکێک لە بزوێنەرە سەرەکیەکانیەتی، ئەگەری زۆری هەیە یەکێک کە لانیکەم تا چەندین نەوەی دیکە، پرسی ژن بە خێراپی وەک پێش کوژرانی ژینای لێ نەیەتەوە. ڕژیمیش هەرچەند نایهەوێت لە حاڵەتی مانەوەی، ناچارە ئەو ڕاستیە قەبووڵ بکا، کە ناتوانێ وەک لە داهاتوو دا، سیاسەتەکانی ئێستای دەرحەق بە ژنان درێژە پێ بدا و ناچارە بەسیاسەتەکانیدا بچێتەوە. خاڵێکی گرنگی دیکەی ئەم خۆپێشاندانانە ئەوەیە کە پرسی کورد لە رۆژهەڵات بە هۆکاری جیاجیا لەوانە بەهێزبوونی کۆماری ئیسلامی لە یەک دوو دەیەی ڕابووردوو، تووشی جۆرێک فەرامۆشی هاتبوو، بە گشتی تیشکی میدیا و لێکۆڵینەوەکان خرابووە سەر کوردی پارچەکانی دیکە، بەشێوەیەکی ئەتوانی بڵێین بێ وێنە، پرسی رۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکەکەی و هێزە سیاسیەکەی، چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەهێزەوە هاتە نێوگرەپانی سیاسیی ئێران. سەبارەت بە کاریگەرییەکانی خۆپێشاندانەکان یەکێک لەو دەستکەوتە گرینگانەی دیکەی خۆپێشاندانەکان تا ئەم قۆناغە، شکانی هەیبەتی ڕژێم و بەرزبوونەوەی وەرەی خەڵکە بە جۆرێک تا ڕادەیەکی زۆر دیواری ترس لای خەڵکە شکاوە.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ریکەوتی: ١٥ی جانێویری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەرچوون لە «گێڕانەوەی سەروەر» و «گوتاری زاڵ»



د. ڕەحیم سورخی

ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دوارۆژی نەتەوەکان لە پێکهێنانی دەسەڵاتدا پێویستیی بە هاوکاریی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و بەشداریی پێکهاتە نەتەوەییەکانە. هەرچەند ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی زیاتری هێز و قایم کردنی پێگەکانیش شتێکی ئاساییە. بەتایبەتی، دروستکردنی ئەجێندای سیاسیی تایبەت و بەمیدیایی کردنیشی هەوڵێکە کە هەر لایەنێک دەیهەوێت پێگەی خۆی لە پرۆسەی گۆڕانی سیستەمەکەدا بسەلمێنێت، بەڵام نواندنەوەی ڕۆڵ و کارایەتیی ئەوانەی دیکەش وا دەکات ئاستی بەشداریی لە گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەرتر و بەرچاوتر بێت. لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژیناوە، شێوەی نواندنەوەی کورد و کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی لە میدیا فارسییەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەڵام هەوڵیش دراوە لە چوارچێوەی «گوتاری زاڵ» و «گێڕانەوەی سەروەر»دا بخرێنە ڕوو. زۆر گرنگە کە کورد چۆن لەگەڵ بەشدارییەکەیدا، لەسەر مافە بنەڕەتییەکانی پێداگری دەکات و، تەنیا دەورێکی ئامرازییانە بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ئێران ناگێڕێت.

## زاڵکردنەوەی گوتاری ئێرانشاری وەک گوتاری زاڵ

گوتاری زاڵ چوارچێوەیەکی پەسندکراوی کۆمەڵایەتییە کە بەسەر هەموو پۆلێنبەندییەکانی دیکەدا زاڵە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زاراوەی گوتاری زاڵ بۆ شێوەیەکی تایبەتیی هەڵسوکەوت و ئاخاوتن بەکار دێنم کە بەهۆیەوە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵەیەکی ئاخاوتندا بایەخدار دەبن. گوتاری زاڵ ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای ئەو تاقم و نەتەوانەیە کە لە کۆمەڵدا باڵادەستن. بۆ نموونە گوتاری «یەکپارچەیی نیشتمانی» و «زمانی فارسی» لە ئێراندا لە دەوری ئاماژەیەکی سەرەکیدا بە ناوی «نەتەوەی ئێران» بەشێوەیەک نرخێندراون کە تەواوی کرداره گوتاری و کۆمەڵایەتییەکان لە دەوری ئاماژەی «ئێرانشاری»دا بایبدار دەبن و لێک دەدرێنەوە. نموونەیەک لەوە، تازەترین تویتی ڕەزا پەهلەویيە کە لەبەر کورد بوونی «محەممەد مێهدیی کەرەمی» و »محەممەدی حوسێنی» زاڵبوونی ئەو گوتارەی لە دەستەواژەی(پسران عزيز ايران )دا نواندووە. هێنانی کوڕان (پسران)لەگەڵ ئێراندا بۆ تایبتدانی بەو دوو زیندانییە کوژراوە، زیاتر لە هاودەردییەکەی، بەستنەوەی شوناسەکەیانە بە ئاماژەکانی گوتاری باڵادەستەوە کە ئێرانی بوونە. ئەوە لە حاڵێکدا شۆڕشەکە، شۆڕشێکی ژنانەشە و ژنان و کچان تەنەنات بەر لە وەرگرتنی هەر چەشنە تۆمەتێک ڕاستەوخۆ یان لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراون. ئێرانی بوون، لە گوتاری باڵادەستدا، بە واتای سەروەریی نەتەوەی فارس و ئەو دەوڵەتەیە کە ڕەزاشا دایمەزراندووە، نەک ئێرانێکی فرەنەتەوە. هەر لە سۆنگەی ئەم باڵادەستییەوەیە کە فیدرالیزم بە جیاوازیخوازی لێک دەدرێتەوە.

### قەبڵاندنی پێکهاتنی سروشتییانەی دەوڵەتی ئێرانی ئێستا لە گێڕانەوەی سەروەردا

گێڕانەوەی سەروەر، سیستەمێکی تۆکمەیە لە چیرۆکی ڕێکخراو و زنجیرەیی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و ململانێیەکان کە بە قووڵی لە کولتوورێکی تایبەتدا جێ کەوتووە. بۆ نموونە، لە مەرامنامەکەی (حزب ايران نوين)دا هاتووە کە «ئێران وڵاتێکی دێرینە و پێوەندییە نەتەوەیی‌یەکان تێیدا بە شێوەیەکی سروشتی سەری هەڵداوە و نەتەوەی ئێران چەندین سەدە پێش لە بەدیهاتنی چەمکی نوێی نەتەوە لە ئوروپادا، زۆرترین تایبەتمەندیی نەتەوەی هەبووە». ئەمە زاڵکردنی نەتەوەی فارسە و گشتاندنی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا. ئەمە شاردنەوە و هەروەها زاڵکردنی ئەو هەوڵانەیە کە لە بنیاتنانی دەوڵەتی نوێی ئێران و سەرەتاکانی یاسای مەشرووتەوە سەری هەڵداوە کە چۆن زمانی فارسی بە زمانی فەرمی پێناسە دەکات، و پاشان بە هاتنە سەرکاری حەمەڕەزا شا بزوتنەوەی نەتەوەکان بەدوای یەکتردا سەرکوت دەکات و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەونە کار بۆ باڵادەست کردنی کولتوور، زمان و شوناسی نەتەوەیەکی تایبەت(فارس) و گشتاندن و زاڵ کردنی بەسەر هەموو نەتەوەکانی غەیری فارسدا. ئەمە وا دەکات ئەو چوارچێوەیە بچەسپێیت و گێڕانەوە ڕەخنەیی و دژە گێڕانەوەکان ئەو هێزەیان نەبێت ئالنگاری بۆ باڵادەستیی هێز و باری ئێستا کە دەستڕۆیشتوویی نەتەوەی باڵادەستە، دروست بکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەکارهێنانی ئامرازییانەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە چوارچێوەی گوتار و گێڕانەوەی زاڵدا

لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژیناوە میدیا فارسییەکان شێوازێکی گونجاوتر لە پێشوویان لە نواندنی خۆپیشاندانەکانی کوردستان و بەلووچستان گرتەبەر، بەڵام بە شێوەیەکی بژارییانە ڕووداوەکان و دروشمەکانیان دەنواندەوە. بە ئەم شێوەیە و بە بەرجەستە کردنەوەی پەیامەکانی ڕەزا پەهلەوی ئەجێندای تەلەڤزیۆنی ئێران ئینتەرنەشناڵ دەریخست کە کورد زیاتر لە دەورێکی ئامرازییانەدا دەنوێندرێت. بەر لەو خۆپیشاندانانە، لە گفتوگۆکان و دیبەیتە میدیاییەکان گلەیی‌یەک لە کورد دەکرا کە گوایە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران هاوئاهەنگ نییە و، نایەتە سەرشەقام. هەربۆیە لاسەنگییەک لە بەرهەڵستیی ئەو ڕژێمەدا هەیە. نموونەکەیان خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٩٨ بوو.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە شۆڕشی ژینادا، هاوئاهەنگییەکی بەهێز و ڕێکخراوی ئەوتۆ لە ئێرانییەکان نەهاتە ئاراوە، هەرچەند لە دەرەوەی ئێران خۆپیشاندان و چالاکیی بەرچاو و کاریگەر بینرا، بەڵام ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانی ئێران کاریگەرییەکەیان بۆ هێنانی هێزی کۆمەڵایەتی لەو ئاستەدا نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا. بەتایبەتی، لایەنگرانی ڕەزا پەهلەوی، تەنانەت دروشمەکانی خەڵک لە ناوخۆی ئێراندا بەو شێوەیە نەبوون کە بە لایەنگری لەوان لێک بدرێتەوە. هەربۆیە، لە درێژەی پرۆژەی شووڕای گوزاردا، کەوتنە هەرەوزێک بۆ پێکهاتن لەگەڵ سلبریتی و کەسایەتییەکان، کە ناسراوییەکەیان لە پاڵ ڕەزا پەهلەویدا هێز بەرهەم بهێنێت. لە پاڵ ئەمەدا، پەردەیان لەسەر پرۆژەیەکیشیان لادا کە پێشتر بە کردەوە بەشێکیان جێبەجێ کردبوو، بەڵام بەو شێوەیە ڕایان نەگەیاندبوو. ئەویش، ئەندامەتیی کەسانی سیاسیی حیزبیی کورد و نەتەوەکانی دیکە وەک ئەندام و هاوپەیمان لەو شووڕایەدا بوو وەک پرۆژەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزب و بەرجەستەکردنەوەی پلەی تاکەکەسیی ڕەزا پەهلەوی لەلایەک و، بەکارهێنانی ئەو کەسایەتییانە لەبەرانبەر هێزی دیکەی نەیاریان لەناو فارسەکاندا کە مێژوویەکی لە ڕێکخستن و پێگەیەکی ڕێکخراوەیی بەهێزی هەیە وەک ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک، لەلایەکی دیکەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، فاکتەری کورد وەک هێزێکی کاریگەر دەرکەوتووە، بە بارستاییی ئەو کاریگەرییەش پێویستە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە پێناو هاوپێوەندییان لەگەڵ هێزە ئێرانییەکانی دیکەدا، هەرچەند پێویستیشە، یەکێتیی نەتەوەییی کوردیش لاواز نەکەن. وەک خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان ڕۆڵ و پێگەی بکەریی خۆیان دەربخەن، نەک بکرێنە ئامراز تا بتوانن گوتاری زاڵی تاکنەتەوەیی بۆ گوتاری فرەنەتەوەیی بگۆڕن. هەروەها گێڕانەوەی سەروەر بە دژگێڕانەوەی جێگرەوەی دیکە لاواز بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەکورتی، هەروەک چۆن بابەتی یەکپارچەیی خاکی ئێران و زمانی فارسی لای سەڵتەنەتخوازەکان و ئیلیتی نەتەوەی باڵادەست پێداگری لەسەر دەکرێ، ڕەوایە فرەنەتەوەبوونی ئێرانیش و هاوسەنگیی نەتەوەکانیش لە دارشتنەوەی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا وەک ڕێگاچارەیەکی دیموکراتیک و گوتار و گێڕانەوەیەکی جێگرەوە دەبێ پێداگری لەسەر بکرێت، بە پاراستنی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە. ئەمە گرنگە بۆ ئەوەی ڕای گشتیی ئێرانییەکان بەرەو ئەوە بچێت و داکۆکیی لێ بکات کە بەرەنگاری لەگەڵ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی و سەرەڕۆییی مەزهەبی بەواتای ڕەوایەتی دیکتاتۆریی پاشایەتی و سەرەڕۆییی سەڵتەنەتخوازانە نییە. ڕەوایەتی شۆڕشی نەتەوەییی کورد و شۆڕش بەدژی دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئاخوندیی ئێستا ئیتر حاشای لێ ناکرێت. هەر حیزب و کەسایەتییەکی کورد بە سەنگی کوردبوونییەوە قورساییی سیاسی هەیە کە نوێنەرایەتیی کورد بکات.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕیکەوتی: ١٥ی جانیوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گەڕانەوەی نۆڤەمبەری "خوێناویی" ئێران؟




نارین نوسرەتی - بلۆگی فۆلکرێشت

وەرگێڕ :کەماڵ حەسەن پوور

## بڕیاری دادگای ئابان لەمەڕ پێشێلکارییەکانی ئێران دژی یاسای ناودەوڵەتی لە ٢٠١٩، لە ڕوانگەی دۆخی ئێستای ئێران

لە ٣٠ سێپتەمبەری ٢٠٢٢، دادگای ناونەتەوەیی گەل لەمەڕ دڕندەیی ئێران (بە کورتی تریبوناڵی ئابان) دوای دوو ساڵ لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕووداوەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ لە ئێران، حوکمی خۆی ڕاگەیاند. سێ ساڵ لەوەپێش، بە هۆی چوونە سەری نرخی بەنزین خۆپیشاندانی سەرانسەری دژی دەوڵەتی ئێران دەستی پێ کرد. هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران ناڕەزایەتییەکانیان بە شێوەی دڕندانە سەرکوت کردن. دادگایەکە ژمارەیەک پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی لە لایەن دەوڵەتی ئێران و هێزە ئەمنیەتییەکان دۆزینەوە. ئەوان دەوڵەت، بە ڕێبەریی ئایەتوڵڵا خامنەیی بە جێبەجێ کردنی تاوان دژی مرۆڤایەتی تۆمەتبار دەکەن، چونکە کردەوەکان بە شێوەی سیستەماتیک، بەربڵاو و بەشێوەی پلان داڕێژراو بۆ لەناو بردنی خۆپیشاندەران بەڕێوە چوون.

کاتی حوکمەکە نەیدەتوانی [لە ڕوانگەی ڕێژیمی ئێرانەوە. و.] نەگونجاوتر بێ. لە سێپتەمبەر، ناڕەزایەتی سەرانسەری دیسان سەریان هەڵدا، کە بە کوژرانی ژنێکی ٢٢ ساڵەی کورد، ژینا مەهسا ئەمینی، لە کاتی دەستبەسەرکران لە لایەن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەشتی ئیرشادی ئێران، لەبەر پۆشینی حیجاب بەشێوەی نەشیاو، دەستیان پێکرد. لەو کاتیەوە، خەڵکی ئێران لە سەرانسەری وڵات ڕۆژانە هاتوونە سەر شەقامەکان و داوای ڕووخاندنی دەوڵەت دەکەن. لە کاتی سێهەمین ساڵوەگەڕی ڕووداوەکانی ٢٠١٩، نارەزایەتییەکان بە تایبەتی بەهێزتر بوون و مانگرتن لە وڵات دا دەستیان پێکردووە.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو پاشخانە، ئەو وتارە بە کورتی باسی حوکمەکە دەکات تا بیسەلمێنێ کە کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە تاوان دژی یاسا ناودەوڵەتییەکان بەڕێوە دەبات، کە کردەوەی خێرای ناودەوڵەتی دەخوازێ.

## لە نۆڤەمبەری ٢٠١٩ چی ڕوویدا؟

دوای دەستپێکی نارەزایەتی سەرانسەری، ئینتەرنێت داخرا و هێزە ئەمنیەتییەکان بە شێوەی توندوتیژانە دەستیوەردانیان کرد تا نارەزایەتییەکان سەرکوت بکەن. ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا خامنەیی فەرمانی "ئەنجامدانی هەر کارێک بۆ کۆتاییهێنان بە نارەزایەتییەکانی" دەرکرد بە گوێرەی شاهیدانی ناوخۆیی دادگاکە، بڕیاری تەقە درا بە سەرجەم هێزە ئەمنیەتییەکان (لاپەڕەی ٤٩٨ و دواتر). بەڵگەکانی دادگاکە ئاشکرایان کرد کە تاک تیرهاوێژ لە سەربانی بیناکان جێگیر کرابوون تا خەڵکی مەدەنی بکوژن (لاپەڕەی ١٨٣) و بە پێچەوانەی یاسای ناودەوڵەتی، کەتک لە چەک وەرگیرا (لاپەڕەی ٣٣). بە گوێرەی هەڵسەنگاندنەکان، لانی کەم ١٥٠٠ کەس کوژران و ٧٠٠٠ کەس دەسبەسەر کران، خەڵک بێ سەروشوێن کران، ئەشکەنجە کران و دەستدرێژیی سێکسییان کرایە سەر، لە ناویاندا هی کەم تەمەن.

## دادگای ناونەتەوەیی گەل لە مەڕ درندەیی ئێران چییە؟

لەبەر نەبوونی ناوەندێکی پێداچوونەوەی یاسایی، دادگای گەل لە لایەن ڕێکخراو و لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤەوە دامەزرا. بە گوێرەی پێڕەوی دادگاکە، ئامانجی سەرەکی "ئاشکرا کردنی ڕاستی و ساغ کردنەوەی لایەنی بەرپرسیار لە ژێر ڕووناکایی پرینسیپەکانی یاسا، ویژدانی مرۆڤ و دادپەروەرییە" چونکە هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە لە لایەن کۆمەڵگای ناودەوڵەتییەوە هەڵنەگیراوە. ڕاوێژکارەکان، هەم پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ، ١٦٠ کاربەدەستی ئێرانی، لە ناویاندا سەرکۆماری ئێستا ئیبراهیم ڕەئیسی-یان، بە تاوان دژی مرۆڤایەتی تۆمەتبار کرد و بەڵگەیان کۆ کردنەوە کە بۆ هەڵسەنگاندن پێشکەشی پانێلەکە کرا. ئەندامانی پانێلەکە کە بڕیاری کۆتاییان دا، یاساناسی ناسراو و سەربەخۆی ناونەتەوەیین بە ئەزموونی بەشداریی لە دادگای ناونەتەوەییەوە. ئەوان ئەرکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٩یان لە ئەستۆ بوو. بڕیارەکە هیچ کاریگەرییەکی پابەندکەری نییە و، ئێران لە دادگایەکەدا بەشدار نەبووە. بەڵام، بڕیارەکە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر لە ٦٠٠ شاهید بەڵگە و هەڵسەنگاندنی گرینگ لەمەڕ دڕندەییەکان دەستەبەر دەکەن کە دەکرێ بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی هەنووکەیی لە ئێران بەسوود بێ. بێجگە لەوە، زانیارییەکان ڕەنگبێ بۆ پرۆسەی داهاتوو دژی کەسانی بەرپرسیار بەکەڵک بێ.

بیرۆکەی دادگای گەل دەگەڕێتەوە بۆ دادگای ڕاسڵ لە ١٩٦٦، لە چوارچێوەی تاوانەکانی جەنگ کە لە شەڕی ڤییەتنام ئەنجام درابوون. لەو کاتییەوە، ئەوان بوونە ئامرازێک بۆ بیستنی قوربانییان و بەرپرسیار کردنی بکەرەکان لە کاتێکدا ئەوان لە لایەن مێکانیزمەکانی بەرپرسیارکردنی ناودەوڵەتی، دادپەروەرییان بۆ دەستەبەر ناکرێ.

## دۆزینەوە سەرەکییەکانی دادگاکە کامانەن؟

### پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ

دادگاکە پێشێلکاریی بەربڵاو و مەزنی مافەکانی مرۆڤی دۆزیـنەوە کە لە کاتی ناڕەزایەتییەکان و دواتر لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێزە ئەمنیەتییەکانی بەڕێوە چووبون.

بە گوێرەی دادگاکە، ئێران بەرپرسی پێشێلکاریی مافی دەبڕینی ئاشتییانەی ناڕەزایەتی و دەربڕینی بیروڕا بە گوێرەی بڕگەی ٢١ی پەیمانی ناونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسییە (ICCPR) لاپەڕە ٤٥٢)، کە ئێران واژۆی کردووە.
سەلمێندرا کە هێزە ئەمنیەتییەکان بە ئانقەست خەڵکی مەدەنییان کوشتووە کە ئەوە پێشێلکاریی مافی ژیان بە گوێرەی بڕگەی ٦ی پەیمانی ناونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسییە (لاپەڕە ٤٥٣).

بێجگە لەوە، هەزاران خۆپیشاندەر بە ئانقەست و لە گۆترە دەستبەسەر کران، کە ئەوە پێشێلکاریی مافی ئازادیی و ئەمنیەتی تاکەکان بە گوێرەی بڕگەی ٩ی پەیمانی ناونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسییە (لاپەڕە ٤٥٥). شاهیدان دۆخی زیندانی بوون وەک شتێکی نامرۆڤانە باس دەکەن (بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٤٨، ٣٧٠). ژوورەکانی بەندیخانە پڕ بوون لە گەناوەر و ئاودەست، ئامرازی هەواگۆڕکێ و گەرمایان نەبوو. زیندانییەکان خواردن، ئاو و دەرمانی پێویستیان پێ نەدەدرا. هێزە ئەمنیەتییەکان بەردەوام زیندانییەکانیان ئەشکەنجەی فیزیکی و دەروونی دەکرد. ژمارەیەکی زۆر شاهیدیی لەبارەی ئەشکەنجە، لە ناویاندا شۆکی کارەبایی، توندوتیژیی سێکسی، لێدان، هەوڵی خنکاندن بە ئاو و، ناچار کردنیان بەرەو دۆخی سترێس خولقێن (لاپەڕە ٤١)، پێشێلکاریی بەکار نەهێنانی ئەشکەنجە و ڕەفتاری دیکەی نامرۆڤانە لە ژێر بڕگەی ٧ی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیمانی ناونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسییە (لاپەڕە ٤٥٧).

بەشێک لە دەستبەسەر کراوان تا ئەمڕۆش بێ سەروشوێنن (لاپەڕە ٢٩٤). لە ئاکامدا، هێندێک تەرم لە شوێنی چۆلکراو دۆزراونەوە و کەسوکاریان ئاگادار نەکراونەوە (لاپەڕە ١٨٩). لەبەر ئەو هۆیە، بە گوێرەی بەڵگەکان دادگاکە باسی لەوە کردووە کە هێندێک ڕووداوی بێ سەروشوێن کردنی زۆرەملی قەوماون کە پێشێل کردنی بڕگەکانی (٣) ٢، ٧ و ٩ی پەیمانی ناونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسییە (لاپەڕە ٤٥٦).

دادگاکە هەروەها ئاشکرای کرد کە چونکە کاربەدەستان لەبەر نەدانەوەی تەرمی کوژراوەکان، پێشیان بە کەسوکاری قوربانییان گرتووە تا خۆشەویستانیان بنێژن، ئەووش پێشێل کردنی بڕگەی ١٥ی پەیمانی ناونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە(ICESCR) ، کە ئێران واژۆی کردووە (لاپەڕە ٤٦١).

دوای ڕووداوەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٩، هیچ لایەنێک بەرپرسیا نەکراوە و هیچ قەرەبوو کردنەوەیەکیش نەدراوە. لەجیاتان، کاربەدەستان چالاکانە هەوڵیان داوە ڕووداوەکان لە بیروڕای گشتی بشارنەوە. قوربانییان و کەسوکاریان هیچ جۆرە پارێزگاریی یاساییان پێ نەدراوە و لەبەر ئەو هۆیە ئێران مافی دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری لە ژێر بڕگەی ٢ی پەیمانی ناونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسی، پێشێل کردووە (لاپەڕەی ٤٠٦ و دواتر).

## تاوان دژی مرۆڤایەتی

دادگای ئابان بە پشتبەستن بەو پێناسەیەی لە بڕگەی ٧ی یاسای ڕۆمدا کراوە، چونکە هێرشەکان بۆ سەر خەڵکی مەدەنی بە شێوەی سیستەماتیک و بەربڵاو جێبەجێ کراون، ئەوان وەک تاوان دژی مرۆڤایەتی پێناسە دەکات. دەستەواژەی "بەربڵاو" ئاماژە بە ڕێژەی زۆری تاوانەکان و ژمارەی بەرچاوی قوربانییانە (لاپەڕە ٤٧٠). بێجگە لەوە، پێوەری "سیستەماتیک" پێشمەرجەکەی ئەوەیە کە ئاکارەکان لەخۆوە نەکراون بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێکخراو بوون (لاپەڕە ٤٧١).

بە گوێرەی دادگاکە، ئاکارەکانی هێزە ئەمنیەتییەکان بەشێک لە ستراتیژییەکی مەزنتر بە مەبەستی سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان بوون. دەستگیر کردن و کوشتنی لە گۆترە لە لانی کەم ٢٠ پارێزگا لە ٣١ پارێزگا تۆمار کران (لاپەڕە ٤٧٨)، و کردەوەی هاوشێوە لە سەرانسەری وڵات دووپات کرانەوە (لاپەڕە ٤٩١). بێجگە لەوە، بە گوێگرتن لە شاهیدی ناوخۆیی، پانێلەکە توانی ئەو کارانە بۆ فەرمانی دەوڵەت بگێڕێتەوە (لاپەڕەی ٤٩٦ و دواتر). بۆیە، ئەو دادگایە ئاشکرای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کرد کە چونکە هێرشەکان بۆ سەر خەڵکی مەدەنی لە سروشتدا بەربڵاو و سیستەماتیک بوون، ئێران تاوانی دژی مرۆڤایەتی بەڕێوە بردوون (لاپەڕەی ٥٣٩ و دواتر).

## ڕاسپاردەکان

بڕیارەکەی دادگاکە بە ڕاسپاردە بۆ ئێران و کۆمەڵگای ناودەوڵەتی لەمەڕ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان و لێپێچینەوە لە کردەوەکان کۆتایی دێت (لاپەڕەی ١٩١ و دواتر). ئەوانە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاماژەیەک بە دادگای ناونەتەوەیی تاوانەکان بە گوێرەی بەشی حەوتەمی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕەنگبێ بڕگەی ١٣ی یاسای ڕۆم بۆ تاوانی دژی مرۆڤایەتی بێ، دەگرنە خۆ. ئەوەش هەنگاوێکی باش دەبێ بۆ چارەسەر کردنی ڕووداوەکان لە لایەن دادگایەکی ناونەتەوەیی و هێنانە دی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان.

## دۆخی هەنووکەیی ئێران چۆنە؟

لە ١٦ی سێپتەمبەرەوە، ڕۆژانە نارەزایەتی لە سەرانسەری ئێران دەستیان پێکردووە، بە تایبەتی لە شەقامەکان، لە قوتابخانان و زانستگاکان. ئینتەرنێت، وەک نۆڤەمبەری ٢٠١٩ سنووردار کراوە. هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران دیسان بە شێوەی توندوتیژانە دەستێوەردانیان کردووە. گەلێک لە کوژراوەکان کەم تەمەنن. هێزە ئەمنیەتییەکان سەدان قوتابییان دەستبەسەر کردوون. هێزی چەکدار لە سەرانسەری وڵات هێرشیان کردۆتە سەر زانستگاکان. هێزی دادوەریی حوکمی ئیعدامی بۆ خۆپیشاندەران دەر کردووە. زیاتر لە ١٦ هەزار کەس تا ئێستا دەستبەسەر کراون، پاش داوای پارلەمان لە سیستەمی دادوەریی، هەموویان مەترسی لە سێدارەدرانیان لەسەرە.

بە تایبەتی ناوچەکانی سیستان-بەلوچستان و کوردستان، شوێنی ژیانی کەمینە ئەتنیکییەکان، لە ژێر هێرشی قورس دان. تەنیا لە زاهیدان، سەدان کەس لە ڕۆژێکدا بە تەقە کوژران. لە کوردستان باسی دۆخی شێوە جەنگ کراوە، کە بۆتە هۆی کوژرانی زۆر لە خەڵکی مەدەنی. لە شەوی ١٩ی نۆڤەمبەر، ڤیدیۆی هاوار و تەقەی تفەنگی ئۆتوماتیک لە شاری مەهاباد بڵاو بوونەوە، کە بووە هۆی مەترسی سەرکوتی بەربڵاو.

دۆخەکە لە ڕادەبەدەر ناسەقامگیرە و زۆر وێدەچێ سەرکوتی دڕندانەی دیکە بەڕیوە بچن. بێجگە لەوە، مەترسی نزیکی لە سێدارەدان لە ئارادایە کە یاسایی بوونیان بە گوێرەی یاسای ناودەوڵەتی جێگای گومانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### ئاخۆ ئێستا ئێران دیسان یاسای ناودەوڵەتی پێشێل دەکات؟

دەرئەنجامەکانی دادگای ئابان نیشانی دەدەن کە دەوڵەت بە ئانقەست خۆپیشاندەران سەرکوت دەکات. بە گوێرەی ئەو دەرئەنجامانە، دیسان زۆر وێدەچێ فەرمانی هاوشێوە لە دۆخی هەنووکەییدا درابن. شێوەی کاری هێزە ئەمنیەتییەکان هاوشێوەی سێ ساڵ لەوەپێشە. دیسان دەستگیر کردنی لە گۆترە، ڕفاندنی خۆپیشاندەران لە ئامبوڵانسی ساختەدا، لێدانی درندانە، کەڵک وەرگرتن لە چەک و تاد. بەڕێوە دەچن. چونکە هۆی هەموو ئەوانە خۆپیشاندانی هێمنانە بوون، ئێران جارێکی دیکە برگەی ٢١ی پەیمانی ناونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و هەروەها برگەکانی ٦، ٧ و ٩ی پەیمانی ناونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێشێل کردوون.

سزای لەسێدارەدان دەگەڵ ستانداردە توندەکەی برگەی ٦ (٢)ی پەیمانی ناونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناگونجێ. سزاکان بۆ کردەوەی ئەوتۆ دەرکراون کە هەموویان بە مافەکانی ئازادیی ڕا دەربڕین و ئازادی کۆبوونەوەی هێمنانە پارێزراون. ئەو کردارانە بە هیچ شێوەیەک وەک تاوانی قورس نایەنە ئەژمار. هەروەها دادگای دادپەروەرانەش بوونیان نییە، چونکە سزاکان لە دادگای ساختەدا دەدرێن. بێجە لەوانە، لێکۆڵینەوەکانی تریبونال ئاشکرای دەکەن کە سیستەمی دادوەریی گوێڕایەڵی دەوڵەتە.

بە لەبارچاو گرتنی هەڵوێستی ڕێبەری گەورە و، ئەگەری زۆری دەرکردنی فەرمانی هاوشێوەی نۆڤەمبەری ٢٠١٩، مرۆڤ جارێکی دیکە دەکرێ باسی هەڵوێستی سیستەماتیک بکات. سەرکوتی دڕندانەی نارەزایەتییەکان بە هەمان شێوە لە سەرانسەری وڵات جێبەجێ دەکرێ، بۆیە لە سروشتدا بەربڵاو و سیستەماتیکن. ئەوە بەو مانایەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دیسان تاوان دژی مرۆڤایەتی بەڕێوە دەبا.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەوە کە هێرشەکان بە تایبەتی لە کوردستان و سیستان-بەلوچستان قورسن ، کە دەیان ساڵە لە ژێر سەرکوتی لەگۆترەدان، مەترسی کۆمەڵکوژیی لە ئارا دایە.

### ڕابردووی ئێران چیمان فێر دەکات؟

ئێران چەندین ساڵە لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤەوە مەحکوم دەکرێ و مێژوویەکی دوورودرێژی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو بە کارەسـاتـ دژی هەزاران دژبەری سیاسـی لە ١٩٨٨، کە گـوایە سـەرکۆماری هەنـووکەیی، ئیبـراهیم ڕەئیسـی، تێیـدا بەشدار بووە، تاوانبار دەکرێ. پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بەشێک لە سیستەمی کۆماری ئیسلامین و ڕۆژانە بەڕێوە دەچن. بێجگە لەوە، ئێران لە سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازی سیاسیی کەڵک وەردەگرێ. جێگای سەرنجە کە زۆربەی زینـدانییانی سیاسی و کەمینەکان لە سێدارە دەدرێن. بۆ وێنە، کوردەکان ١٠٪ حەشیمەتی ئێران پێکدێنن، بەڵام ٧٠٪ ی لەسێدارە دراوان کوردن. بێجگە لەوە، پارێزگاریی یاسایی دادپەروەرانە بوونی نییە. کەسانی تاوانبار کـراو بە شێوەی دادپەروەرانە دادگـایی نـاکرێن. یاسـاناسـانی مافەکـانی مـرۆڤ لەبەر ئەرکـدارییان دادگـایی دەکـرێن و سـزای زینـدانیان بـۆ دەبـڕنەوە، وەک چۆن پەروەندەکانی شیرین عیبادی و نەسرین ستودە ئاشکرای دەکەن.

### دەرئەنجام

دادگـای ئابـان کـاری گرینگی بـو تیشـک خسـتنە سـەر پێشێلکارییەکانی مافەکـانی مـرۆڤ لە ئێـران کـردووە. چـونکە هێـزە ئەمنیەتییەکانی ئێران بە هەمان شێوە نارەزایەتییەکانی ئێستا سەرکوت دەکەن، ئێران جارێکی دیکە ئەرکەکـانی بە گـوێرەی یاسای ناودەوڵەتی پێشێل دەکات. بە لەبەر چاوگرتنی مێژوو، چاوەڕوان دەکرێ کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لە داهـاتوودا لە ئەنجامدانی درندەیی بۆ سەرکوتی دەنگی دژبەرانی سیاسی و جووڵانەوان سڵ نەکاتەوە.

کۆمەڵگای ناودەوڵەتی دەبێ بە توندترین شێوە دژی بوەستێتەوە و پێشێلکارییەکانی هەنووکەیی مافەکـانی مرۆڤ مەحکوم بکات، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبێتە هۆی کوژرانی زیاتر. کۆمەڵگای مەدەنی ئێران جارێکی دیکە لە بەرانبەر دڕندەیی ئێران بێ بەرگرییە. لەوەش زیـاتر، دەوڵەتـان دەبێ ئاسایشی ئێرانییـانی تـاراوگە بپـارێزن، چونکە لە هێرشی ڕێژیم تەنـانەت لەدەرەوەی وڵاتیش پارێزراو نین، وەک کوشتنی عەبدولڕەحمانی قاسملو لە ڤییەن نیشانی دا.

گەمارۆ پەسەندکراوەکان، بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و گیرانی کۆبوونەوەی ئەنجـومەنی مافەکـانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوی گرینگ بـوون. ئەوەش دەبێ ڕێوشوێنی کردەیی دیکەی دەگەڵدا بێ تـا بە زووتـرین کات کۆتایی بە کوشتنەکان بێ. لە درێژمەودا دا، دەبێ ئەوانی بەرپرسی ئەو دڕنـدەییانەن بە شێوەی یاسـایی بەرپرسیار بکرێن.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕیکەوتی: ١٥ی جانیوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پەتی ئێعدام بە چی دەپسێت: تەنیا بە بەردەوامیی ڕاپەڕین



**نەژین حوسێنی**

ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە هەتا ئێستا هەر نەبێ ۵۰۰ کەسی لە شەقامەکاندا کوشتووە کە دەیان کەس لەوان منداڵن، هەزاران کەسیان دەسبەسەر و زیندانی کردوە و سەرکوتی ڕاپەڕین لە توندترین ئاستی خۆیدا بەردەوام بووە. بەڵام خەڵکی ئازادیخواز بەبێ سڵکردنەوە و بە ورە و ئیمانێکی بەرزەوە لە شۆڕش بەردەوامن، تا ئەو جێیەی شک و گومان بۆ هیچ بەرپرسێکی ڕێژیمی ئیسلامی نەماوەتەوە کە خۆیان و ڕێژیمەکەیان لە هێڵی کوتایی و لێواری ڕووخانن. بۆیە لە دوا پەلەقاژەکانی خۆیاندا بەپیشەی هەمیشەییان پەنایان بۆ پەت و سێدارە بردۆتەوە تا بەشکم لەو ڕێگەیەوە چەند ڕۆژێکی تر تەمەنی ڕێژیمەکەیان درێژتر بکەنەوە و ژیلەمۆی ئاگری شۆڕشی خەڵک دابمرکێنن.

لەو هەلومەرجە هەستیارەدا کۆماری ئیسلامی کە ئاوابوونی خۆری دەسەڵاتەکەی لە بەردەوامیی شۆڕشی خەڵکدا دەبینێ، بە ئێعدامکردنی خۆپێشاندەران، لەلایەک پرسی سەرکوت و تۆقاندنەکان پەرە پێ دەدا بۆوەی شەقامەکان بێدەنگ بکات، لەلایەکی دیکەوە بە بەلارێدابردنی ڕێرەوەی بیروڕای گشتی هەوڵ بۆ گۆڕینی ئاراستەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵک بدات و دواجار کپی بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## حوکمی ئێعدامی دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژینا سیاسییە نەک قەزایی

ئێعدام هەر لەجێدا هۆکاری نانەوەی کەشی ترس و تۆقاندنە و ڕێبەرانی ڕێژیم باوەڕیان وایە خەڵک بە دیتنی دیمەنی لەسێدارەدان و بیستنی هەواڵی کوشتوبڕەکان دەترسین و خۆف دایاندەگرێ. بۆیە بە گرتنەبەری ئەو تاکتیکە سواوە ئەویش لەو بارودۆخە هەستیار و قەیراناوییەدا بەتەمان خەڵکی خەباتگێڕ چاوترسێن بکەن و شۆڕشی ژینا بەلاڕێدا ببەن و ئاراستەکانی دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆڕ" بۆ "نا بۆ ئێعدام" و پاڕانەوە لە "دیکتاتۆڕ" بۆ نواندنی نەرمونیانی بگۆڕن! مەبەستی سەرەکیی ئێعدامەکان لە ئێستادا هەر بۆ ئەوەیە.

تێڕامانێکی کورت لە ئەزموونی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ ئێعدامەکان پاڵپشت بە هیچ بنەمایەکی یاسایی نین و ئەو خەباتکارانە تەنیا بۆ کپکردنی دەنگی شەقام و تۆقاندنی خەڵکە کە لەدار دەدرێن. ئەو کەسانە لە هیچ دادگایەک و تەنانەت بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی لە بێدادگاکانی خودی ڕێژیمیشدا نابێ و ناکرێ وەها سزایەکیان بەسەردا بسەپێندرێ. لەبەر ئەوەی هەر لەجێدا هیچ هاوسەنگییەک نییە لە نێوان تۆمەت و سزادا و ڕەوتی قەزایی دۆسییەکان نایاسایی، نامرۆڤانە و نادادپەروەرانە بووە. واتە هەر لە بنەڕەتڕا لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا دادگا، یاسا، سزا و دادپەروەری لە واتای سەرەکیی خۆیان دادەماڵدرێن. لەو نیزامە سیاسییانەدا یاسا تەنیا ئامرازێکە بۆ ڕەوایيدانی نایاسایی، چونکی ئەو سیستەمە ماشێنێکی چالاکی سەرکوتە و لە نێوخۆیدا هیچ کۆسپ و لەمپەرێک بۆ ڕێگری لە سەپاندن و جێبەجێکردنی سزا نایاساییەکاندا بەدی ناکرێت. دادگا سەربرخانەیەکی سیاسییە و بڕیارەکان یاسایی و قەزایی نین، بەڵکوو سزایەکی سیاسی و ئەمنییەتین کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە ناوی یاسا بەسەر دژبەرانی سیاسیدا دەسەپێندرێن.

ئەو شۆڕشە بە دروشمی هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازیی سەرەکیی خەڵک بە مەبەستی ڕووخاندن و سەرەونخوونکردنی دەسەڵاتی ڕێژیم دەستی پێ کرد. ئامانجی سەرەکیی خەڵک لەو ڕاپەڕینەش کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری خامنەییە، هەربۆیەش شێوازی نارەزایەتییەکان، دروشم و گوتاری ڕاپەڕینی خەڵک بە ئاراستەی ڕووخانی ڕێژیمدا ڕێگەی خۆی پێواوە و قۆناغەکانی هەتا ئێستای بڕیوە.

### چ تاکتیک و شێوازێک بۆ دژایەتیکردنی ئێعدام بگرینە بەر؟

تاکەڕێگای بەرەنگاربوونەوەی سزای ئێعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا یەکگری و بەکارهێنانی هێزی گشتی لە سەرشەقام،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆڕایی و هـاودەنگیی هەراوی جەمـاوەری بـۆ بەگژداچوونەوەی ڕێـژیمە. ئەو ڕێـژیمە تەنیـا و تەنیـا لە زمـانی زەبروزەنـگ شارەزایە و سەرکوت و کوشتوبڕ و تۆقاندن دەناسێت. هەربۆیە بە پێی بنەماکـانی دروونناسییش بێت، دەبێ بە زمـانی خـۆی بیدوێنی و وەک خـۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی؛ کەواتە تاکەڕێگـای پاشگەزکردنەوەی ڕێـژیم لە ئێعدام، دەنگهەڵبـڕین، گوشار و نواندنی هێزی جەماوەری ڕاپەڕیوە، نەک بێدەنگی و پاڕانەوە!

ڕێژیم بە ئێعدامی خەباتکارانی سیاسی و دژبەرانی خۆی دەیەوێ بە خەڵکی بسەلمێنێت کە هێـز و دەسەڵاتی پاشەکشەکردن بەوانـی هەیە. لەم ڕووەوە ئەو بڕیـارانەی دادگـا لەدژی دژبەران کە ڕەوتـی قەزایـی و بەدواداچوونیـان بە هەمـوو پێوەرێـک گومان و پرسیاری لەسەرە، فڕی بەسەر ڕەوتی یاسایی قەزاییەوە نییە و لە ڕێگەی یاساییشەوە ناکرێ بەرگریی لـێ بکرێت. کەوابوو تەنیا ڕێگای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سزای ئێعدام و کوشتار، گەشاوەڕاگرتنی بڵێسەکانی شۆڕشی سەرشەقامە.

هەمووان دەزانن کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سیستمی قەزایی سەربەخۆ نەبـووە و نییە کە خەڵـک بتـوانن لەو ڕێگەیەوە پێشوێنی مافەکانیان کەون. خۆ بێتوو لەو وڵاتەدا سیستمێکی قەزایی سەربەخۆ هەبا، یەکەم کەس کە دەبوا دادگـایی کرابـا و سزا درابـا خـامنەیی، ڕێـبەری ئەو ڕێـژیمە دەبـوو کە مـاکە و سەرچاوەی هەمـوو سەرکوت و قەیرانەکـان لەو وڵاتەیە. لە ئێستاشدا سەپاندنی سـزای بەسـەر دەسبەسـەرکراوان و جێبەجێکردنـی ئەو حوکمـانە ئیـرادە و بڕیـاری خـامنەیی لە پشـتە، چونکی لە ڕوانگەی خامنەیی و ڕێژیمەکەیەوە ئێعدام نەک وەک هۆکارێـک بـۆ پێشگرتن بە تـاوان و دادپەروەری، بەڵکوو تەنیا بۆ دابینبوونی ئەمنییەتی ڕایەڵەکانی دەسەڵات بەکار دەبرێت.

ڕابردووی کردەوەکـانی ڕێژیم پێمـان دەڵـێ وەڵامی داوا و ناڕەزایەتییەکـانی خەڵـک تەنیـا سەرکوت بـووە، کوشتن و ئێعدام لەسەر شەقام، لە زینـدان، لە قوتابخـانە و... . فەرق و جیـاوازییش نەبـوو کە سزادراو کێیە، پیـر و لاو، ژن و پیـاو و تەنانەت منداڵ. شریتی دەسەڵاتی ڕێژیم بە سەرکوتی خۆپێشـاندەرانی نـاڕازی لەسەر شەقام و ئێعدامەکان لە سەربانی قوتابخانەی "ڕیفاه" دەستی پێ کرد. قەڵاچۆ، کۆمەڵکوژی و بەکارهێنـانی جۆرەهـا ئـامرازی سەرکوت و ئەشکەنجە، تەقەی وێڵەکـی و کـوێر لە مـاڵان، دەسـتدرێژیی جنسـی و سیلەگرتن لە ئەنـدامانی جینسـی و زاوزێـی ژنـان تەنیـا بەشێـک لەو جینایەتـانەیە کە کۆمـاری ئیسلامی بـۆ سەرکوتی دژبەرانـی گرتـوویەتە بەر. ئێسـتاش پێـی وایە کە سزای ئێعدام دەتوانێ زۆرتـرین کـاریگەریی لە پاشەکشە پێکـردن بە خەڵـک و درێژکـردنەوەی تەمەنـی دەسـەڵاتەکەی و ڕزگـاربوون لە ڕووخـانی دەبێت، بەڵام خەڵک وەک چۆن لە چوار دەیەی ڕابـردوودا چۆکیـان دانەداوە؛ ناویستن و کۆڵ نـادەن و چاوترسێن نەبـوون و ناشبن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**پوختەی مەبەست:**

**ئێعدامی خەباتکاران دوا پەلەقاژەکانی بەر لە ڕووخان و تێکڕکانی ڕێژیمە و بێتوو شۆڕشی خەڵک لەسەر شەقامەکان بەردەوام بێت، ئەو ڕێژیمە پتر دەکەوێتە تەنگانەوە و زووتر بەرەو هەڵدێری نەمان دەڕوات. ئەو بزووتنەوەیە لەو ماوەیەدا توانیویەتی سەرەڕای هەموو شێوازەکانی سەرکوت و کوشتار ڕێگەی خۆی بەرەو سەرکەوتن بپێوێت. بێگومان سەرکەوتی یەکجارەییش پێویستت بە کات هەیە و خەبات لە بەردەوامی و نەپسانەوەی خۆیدایە کە بەئاکام دەگات.**

**ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٧ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ١٦ی جانێویری ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سپای پاسداران ڕێکخراوێکی ئینسان کوژی تیرۆریستیە




**سایتی پەیام**

ئەمڕۆ دوشەممە ٢٦ ی مانگی بەفرانبار بەرابەر لەگەڵ ١٦ ی ژانویە هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی پارڵمانی ئوروپا بە هەزاران کەس لە ئێرانیانی تێکۆشەر لەبەردەم بینای پارڵمانی یەکێتی ئوروپا لە شاری ئستراسبۆرگی فەڕانسە کۆدەبنەوە تا پارڵمانی ئوروپا بۆ سپای پاسداران خستنە نێو لیستی تیرۆر بخنە ژێر گوشارەوە. ئەم کۆبوونەوەیە لە لایەن نوێنەرانی ئێرانی تەباری پارڵمانی ئوروپاوە بانگەوازی بۆ کراوە.

سپای پاسداران ڕێکخراوێکی مافیاییە کە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئیران خەریکی کاری تیرۆریستیە. سپا لە کوشتنی سەدان هەزار کەس لە ئێران، عێڕاق، سوریە و یەمەن، ئەفغانستان و لوبنان بەشداری هەبووە و هەیە. بەم دواییانەش لە شەڕ لەدژی خەڵکی ئۆکڕاین سپای پاسداران لەگەڵ ڕوسیە هاوکاری تەسلیحاتی هەیە بە تایبەت لە بواری ناردنی پەهباد دا.
سپای پاسداران وێڕای بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە عەمەلیاتی تیرۆریستیدا، لەگەڵ زۆربەی سازمانە تیرۆریستیە چالاکەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئافریقا لەوانە حەشدی شەعبی لە عێڕاق، حیزبۆللە لە لوبنان، ڕەوتە شێعەکان لە سوریە، ئەفغانستان و یەمەن هاوکاری هەیە.

سپای پاسداران بە بەشداری ڕاستەوخۆ لە بازرگانی مادەی هۆشبەر، و بە یارمەتی مافیایەکی ئابووری کە لە ئیختیاری دایە، هەزینەی ئاموزش و تەیارکردنی باقی گوروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان دابین دەکات. بەشێک لە تیرۆرەکانی سپای


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاسداران لە ئاستی ناوچەکە و دنیادا لە ڕێگای باندە چالاکەکان لە مادەی هۆشبەر، هەناردەکردنی چەک، قاچاغی ئەرز و کۆچبەرانەوە بەڕێوەدەچێت.

سپای پاسداران بە پێی گەلێک بەڵگەی توێژەران لە بواری تیرۆریزمدا، گەورەترین و بەهێزترین سازمانی تیرۆریستیە لە ئاستی دنیادا. سەرجەم هێزە چەکدار و ئەمنیەتیەکانی ئێران بە شێوەیەک لەژێر چەتری سپای پاسداراندا کاردەکەن. سپا بەشێکی گەورەی ئابووری و بازاڕی وڵات، هاوردەکردن و هەناردەکردن، سەرچاوەی ماڵی و کانەکان، بانکەکان و دامەزراوە ماڵیەکانی لە ئیختیار دایە.

سپای پاسداران هەموو مەیدانە تەبلیغاتیەکان، ئاموزش، پەیوەندی دەرەوە، پۆست و کاربەدەستانی حکومەتی و ناوچەیی خستۆتە ئیختیار خۆیەوە. قاسم سولەیمانی و سپای قودس سیستم و پیشەسازی هەوایی، زەمینی و دەریایی، گواستنەوە و گەیاندنی وڵاتی خستۆتە خزمەت پەرەدان بە نفوزی حکومەتی ئیسلامیەوە و شاخەکانی دەرەوەی سنوری تیرۆریزمی سپای پاسدارانی بەکار هێناوە.

سپای پاسداران وێڕای بەشداری ڕاستەخۆ لە تیرۆر کردنی بەسەدان نەیاری ڕژێم لە دەرەوەی وڵات، لە هەموو ناڕەزایەتیەکانی چوار دەیەی ڕابردودا لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان، بەلوچستان و خوزستان بە شێوەیەکی بەرین لە عەمەلیاتی تیرۆریستیدا دەوری سەرەکی گێڕاوە.

سپای پاسداران دەوری سەرەکی لە ڕفاندن و کوشتنی نەیارانی ناسراوی ڕژێمدا هەیە و بە دەیان و سەدان تۆڕی زیندانی شاراوە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و بە هاوکاری لەگەڵ گوروپە تیرۆریستەکانی ناوچەکە بەڕێوەدەبات.

خەڵکی کوردستان زیاتر لە چوار دەیەیە لەگەڵ چالاکیە تیرۆریستیەکانی سپادا ئاشنان و قوربانی زۆریان داوە. سپا لە کوردستان چ وەک هێزێکی نیزامی، ئەمنیەتی و ئیداری و چ وەک سازمانێکی تیرۆریستی کەوتۆتە بەر نەفرەتی قوڵی خەڵکی کوردستان.

داخوازیڕاستەقینەیزۆربەیهەرەزۆریخەڵکیئێرانگرتنومحاکەمەکردنیسەرجەمسەرانوفەرماندەجەنایەتکارەکانیئەمهێزەتیرۆریستیەیە. خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی ئێران، ناوچەکە و دنیا بە حەق خوازیاری ئەوەن کە هەموو زەرفیەت و ئیمکاناتی کۆمەڵگای جیهانی بۆ بەرتەسک کردنەوەی واقعی و کاریگەر لەدژی ئەم ڕەوتە مافیاییە بخرێتە کار. زۆر دوور نییە ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژەی کە فەرماندەکان و بەرپرسانی ئەم جەریانە تیرۆریستی و ئینسان کوژە لە دادگایەکی بە ئاشکرادا وڵامدەرەوەی جەنایەت و تاڵان و بڕۆکانیان بن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٦ی جانیۆری ٢٠٢٣

---

## سیاسەتی واقعبینانە و واقعی سیاسی وچەند وتەیەک



لوقمان زەهرایی

هیندێک لە ڕێبەرانی ئەحزابی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە ساڵانە ئەو دوو چەمکەیان کردۆتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاریان و بە قەولی خۆیان " بە پێی واقعی سیاسی، سیاسەتی واقعی حیزبەکەیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد دادەرێژن ."لە هیچ هەل ومەرجێک ودەرفەتێکیش کە هاتبێتە پێش نەهاتوون پلان وبەرنامە وسیاسەتەکانیان بۆ چارەسەری کێشەی گەلەکەیان بخەنە بەردەم گشتپرسی و دەنگدانی جەماوەری وئەو شەرعیەتە بۆ سیاسەتەکانیان لە گەل وەربگرن.

ئەو شێوازە لە بیرکردنەوەیە شۆڕبۆتەوە بۆ نێو ئەحزاب وکۆمەڵگاش و بەداخەوە زەرەری زۆر پتر بووە لە قازانج وشۆڕش و بەرخۆدانی کوردانی بۆ ڕزگاری وسەربەستی تووشی خەساری گەورەی قەرەبوونەکراوە کردووە. هەر ناوێری بابەتێکی نوێ،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فکرێکی نوێ بخەیە بەرباس، هەر یەک وەک چەند کەست لێ قووت دەبنەوە ودەلێن " کاکە ئەوە سیاسەتی واقعی نیە و واقعی سیاسی وڵاتی مە جیاوازە وئەوە هەڵناگرێ."

بە باوەری من " واقعی سیاسی وسیاسەتی واقعی شتێک نین کە ئەزەلی وئەبەدی بن وئایەی قورعان نین نەکرێ دەسکاری بکرێن ونەتوانرێ بگۆردرێن. هەر دوو چەمک داهێنەری دەستی مرۆڤەکان و هەر مرۆڤەکانیش بە هەوڵ وخەبات وتێکۆشانی خۆیان چارەنووسی خۆیان بە تەواوی گۆریوە و نەهاتوون تەسلیمی سیاسەت وهەل ومەرجێک بن کە داگیرکەری زێد و نیشتمانیان بۆیانی دروست کردووە .

ئەگەر ئیرادەی گەلی ئالمان لەوبەرئەوبەری دیواری برلین نەبا بۆ لابردنی وتێکەڵ بوونەوەیان، دیواری برلین هەرەسی نەدەهێنا ودوو ئالمان وەسەریەک نەدەکەوتنەوە. دیواری برلین ودووکەرت کردنی ئالمان لە دوای شەری دووهەمی جیهانی بۆ وڵاتانی یەکێتی سۆڤییەت وئامریکا وەکوو واقعی سیاسی دەناسرا وسەیردەکرا،نەک بۆ گەلی ئالمان لەوبەرئەوبەری دیوارەکە.

ئەگەر خەڵکی ژێر دەسەڵاتی روسیە کە سەردەمانێک پێیان دەکوت " یەکێتی سۆڤییەت یان وڵاتی شوراکان، یان وڵاتی سۆسیالیستی باوەریان بەو چارەنووسەی کە روسەکانی بۆیان دروست کردبوون هەبا وکوتبایان ئەوە واقعی سیاسی ئێمەیە وسیاسەتی واقعی ئەوەیە هەر لە ژێر دەستی روسەکاندا وەکوو دیل وکۆیلە بمێنینەوە، هەرگیز نەیاندەتوانێ خۆیان لە کۆت وزنجیری روسەکان رزگار بکەن وبە رووخانی یەکێتی سۆڤییەت سەربەخۆیی خۆیان و سەروەری سیاسی وڵاتەکەیان مسۆگەر بکەن. یەکێتی سۆڤییەت بۆ روسەکان واقعی سیاسی بوو نەک بۆ نەتەوەکانی ژێر دەستی روسەکان.

ئەگەر بە دەست سێربەکانی وڵاتی یوگوسلاوی جاران با کە مارشال تیتۆ سەرۆکایەتی دەکرد، یوگوسلاوی لێکهەڵنەدەوەشا، چونکە دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەو لای سێربەکان بوو بە سەر ماباقی نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئەو وڵاتە دا. بەڵام دیتمان نەتەوەکانی ژێر دەستی سێربەکان چۆن خۆیان لە کۆت وزنجیری سێربەکان رزگارکرد و هەر کامیان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروست کرد. شتێک کە بۆ سێربەکان بە ناسنامەی یوگوسلاوی پێناسە دەکرا وببوو بە واقعی سیاسی ، نەک بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی نێو جوغرافیای یوگوسلاوی بە حوکمداری سێربەکان.

هەر زۆر دوور نەرۆین، کوردی خۆمان لە باشور بە راپەرینی چەکدارانەیان ئەو بە ناو واقعی سیاسی کە سەددام بۆی دروست کردبوون، توانیان بیگۆرن و ئاکامەکەشی بووبە هۆی دروست بوونی قەوارەیەک بە ناوی هەرێمی کوردستانی عیراق.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کورتی بیبڕمەوە، ئەو وەزعەی لە ئێراندا بۆ کوردی ڕۆژهەلاتیش دروست بووە ، ئەو دەرفەتەی بۆ هێناوەتە پێش کە ئەو بە ناو واقیعە سیاسییەی دەوڵەتی داگیرکەری فارس لە ژێر ناوی دەولەت ـ ملت ئێران بگۆڕێ. ئەوەش بە مانای ئەوە نیە کە بلێم ئێستا دەرفەتی ئەوەمان بۆهاتۆتە پێش دروشمی سەربەخۆیی بەرزکەینەوە وڕێگای خۆمان لە ئێستاوە جیابکەینەوە. نا. چونکە سەربەخۆیی خاکی دەوێ،دام ودەزگا وبەرێوەبەری دەوێ. ئابوری دەوێ. هێزولەشکری دەوێ. دەنگی زۆرینەی گەلی دەبێ لە پشت بێ ولە گەڵ پشتیوانی نێونەتەوەیی.

مەبەستم ئەوەیە کە ئێمەی کوردی ڕۆژهەلات بە هاوکاری نەتەوەکانی دیکەی ژێردەستی فارسەکان دەتوانین ئەو دەسەلاتەی کە ئەوان تاکوو ئێستا هەیان بووە ولە سەر حیسابی چەوسانەوەی ئێمەمانان حوکمداریان کردووە لاواز بکەین و ئەو ڕوانگە و بۆچوونە لە سەر ئاستی ئێران و بە تایبەت دونیای دەرەوە کە ئێران یان " پەرشیا " هەر بە وڵاتی فارسان پێناسە کراوە بگۆڕین و پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی کە ئێران وڵاتی نەتەوەکانە بچەسپێنین.

بەهەموو پێوانەیەک فارسەکان زۆرینە نین وکەوابوو مافی ئەوەشیان نیە بە تەنیا دەسەلاتداری یەکەم وسەرەکی ئێران بن. ئالێرەدایە کە ئەو بە ناو واقعی سیاسییە کە تاکوو ئێستا بە سەر ئێران دا حاکم و زاڵ بووە وهەر ئەوان دەسەلاتدارو عەلەمداری سەرەکی بوون بە تەواوی بگۆڕین. ئەوەش ڕێگە خۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی ئەوان لەو عەقلیەتە خۆبەزلزانانەی کە بۆتە کولتور لە نێویان دا وبە سالانە حوکمی پێوەدەکەن دوورکەونەوە و هەوڵی یەکدەست کردن وئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە نێو خۆیان دا تووشی نوشوست بێ وناچاربن واز لە عەقلیەت وسیاسەتی یەک نەتەوە، یەک زمان ویەک ئالا بێنن و واقعی سیاسی وجوغرافی ئێران وەکوو خۆی کە هەیە ببینن وقەبوڵ بکەن.

لە هەل ومەرجی ئێستا دا و بۆ سەرخستنی ڕاپەرینی ژینا. بەدیل و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەو کێشەی کە هیندێک لە ئەحزابی بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی قەومی بالادەست بە تایبەت سەلتەنەت تەلەبەکان ویان هیندێک گروپی ڕاست وچەپ ومیللی ـ مەزهەبیان لە مەڕ خۆ بەزلزانیان و قەبوڵنەکردنی ئێران وەکوو وەلاتێکی فرەنەتەوە وفرەزمان وفرە کولتور دروستیان کردووەونەسازانیان لە گەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکە، نەخش و ڕۆلی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران وئەحزابیان چ لە ناو خۆ وچ لە دەرەوە زۆر بەرجەستە دەبێتەوە وبۆیە دەبێ خاوەنی پلان وبەرنامەی خۆیان بن کە ناوخۆ ودەرەوە یەک دەنگ ویەک وتار لێک گرێ بدا بۆ داهاتووی ئێران.

ئەوەش بە مانای پەراوێزخستنی فارسەکان نیە، بەڵکوو بە مانای دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان وتێپەڕبوونە لەو عەقلیەتە داسەپاوەی کە تەنیا وتەنیا مافی فارسەکانە کە باسی ئێران وداهاتووی ئەو وڵاتە بکەن وهەر ئەوانیش دەبێ ببنە سەرۆک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و حاكم و دەسەڵاتدار لە دوای نەمانی كۆماری پەت و سێدارە.

بە ڕای من زۆریش باشەو گونجاوە كە چەندین پلان وبەرنامە وتەنانەت چەندین بەرەش هەبێ و هەركامیان باس لە ڕێگا چارەسەری وجێگرەوەی كۆماری ئیسلامی بكەن. ئەو كات گەلانی ئێران لە جیاتی یەک بژاردە، چەندین بژاردەیان لە بەردەم دەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بە چاوكراوەیی باشترینیان هەڵبژێرن و پشتیوانی لێ بكەن ودەنگی بۆ بدەن.

بوونی تەنیا یەک بژاردە و داخستنی دەرگاكانی دیكە بەرووی خەڵک دا ، دووپاتەبوونەوەی مێژوو دەبێ و ڕێک وەكوو ریفراندۆمی كۆماری ئیسلامی كە لە ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی بەرێوەی برد دەچێ كە تەنیا لە بەردەم خەڵک یەک بژاردە هەبوو، كە ئەویش دەنگدانی بە بەلێ یا نەخێر بوو بۆ سیستمی كۆماری ئیسلامی وهیچی تر.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووكی نووسەر – ڕێكەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە شازدەی سپتامبر هەتا ١٦ی ژانویە!؟




**برایم فەڕشی**

چوار مانگ لە ئاوابوون و هەڵاتنی خۆری ژینا تێپەڕی و ڕاپەڕین لە فۆڕمی "ژوور و دەرەوەی" خۆیدا ، بەردەوامە. گرینگترین دەرسی ئەم چوار مانگە ئەوەیە، هەتا "ستروکتور" و دامودەزگای سیستەم تێکنەشکێندرێ و لە ناوەوە ڕژیم نەشلەژێ و جەماوەر و خەڵک یەکگرتووتر و خاوەن ڕێکخراوی نەتەوەیی و بە بەرنامە و پرۆگرام نەبن، مانگەکان درێژتر دەبنەوە.

ئەمڕۆ شازدەی ژانویەی ٢٠٢٣ پارلەمانی ئورووپا دەبێ "سپاسی پاسداران" گەورەترین دەزگای سیاسی، نیزامی، ئابووری، ئەمنیەتی ڕژیم بخاتە ناو لیستی تیرۆریست و گەمارۆ، گەر دەرگای تر لە لایەن وڵاتانی ئورووپا بە تایبەت ئاڵمان بۆ درێژەی مامەڵات لە گەڵ لق و پۆپەکان ئەم دەزگایەی ڕژیم نەکرێتەوە، زەربەیەکی کاریگەر لە ڕژیم دەکەوێ.

بەڵام ئایا ڕۆژئاوا پشتی ڕژیم کە ئاڵترناتیڤی دیاری نییە بەر دەدا؟ ئایا کورد لەم گێژاوە سیاسییەی ڕژیم و خەڵک و بە ناو ئۆپۆزسیۆن تووشی بووە، بەرنامە و ستراتیژی هەیە؟

ئایا لە ڕاپەرینی ژینا دەرفەتەکان لە کیس نەچوون؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ئایا سیاسەتی ژیرانە ڕەچاو کرا؟**

**ئایا شارەزایانی سیاسی کورد باش جولانەوە؟**

**ئایا هەڵسەنگاندنی ئەم چوار مانگە کراوە؟**

**ئەم ڕژیمە لە هەر حاڵەتێکدا تووشی چارەنووسی ئەو ڕژیمانە دەبێ کە ناویان تەنیا لە مێژوودا ماوەتەوە. کورد پاش ئەم ڕژیمە خۆی لە کوێ و چۆن دەبینێتەوە؟**

**ئایا نابێ کۆدەنگییەکی سیاسی، بەرنامەیی و ستراتیژی بە خێرایی پێک بێ؟ چارەی کورد چاوەڕوانی و بڕیاری دەرەوەی کۆمەڵگای کوردستان نییە، چارەی کورد لە دەست خۆیدایە، گەر باوەڕی پێ بێنێ!**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٦ی جانیوێری ٢٠١٦**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە ئەزموونی شکستی شۆڕشی ٥٧ کەڵک وەربگرین...




**هادی سۆفی زادە**

تا دێ باری ناوخۆیی و نێونەتەوەیی ڕژیمی ئێران خراپتر دەبێ و شڵەژان بە سیستمی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی ڕژیمەوە دیارە، لاوازی لە سیاسەتی ناوچەیی ڕژیم بە دیار کەوتوون و فشاری نێونەتەوەییش کەم و زۆر هەیەوو چاوەڕوان دەکرێ هەموو ئەم فاکتەرانە ڕژیم بەرەو ڕووخان ببەن. بۆ ئێمەی کورد و نەتەوەکانی دیکەش تەنیا ڕووخانی ڕژیم کافی نییەوو دوای ڕووخانی ڕژیم ئەکەوینە قۆناغی چارەنووسەوە، بۆیە پێویستە زۆر بە وشیاری بجوڵێینەوە کە لە چاڵێکەوە نەکەوینە چاڵێکی گەورەترەوە .گەلەکەمان ئەرکی خۆی بە جێ گەیاندوەوو کەسییەتی کوردی بردوەتە لوتکە، ڕێبەرانی سیاسیش پێویستە لە ئاست قارەمانەتی گەلەکەمان و دواڕۆژیان دابن.

بەردەوامی ڕاپەرینی ژینا تا بە ئەمرۆ دەرەتانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری لە قۆناغی ئیستاوو داهاتومان نەداوەوو ئەگەرچی قۆناغی یەکەمی ئەم شۆڕشە لە باری کولتوورسازی و حیماسە خوڵقێنی لە لوتکەدایە بەڵام لە بواری سیاسییەوە هێشتا ناکامڵە.

چرچیل قسەیەکی هەیە دەڵێ هەر ئەندازە بۆ مێژووی دوور بڕوانین داهاتوویەکی ڕوونتر ئەبینین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەک لە هەڵەکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ نەخوێندنەوەی مێژووی کۆنی ئێران و نائاگایی لە ڕابردوویەک بوو کە پێشتر بە دەست هاتبوو. لە دوای شۆڕشی ٥٧ ڕێبەرانی سیاسی کورد وئێرانی هەموو داروپەردووەکەیان بە سەر ڕژێمی حەمە ڕەزاشا خستە خوارەوەوو توانای دیتنی مێژووی دورتریان نەبوو.

لە سەردەمی ٥٧ زانیاری لە سەر دەستکەوتەکانی شۆڕشی مەشروتە کەم بوو، کە ئەو شۆڕشە بە گەورەترین گۆڕانکاری لە مێژووی سیاسی ئێران بە حساب دێ. شۆڕشێک کە لە سەر بنەمای سکولاریزم، ناسیونالیسم و مەشروتییەت بەرپا ببوو بەڵام دوای ٧٠ ساڵ ئیسلامیزم، سانترالیزم و ناسیونالیسم جێی گرتەوە. هەر چەند تا ئێرە خەتای کوردی تیا نەبوو کۆمەڵگای ناوەندی ئێران تینووی نیزامی دینی بوو دەبوو بە تاقی بکاتەوە.

لە دەورەی سەرکۆماری موحەممەدی خاتەمی خوێندنەوەی جیددی بۆ ئەو قۆناغە گرنگەی مێژووی هاوچەرخی ئێران کرا کە لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧ ئاوڕی لێ نەدرایەوە. هەر بۆیە جگە لەوەی دەیان کتێبی تایبەت بە قۆناغەکانی پێش و پاش شۆڕشی مەشروتە چاپ کران، کۆمەڵێک ڕۆژنامەی وەک وقایع اتفاقیە، صوراسرافیل. جمهوریت و......هاتنەوە بازاڕ کە ڕۆژنامەی سەردەمی مەشروتە بوون. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا یەک لە هۆکارەکانی بە لاڕێ داچوونی شۆڕشی ٥٧ بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە سیاسییەکان هەموو کاسەوو کوزەکانیان بە سەر دەسەڵاتی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی دەشکاند و ئاوڕیان لە مێژووی کۆنتر نەدەدایەوە، بۆیە پێویستە ئەمجارە بە ڕووخانی ڕژێمی ئیستا زیاتر بۆ مێژووی دوور بڕوانین.

ماهییەت و ناوەڕۆکی شۆڕشی ژینا بۆ خەڵکی ناوەند و پەراوێز وەک یەک نییە. شۆڕش بۆ فارسەکان دەست پێڕاگەیشتن بە سامانی وڵاتەوو ئازادی و دیموکراسی لە ڕیزبەندی یەکەمی داواکانیان دانییە بۆیە حازر نین هەزینەی بۆ بدەن. ئەگەر باری ئابووری ئێران جێگیر بێ، دابەش کردنی سامان بۆ خەڵکی ناوەند وەک سالانی پێشووی لێ بێتەوە، بتوانن وەک سالانی پێشوو بە دنیادا بگەڕێن بۆ ئەوان ئازادی بە حساب دێ و بەو سامانەی کە وڵات کە بە دەستی ئەهێنن لە ئوروپاوو دنیا ئازادی خۆیانی پێ دەستەبەر ئەکەن. ئەو سامانەش کە ئەوان بە دەستی ئەهێنن تەنیا بە دزین وبە تالان بردنی سامانی ژێرزەوی و ڕوو زەوی نەتەوە ژێردەستەکانە. لێرەدایە کە هەر ڕژێمێک بێتە سەر کار ئەوان دژی مافی نەتەوویی گەلانی دیکەن.

ئەوەی ئەبیندرێ تا ئەم ڕژیمە لە سەر کار بمێنێتەوە ئیمکانی هەڵوەشانی ئێران لە داهاتوودا زیاتر دەبێ و ئاسۆی گەلانی ئێران ڕوونتر دەبێ کە لە نیهایەتدا وەک سۆڤییەتی پێشوو هەڵدەوەشێ. لە بیر نەکەین ئێرانی بوونی ئێمە سەبەبییە بەڵام کورد بوونمان نەسەبییە، هەر بۆیە دەبێ ئێمە لە ئیستا بە دواوە دەستەواژە کلیدییەکان تەسبیت بکەین. شوناسی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەیی وەک هێڵی سوور دیاری بکەین.

**یەکەم میللەت**، هەر وەک چۆن مەسەلەی حیجاب وەک ئێسقانی ماسی لە گەرووی ڕژێم چەقیوە، چەمکی نەتەوەش وەک ئێسقانی ماسی لە گەرووی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا گیری کردووەو پێداگری لە سەر نەتەوە ( میللەت ) بۆ ئێمە گرنگە و دەبێ ئەوە تەسبیت بکەین .فارسەکان بە ئێمە و نەتەوەکانی دیکە دەڵێن قەوم. لە ڕوانینی ئەواندا میللەت مافی وڵاتی سەربەخۆی هەیە بەڵام قەوم نییەتی. لە حاڵێکدا ئازەربایجان بە هەشت ملوێن حەشیمەتەوە نەتەوەیە بەڵام زیاتر لە پانزە ملوێن ئازەری لە ئێران وەک قەوم دەناسن، یا لە عێراق پێنج ملوێن کورد وەک نەتەوە لە قانوونی بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا تەسبیت بووە بەڵام دە ملوێن کورد لە ئێران ناکرێ قەوم بە حساب بێ.

**دووهەم مێژوو**، فارسەکان لایان وایە ئێران لە کۆنەوە وڵاتێکی یەکدست بووەو وەک زۆر وڵات پێکەوە نەلێکندراون بۆیە لێک جیا بکرێنەوە. لە دیدی ئەوانەوە ئەم وڵاتە تەفکیک ناپەزیرە. لەم بارەوە پێویستە پێکهاتەی جیهانی بە نموونە بهێنینەوە کە زۆر لە ئێران یەکدەستتر بووە. بۆ نموونە وڵاتانی سکاندیناوی یا سێ کوچکەی ڕووس، ئۆکڕاین و بیلاڕووس.

**سێهەم ئالا**، ئەوان لەو باوەڕدان کە ئەو ئالایەی لە کوردستان هەڵدەدرێ ئالای باشووری کوردستانە کە تا ڕاددەیەک ناڕوونی لەم بارەوە هەیەوو پێویستە هەموو لایەنە کوردییەکان و شارەزایان ئەم پرسە یەکلا بکەنەوە.

**چوارەم پرسی دابەش بوونی ئێران**، ئێرانییەکان لایان وایە فیدڕالی یا ئۆتونومی سەرەتای دابەش بوونی ئێرانە، بۆیە بە مافی سیاسی لە چەشنی فیدڕالی یا ئۆتۆنۆمی ڕازی نابن و لە نیهایەتدا کورد و نەتەوەکان بەرەو بڕاردەی دابەش بوون دەبەن.

**شەشەم شەڕ**، ئەگەر دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێستا دەسەڵاتی هاوشێوە بێتە سەرکارو ڕێگای چارەسەری دابخەن لام وایە شەری درێژخایەن روو دەدەن و لە ئەگەری شەڕی ماڵوێرانکەر ڕێگا بۆ دەخاڵەتی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێتەوە وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە سوریەدا هەیە.... بە کورتی ئێمە لە گەڵ نەتەوە بن دەستەکانی ئێران هاوچارەنووسین و لەوانەیە لە داهاتوودا نێوان ئێمە و ئازەری زۆر خراپتر لە پێوەندی لە گەڵ فارس بێ بەڵام مەحکووم بە برینی ئەم ڕێگایەن. ئەگەر هەموو نەتەوەکانی ئێران پێکەوە لە بەرەیەک دا بن کارمان ئاسانتر دەبێ......

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێران هی کێیە؟



**بێبەش پیرۆتی**

لەو ڕۆژەوە بەهۆی شەهیدکرانی ژینا ئەمینییەوە ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر و یەکگرتووانەتر دەستی پێکردوە و رووخانی ئەو ڕێژیمە نیزیک بۆتەوە فارسە شۆوێنیستەکان زیاتر هەڵەسوونەیان هێناوەتەوە و بەردی ئەوە لەسینگ دەدەن کە ئێران هی ئەوانە و ئیزن نادەن بستێکی لێ کەم بێتەوە.مەبەستیشیان بە خەیاڵ ئاگادارکردنەوەی نەتەوە غەیرەفارسەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەیە و وا دەخەنە بەر زەینی بیروڕای گشتی کە خەباتی ئەو نەتەوانە و یەک لەوان نەتەوەی کورد بۆ پچڕپچڕ کردنی خاکی ئێرانە، هەروەک دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستەواژەی" تجزیەطلبی" ئەو چەکە ژەنگاوی و لە کار کەوتووە بەکار دەهێننەوە.

لەو پێوەندیەدا پێویستە وەبیر ئەو خۆبەزلزان و پاوانخوازانە بهێندرێتەوە ئەو ئێرانەی خۆیان بە خاوەنی دەزانن پاشماوەی ئەو ئێمپراتۆریەیە کە مادەکان هەر ئەو کوردانەی ئەمڕۆ، وەک یەکەم زنجیرەی پاشایەتی دایانمەزراند و دوای زیاتر لە سێ سەد ساڵ دەسەڵاتداریەتیەوە بەهۆی " کورووش" کە ئەویش "کوڕوەش" ە و هەر لە تۆرەمەی کورد بوو کۆتایی پێهات.

خاکی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئێمپراتۆرییە مەزنە پاشان بە هۆی بێ کیفایەتی غەیرە مادەکانەوە لە گەڵ تێپەڕینی زەمان لە هەر دەورانێکدا بەشێکی لێپچڕا و بۆتە ئەو ئێرانەی ئێستا کە ڕووبەرەکەی یەک میلیون و شەشسەد چل و هەشت هەزار



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کیلۆمیتری چوار گۆشەیە و جیا لە فارسان، ئازەریەکان و کوردەکان و عەرەب و بەلووچ و تورکەمەنەکانیش تێدا نیشتە جێن و ئەوا شۆوێنیستەکان خۆیان بە تەنیا خاوەنی دەزانن و بۆ یەکپارچە مانەوەی شیر و تیران دەسوون.

لە سەردەمی رەزا شادا بوو کە بە مەبەستی تواندنەوە و حاشاکردن لە بوونی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران ئەو دەستەواژەیە لە قودووی عەتتار هێنرایە دەرێ و ئەوە ئێستاش لە دژی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکان و بە تایبەت نەتەوەی کورد کەلکی لێوەردەگرن و، وا دەنوێنن کە ئەوان پارێزەری یەکپارچەیی خاکی ئێرانن، لە حاڵێکدا بە هۆی بێ لیاقەتی پادشاکانی ئەوانەوە و بەتایبەت قاجارەکان بووە ئەو ئیمپراتۆرییە گەورە و بەربڵاوە ئەوەندەی لێهاتووە کە هەیە.

ئێستاش ئەگەر مەبەستیانە ئەو ئێرانە ئاوا و یەکپارچە وەمێنێ و خۆیان نەبنە هۆی"تجزیە" بوونی پێویستە لە دەمارگرژییان کەم کەنەوە و لەو خۆ بەزلزانییە دابەزن و دان بە بوون و مافی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی وڵاتدا بهێنن. با ئێران هی هەمووی ئەو کەسانە بێ لەسەر خاکەکەی دەژین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئایا خرۆشانی خەڵکی ئێران پاش ١٢٣ ڕۆژ لە خۆپیشاندان و مانگرتن چ گورزێکی لە بناغەکانی سیستەمی ولایەتی فەقیٚ داوە؟



**توانا محەمەد نوری**

زیاتر لە چوار مانگە ڕاپەڕینێکی مەزن بە پێشڕەوی ژنان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و هەموو مرۆڤەکانی ژێر چەوساندنەوە و ئیستغلالکردن لە کۆت و بەندەکانی دەسەڵاتی بۆرجوازی کۆماری ئیسلامی دەستیپێکردووە. ڕاپەڕینێک کە میحوەرەکەی "ژن ژیان ئازادی" یە و یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامییە.

ڕەنگە هەندێک بە زەحمەتی بزانێ کە خۆپیشاندەرانی بێچەک، هەرچەند ژمارەشیان زۆر بێت، بتوانن حکومەتێکی هار و دڕندە و سەرتاپا سەربازی بروخێنن. کاتی خۆشی نارەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران بە هەمان شێوە بەدوور دەزانرا کە سەرکەوتوو بێت. بەڵام خۆپیشاندانەکان بۆ چەند مانگێک لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبووە پاشان مانگرتنەکان دەستیان پێکرد. هێزە ئەمنییەکان وایان لە خەڵک دەکرد لە شوێنێکی کاردا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، بەڵام کاتێک هێزەکان دەچوونە شوێنی داهاتوو، شوێنی پێشوو مانیان دەگرتەوە. تەنانەت بە چوارەم گەورەترین سەربازی جیهانیشەوە، دەسەڵاتی پاشایەتی ئێران ئەوەندە کارمەندی ئەمنی نەبوو کە بتوانێت بە یەکجار و لە یەک کاتدا هەمووان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ملکەچ بکات.

هەرچەندە لە ماوەی ئەم چوار مانگەدا، کۆماری ئیسلامی تاوانی گەورەی لە دژی ئازادیخوازان، شۆڕشگێڕان، ژنان، هەرزەکاران و گەنجان و خەڵکی ناڕازی ئەنجامداوە، بەڵام ئەم ڕاپەڕینە مەزنە ئەم گورزانەی خوارەوەشی لە ڕژێمی ئیسلامی ئێران داوە:

**یەکەم**: لەم خرۆشانە جەماوەرییەدا هەیبەت و هەژموونی خامنەیی لە ناوەوە و دەرەوەی سیستمەکەدا زیانی پێگەیشتووە و دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" و "مەرگ بۆ خامنەیی" کۆمەڵایەتی بووە.

**دووەم**: سەرکوتکردن وەک چەکی سەرەکی و گەرەنتی مانەوەی سیستمەکە لێی دراوە و خەڵک دیواری ترسیان بڕیوە و ئامێری سەرکوتکەر ناتوانێت ئەم خرۆشانە ڕابگرێت. دەسەڵات سەرەڕای کوشتن، زیندانیکردن، دەستدرێژی سێکسی، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان کەچی خۆپیشاندەرانی نەترساندووە و خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقام بەردەوامە.

**سێیەم**: فریودان، کە هەمیشە هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتکردن خزمەتیان بە دەسەڵات کردووە، کەوتووە و چیتر خەڵک فریو ناخوات.

**چوارەم**: سیاسەتی ڕازیکردن - Carrot policy - کە هەمیشە خزمەتی بە ڕژێم کردووە، بۆ ڕژێم دەرکەوتوە کە سوودی نەماوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕژێم خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

**پێنجەم**: ئابووری ڕژێم کە زامنی درێژەی سەرکوت و تیرۆریزمی ڕژێم بووە لاواز بووە، چونکە ئابووری ئێران لە ژێر گەمارۆی درێژخایەنی ئەمریکا و خراپ بەڕێوەبردنیدا سست بووە.

**شەشەم**: خرۆشانی خەڵک ناکۆکی خستۆتە نێو دڵی دەسەڵاتەوە؛ بۆ نمونە باڵێکی نێو ڕژێم ڕۆژێک دەڵێن چاو بە یاسای حیجابدا دەخشێنینەوە و ڕۆژێکی تر دەڵێن دەبێ گوێ لە خەڵک بگرین و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین.

**حەوتەم**: نارەزایەتییەکان، چوار مانگ دوای مردنی مەهسا ئەمینی، زیاتر لە هەر نارەزایەتییەکی جەماوەری پێشووتر لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، بەردەوامە.

**هەشتەم**: چاوخشاندنێک بە میدیا جیهانییەکان دۆخی ڕژێم دەردەخات:

**ئەسۆشیێتد پرێس**: ئەو خۆپیشاندانانەی لە مانگی ئەیلولەوە دەستی پێکردووە، ئێرانی هەژاندووە.

**لۆمۆند**: ڕژێمی ئێران بە بنبەست گەیشتوە؛ داواکاری جێبەجێ بکات، داواکارییەکان زیاتر دەبن؛ جێبەجێی ناکات، نارەزایەتییەکان بەردەوام دەبن.

**فیگارۆ**: خۆرئاوابوونی ڕژێمی ئێران بەڕێوەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**گاردیان:** خەڵکی ئێران دەیانەوێت لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە ببرێن کە بتوانن هەڵیانبژێرن و هەرکاتێکیش بیانەوێ دووریانبخەنەوە لە کارەکانیان، نەک لەلایەن پیاوە پیرۆزە گوماناوییەکانەوە کە دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەیە بۆ لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان. مرۆڤی ئێرانی دەیەوێت ئازاد بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١٧ی جانێویری ٢٠٢٣

---

## کێ فێڵی لە شۆڕشی ژینا کرد؟



**عەبدوڵڵا عەبدالی**

دوو نەتەوەی ساغ و بێ دوودڵی هەر لە سەرەتای بە دەسڵات گەیشتن و بە تاڵانبردنی دەسکەوتی شۆڕشی ١٣٥٧ لە لایەن حکومەتی ئیسلامییەوە، بەس کورد و بەلوچ بوون و بەتایبەتیش کورد.کە دانیان بەو حکومەت و دەسەڵاتەدا نەنا.

ڕێبەرانی ئەو دوو نەتەوەیە هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ بوونی ڕەخنە و هەڵە لە سەریان، بەڵام نوێنەرایەتی و زمان حاڵی خەڵکەکەیان بوون و هەن و لێک دانەبڕاون، هەر وەکو دەبینین لە لێدان و مووشەک باران کردنی قەڵای دێموکرات لە لایەن حکومەتی تڕۆریستی ئیسلامی ئێران، یان داوای ئەحزاب لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتن و خۆپێشاندان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و ڕژنا سەر شەقامەکان لە گەڵ ئەو هەموو سەرکوت و گرتن و تەنانەت ئیعدام کردنی کیژ و لاوانی کورد بە دەم بانگەوازییەکەیانەوە هاتوون و شۆڕشی شاخ و شاریان پێکەوە لێک دانەبڕاو نیشانداوە.

لە لایەکی تریش ڕەوەندی تاراوگە،خەبات و شۆڕشی ژینای لە دنیای دەرەوە زیاتر بە مێدیای و دنیایی کرد و سەرنجی دنیای بۆ سەر ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا وبەتایبەتیش کورد ڕاکێشا.

هەر بەدوای بە دەسەڵات گەیشتنی وەلیفەقییە،تەنیا حیزبێکی بەهێز و تەشکیلاتێکی موونەزەم و بە ڕێکخراوەیی، مجاهیدینی خەڵک بووە کە وەکو ئاڵترناتیڤی نەتەوەی باڵادەست دژ بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی کرداری بوون و چالاکی هەبووە تا ئێستاش.

بەڵام لە لایەن هێندێک لایەنگر لە حکومەتی تاغوتی بەرێ، ڕەوتەکەیان بە هەل زانی و قۆزتەوە کە چون مجاهدینی خەڵکیش ڕێکخراوێکی ئیسلامی و حیجابییە، بە فاڵی نیکیان زانی و پێیانوابو گەر ئێستا و لەو کاتەدا کە درووشمی ژن ژیان ئازادی هەمووی ئێران و تەنانەت دنیاشی گرتۆتەوە شانسیان زۆرە و ئەگەری پشتیوانی خەڵکی ناوخۆیان دەبێ.

بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو لایانانە، بانگەشەو ناوهێنانی حکومەتی تاغوتی و بە تایبەتیش ناوی ڕەزا، شۆڕشی ژینای لە ئێران بەرەو ساردی و سستی بردووە. نەمانی کۆماری ئیسلامی لە هەر کات و سات و بە دەسڵات گەیشتنی هەر لایەنێک، کە زۆر جاریترم گوتووە، لە قازانجی هەمووی کوردە و بەتایبەتیش ڕۆژهەڵاتی کوردستان! ئەوە جێی هیچ شکو دوو دڵیەک نیە، بە مەرجێک باشوور بۆ ڕۆژهەڵات بوبێت بە دەرس و لێ فێر بوون.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# عەبدوڵا موهتەدی بۆ هاوڵاتی: ناکۆکیی یەکێتیو پارتی کاریگەریی بۆ سەر رۆژهەڵاتیش دەبێت



**ماڵپەڕی هاوڵاتی**

**عەبدوڵا موهتەدی - سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی هاوڵاتی**

**دەقی چاوپێکەوتنی عەبدوڵا موهتەدی:**

**هاوڵاتی: بەبڕوای تۆ دەستکەوتی خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی چوار مانگی رابردووی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران چی بووە؟**

**عەبدوڵا موهتەدی**: ئەم خۆپیشاندانانە لەگرتن و کوشتنی کچێکی کوردی سەقزی بەناوی ژینا یان مەهسا ئەمینی دەستیپێکرد، وەک ئاماژەشتان پێکرد چوار مانگە درێژەی هەیەو پێم وایە سەرەڕای هەموو عەزیەت و نارەحەتی و گرتن و بریندارکردن و شەهیدکردنی زیاتر لە ٥٠٠ کەس، بەڵام من وادەزانم ئەم شۆڕشە دەستکەوتی زۆر زۆر گەورەی هەبووە، یەکەمینیان ئەوەیە جێگە و پێگەی کوردی لەئێران، بەبڕوای من لەدونیادا کوردی رۆژهەڵاتی زۆر بردە سەرەوە، ئەم شۆڕشە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردی ڕۆژهەڵاتی بەهەموو دونیا ناساندو جێگەو پێگەیەکی دا بەکوردی ڕۆژهەڵات لەئێران کە بەدڵنیاییەوە لە 44 ساڵی لەوەوپێش نەبووەو ڕەنگە پێشتریش نەبووبێ، کوردی کرد بەخۆشەویستی هەموولایەک و کردنی بەدەستپێشخەرو بەبنکەی مقاوەمەت و خۆڕاگری، هەر وابووە بەڵام ئاوا ناسرا، دووەم ئەوەیە هاوپشتی و هاوخەباتیەکی گەورە لەناو کوردو هەموو بەشەکان و نەتەوەکان لەئێران هێنایە ئاراوە، سێیەم ئەوەیە کەئەو هاوپشتی و هاوخەباتیە کەمەرجێکی سەرەکی و پێویستە بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، هاوخەباتی نێوخۆیی و هاوپشتی یەکگرتووی نێوخۆی کوردی ڕۆژهەڵاتی زۆر لەجاران زیادکرد، ناوەندی هاوکاری حزبە کوردەکان، وەکو مەرکەزێک و ناوەندێک بۆ ئەو ڕاپەڕینە خۆی دەرخست، لەمێژ ساڵە کۆماری ئیسلامی بەتەمابوو حزبەکان بێ کاریگەری پیشان بدات، جێگیربوو پێچەوانەکەیەتی.

**هاوڵاتی**: دەسەڵات لەئێران دەستی بەسەرکوتی بەرفراوان و گەورەی ناڕەزاییەکان کردووە، ئێمە دەبینین خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش لاوازبووە، بەبڕوای بەڕێزت بۆچی خۆپیشاندانەکان نەیتوانی بەرفراوانتر بێت، ڕەنگە تێبینی ئەوەش بکرێت خۆپیشاندانەکان بەرەو کۆتایی دەڕوات؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: نەخێر پێم وانیە بەرەو کۆتایی ڕۆشتبێت بەو ئاسانیە من ئەو ئەنجامە ناگرم، بەڵام هەموو خەباتێک، هەموو خۆپیشاندانێک، هەموو شەڕو جەنگێکی مەیدانی و شۆڕشیش هەڵسوکەوتیکی هەیەو پێویستی بەپشوو هەیەو خەڵکیش پێویستیان بەپشوودان هەیە، سێ مانگی بەردەوام ئەم خۆپیشاندانانە درێژەی هەبووە لەشارەکانی کوردستان لە (سنە، مهاباد، بۆکان، سەقز، جوانڕۆ، کامیاران، مەریوان، شنۆو پیرانشارو لەکرماشان) سێ مانگی بەردەوام خۆپیشاندان کەم نیە ئەویش لەگەڵ دوژمنێکی درندەی وەکو هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، من بەڕاستی ستایشی ئەو مقاوەمەت و خۆڕاگری و پشوودرێژیەی گەلی کورد دەکەم و پێموایە ئەمە بەتەواوبوونی شۆڕشی دانانێم و بەپشوویەکی دادەنێم و شۆڕش شکڵ و خەبات و جۆر بەجۆری هەیەو دوای خۆپیشاندانە بەردەوامەکان ئێستا دەبینین لەچلەی شەهیدەکاندا ئەو خۆپیشاندانانەو ئەو گردبوونەوانە هەیە، دڵنیام ئەم شۆڕشە بەو ئاسانیە ناشکێت.

**هاوڵاتی**: بۆچونێک هەیە پێی وایە هۆکاری سەرنەکەوتنی خۆپیشاندانەکانی ئێران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هێشتا سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران نیە، ڕای بەڕێزت چیە؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: من لەم ٤٤ ساڵە هەرگیز بەقەد ئەم سێ بۆ چوار مانگە نەمبینیوە کەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئەمریکاو وڵاتە ئەوروپاییەکان و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان تا ئەو ڕادەیە دژ وەستابنەوە بەرامبەر بەکۆماری ئیسلامی ئێران من ناڵێم سیاسەتی ئەکتیڤی ئەوان ئێستا ڕووخاندنی ڕژێمە، ئەسڵەن ڕووخاندنی ڕژێم کاری هێزی دەرەکیش نیە، کاری خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانە، کاری جەماوەری راپەڕیوی خەڵکی ئێرانە (کوردە - فارسە - عەرەبە- تورکە) ئەم ئاڵۆگۆڕی نێوخۆی لەئێران دەبێت بەدەست خەڵکی ئێران ئەنجامبگرێت و هەر واش دەبێت، بەڵام پشتیوانی نێونەتەوەیی و پشتیوانی کۆمەڵگای نەتەوەیی لەم خەبات و راپەڕینەی ئێران هەرگیز وێنەی نەبووە، بڕوا بکە پشتیوانیان لەئۆکراین کەمتر نیەو بگرە زیاتریشە، بەڵام ئیتر ئەمەش بۆ خۆی لەزیادبوونیشەو لە کەمبوون نیە، ئەم شۆڕشە وجهە نەزەری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەرامبەر بەکۆماری ئیسلامی ئێران گۆڕی.

**هاوڵاتی**: ئێران بەردەوام هەڕەشە لەحزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، زانیاری ئەوە هەیە کەئێران لەڕێگەی حکومەتی هەرێم و هەم لەڕێگەی حکومەتی عێراقیشەوە داواتان لێدەکات بارەگاو کەمپەکانتان چۆڵ بکەن، ئایا پێتان ناڵێن بۆ کوێ بڕۆن؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: ئێران فشاری لەسەرمان زیادیکردووە لەم ساڵانەی دواییداو بەتایبەتی لەم مانگانەی داوایدا لەووش زیاتریکردووەو فشاری بۆ بەغداد هێناوەو فشاری بۆ حکومەتی هەرێمیش هێناوە، بەڵام من بەئاسانی نابینم کەئێران سەرکەوتوو بێت لەو فشارانەیدا.

**هاوڵاتی**: فشارەکانی ئێران چین؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: فشارەکان هەر ئەوەیە دەڵێت بڕۆن و کوردستانی عێراق چۆڵ بکەن و هەرێم چۆڵ بکەن و چەک بکرێن و رادەست بکرێنەوە، سەرانی حزبەکان و کەسایەتییەکان رادەستبکرێنەوە، لەم جۆرە داخوازییانە کەبڕوای من بەئاسانی قابیلی ئەنجام نیە.

**هاوڵاتی**: بڕیارە حکومەتی عێراق هێزێک لەسەر سنووری ئێران جێگیر بکات، پێتان وایە بۆچی ئەو هێزە دەهێنرێتە سەر سنوور؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: وەڵاهی ئەوە زۆرتر پرسیارێکە دەبێت حکومەتی هەرێم و بەغداد بەتایبەتی حکومەتی هەرێم وەڵامی بدەنەوە، ئەوە پرسیارێک نیە رووی لەئێمە بێت، ئەم ئاڵوگۆڕە ناگەڕێتەوە سەر ناوخۆیی ئێران، بەڵکو دەگەڕێتەوە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان حەقە ئەو پرسیارە ئەوان وەڵامی بدەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**هاوڵاتی**: بۆچی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تائێستا ناکۆکن و یەک گوتاری هاوبەشتان نیە، لەکاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە بەیەکگرتوویی ڕۆڵێکی باشترتان هەبێت؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: نەخێر یەکگرتووی ناو ئێمە هەرگیز ئاوا زۆر نەبووەو قەت ئەوەندە یەکگرتووییەکەمان پتەو نەبووە، وەکو باسمکرد لە ٢٠١٧ ناوەندی هاوکاری حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران «ئەمە ناوە کاملەکەیەتی» ئەم ناوەندە پێکهات و ئەم ناوەندە دەوری سەرەکی هەبوو، ئەو ڕۆژەی کە ژینا ئەمینی گیانی لەدەستداو ئەسپەردەکرا لەسەقز، ڕۆژی دواتر ئێمە ڕاگەیاندنمان هەبوو و لەسەر بنەمای ئەم ڕاگەیاندنە هەم مانگرتنی گشتی لەکوردستان بەڕێوەچوو سەرکەوتووانەو هەمیش خۆپیشاندانی گشتی لەکوردستان و لەشارەکانی کوردستان و لێرەشەوە تەشەنەی کرد بۆ زانکۆی تاران و لەوێشەوە بۆ هەموو ئێران لەبەرئەوە من ئەو یەکگرتووییە نائێم تەواوەو هیچی دی نابێت، بەڵام لەچاو جاراندا ئەو یەکگرتووییە بەپتەوتر دەزانم جا ئەم ناوەندی هاوکاریە لەگەڵ حزب و گروپ و لایەنەکانی دیکەش دانە دانە دانیشتنی کردووەو دەیکات و هەماهەنگی دەکات، من یەکگرتووی کورد هەتا زۆر بێت هەر کەمە، پێم وایە زۆر قۆناغمان ماوە بیبڕین، ئەوە هیچ گومان لەوەدا نیە، بەڵام ئەو ناکۆکییە نابینم کە جەنابت باسی دەکەیت.

**هاوڵاتی**: وەکو ناوەندی هاوکاری لەگەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک دانیشتوون و کۆبوونەوەتان هەبووە؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: بەڵێ.

**هاوڵاتی**: کەی و لەکوێ دانیشتوون؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: لەهەرێمی کوردستان دانیشتووین و لەدوو سێ هەفتەی ڕابردوودا دانیشتووین.

**هاوڵاتی**: باسی چیتان کردووە؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: من لەشاندەکەدا نەبووم، بەڵام هەردوولا قسەی خۆیانیان کردووە، باسی ئەوەیانکردووە کەچۆن هەم نەهێڵن کە گرژی لەنێوانیاندا ڕووبدات و هەمیش لەو جێیانەی پێویستە دەتوانن هەماهەنگی لەنێوان خۆیاندا بەڕێوەبەرن.

**هاوڵاتی**: سەبارەت بەو ئالایەی پژاک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەسەندی کرد، ڕاتان چیەو ئێوە چ ئالایەکتان پێ باشە بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم قۆناغ و ئەم سەردەمە؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: ئێمە دەمێک ساڵە ئاڵای کوردستانمان هەڵبژاردووە لەکۆنگرەکەشماندا پەسەندمان کردووە، دیارە هەر گروپ و حزبێت بۆخۆی چی پێ مەسڵەحەتە بەسیاسەتی خۆی وادەکات، ئێمەی ئاڵای خۆمان کەهەمان ئاڵای کوردستانە هەیە.

**هاوڵاتی**: مەبەستان لەو ئاڵایەیە کە لەهەرێمی کوردستان هەڵدەکرێت؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: بەڵێ، بەڵام با ئەوەش بڵێم رۆژی خۆی ئەگەر ئێران ئازادبوو و لەکوردستانێکی ئازاد ژیاین، کەهیوادارم ئەو رۆژە زوو بێت پەرلەمانی کوردستانی رۆژهەڵات بۆ خۆی ئەو مەرجەعە دەبێت کەبڕیار بدات چ ئاڵایەک وەکو ئاڵای خۆی هەڵدەبژێرێت.

**هاوڵاتی**: لەکاتێکدا کە خۆپیشاندان و نارەزاییەکان زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی بەرفراوان گرتبووەوە ئێوە وەکو هێزەکانی رۆژهەڵات جگە لەلێدوان و بەیاننامە، تێبینی ئەوەکرا هیچ جۆرە پشتیوانییەکی خۆپیشاندانەکانتان نەکرد، ئایا بۆچی رۆڵی زیاترتان نەبووە؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: رێک بەپێچەوانەوە، ئێمە لەناو دڵی خۆپیشاندانەکان بووین، ئەی ئەو هەموو گەنجە، ئەوان دوور لەحزبەکان نین، ناڵێم هەموو کەس حزبیە، بەڵام لەنێو ئەو گشتە چالاکە گەنجەدا، لەنێو ئەو خەڵکە بەرینەدا کە بەپانایی و درێژایی هەموو کوردستانی رۆژهەڵات خۆپیشاندانیان دەکرد، چالاکانی حزبی ئێمە رۆڵی گەورەو بەرچاویان هەبوو، با پێت بڵێم ئەم خۆپیشاندانانە و ئەم شۆڕشەی کە ئەم سێ چوار مانگە لەئێران روویداوە، دەورو نەخش و جێگەو پێگەی حزبەکانی ئەوەندەی دیکە پتەوو قایمکردووە لەکوردستان، ئێمە لەجەرگەی شۆڕشەکەدا بووین، مەگەر مەبەستی جەنابت ئەوە بێت بۆ تیمی پێشمەرگەمان نەناردووە، ئەگینا لەناو خەڵکەکەدا ئەی ئەو شەهیدانە کێن، ئێمە پێمان خۆش نیە ناوەکان رابگەیەنین، بەڵام زۆری شەهیدی ئێمەن.

**هاوڵاتی**: نێوانی یەکێتی و پارتی ئاڵۆزە، کۆمێنتی تۆ لەسەر ناکۆکییەکانی ئەو دوو حزبە چیەو تاچەند کاریگەری لەسەر حزبەکانی رۆژهەڵات دەبێت؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**عەبدوڵا موهتەدی**: من تەمەنا دەکەم کەئەو دوو حزبە بکەونە دەورەیەکی وەکو جاری جاران، بکەونە ناو دەورەیەکی هاوکاری و هاوخەباتی، پێش هەموو شتێک بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە، بۆ جێگەو پێگەی کورد لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە و بێگومان بەقازانجی ئێمەش بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان تەواودەبێت.

**هاوڵاتی**: ئەم ناکۆکییانە زیاتر بەرەو هەڵکشان بڕوات کاریگەری خراپی بۆ سەر ئێوەش دەبێت؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: بۆ سەر هەموو کەس دەبێت، بۆ سەر خۆیانیش دەبێت، بۆ سەر ئێمەش دەبێت.

**هاوڵاتی**: ئێستا ئێوە بارەگاکانتان چۆڵکردووە؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: من ناتوانم وردەکاریتان بدەمێ، بەڵام رێوشوێنی پێویستمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی لەهێرشی موشەکی و هێرشی درۆنی باشتر خۆمان بپارێزین، بەڵام ناتوانم بڵێم کە چۆڵمان کردووە شتی وانیە.

**هاوڵاتی**: وەکو دوا پرسیار .. پێتوایە نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی ئێران، بەرەو کوێ دەڕوات؟

**عەبدوڵا موهتەدی**: هیچ کەس بەدیقەت بۆی پێشبینی ناکرێت، کە لەداهاتوودا بەچی ئاقارێکدا دەڕوات ئەم خەباتە، نەک ئێرە لەهیچ کوێی دونیا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەئاسانی پێشبینی ناکرێت، ئەمە تاقیگەیەک نیە دڵنیابیت لەئەنجامەکەی، بەڵام بەبڕوای من کێشەی دەسەڵات و خەڵک وەها قوڵبووەتەوەو لێک دوورکەوتونەتەوە، وەها شیرازەی دەسەڵات بەرەو دارمان رۆیشتووە، وا لەباری ئابورییەوە داتەپیوەو کێشەی نێوخۆیان زۆربووە، وەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتی لەرژێم کردووە، کە من پێموانیە بەئاسانی بتوانێت بەردەوام بێت، ئێستا بێت یان شەش مانگی دیکە یان هەر کاتێک بێت، من کۆتاییەکانی ئەم رژێمە لەئاسۆدا دەبینم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - رێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەڵتەنەت تەڵەبەکان و خەیاڵی گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی بۆ ئێران



**سایتی پەیام**

ڕەوتی ڕاستی ئوپوزسیۆن لە پەلەقاژەیەکی بێ سەمەردا هەوڵئەدات تا شۆڕشی" ژینا" بە دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" بە هەر نرخێک بووە لە ناوەرۆکە ئازادی خوازانە و پێشکەوتوەکەی داتەکێنێ و بە یارمەتی ڕاگەیەنەرە سەروەتمەندە فارسی زمانەکان دەست بەسەر ئەم شۆڕشە شکۆدارە بگرێت. سەڵتەنەت تەڵەبەکان و ڕاگەیەنەرە فارسی زمانەکانی ژێر کونترۆڵیان، ئەو سیلیبریتیانەی تا دوێنێ دەستیان لە کاسەیەکدا بووە لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی و دوای چل و سێ ساڵ جەنایەتی حکومەتی ئیسلامی تازە هاتونەتە ڕیزی ئوپوزسیۆنەوە، لەگەڵ ژمارەیەک لەو کەسانەی ڕێزەکانی حاکمیەتیان جێهێشتوە، شێوە بەرەیەکیان پێکهێناوە و هەوڵ ئەدەن بە بەکار هێنانی سیاسەتی درۆ، ئاوەژوو کردنەوە، و تەنەنات پەیڕەو کردنی توندوتیژی کەلامی و فیزیکی لە دەرەوەی وڵات نەیارانی خۆیان وادار بە بێدەنگی بکەن. لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتی لە نێوخۆدا و ئەگەری ڕوخانی حکومەتی ئیسلامی، لەگەڵ هاتنە مەیدانی شکۆداری خەڵکی کوردستان و بەلوچستان، کرێکاران، ژنان، لاوان، خوێندکاران و قوتابیان، ئوپوزسیۆنی ڕاست کە بۆ ماوەی چوار دەیە نەزۆک و وەرشکستە مابۆوە، گیانێکی نوێی هاتەوەبەر. هەنگاوی یەکەمی ئەوان تاشینی دروشمی کۆنەپەرستانەی مەرد، مەیهەن، ئابادی لە بەرانبەر دروشمی پێشکەوتو و ئازادی خوازانەی ژن، ژیان ئازادی دا بوو. لە هەنگاوی دووهەمدا پەرچەمی سەڵتەنەتیان بەسەر خۆپیشاندانەکاندا سەپاند لە دەرەوەی وڵات. لە ڕاگەیەنەرەکاندا لەدژی خەڵکی کوردستان، بەلوچستان و هەموو خەڵکی ژێر ستەم هەڵوێستیان گرت. بە خۆش کردنی ئاگری کورەی پێویستی دیفاع لە یەکپارچەیی ئێران و تاوانبار کردنی نەیاران بە جودایی خوازی دوژمنانی فەرزیان دروست کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵێک مۆرەی ئوپۆرتونیست و هەندێک جار گوماناویان بە یارمەتی ڕاگەیەنەرە فارسی زمانەکان گەورە کردەوە و منداڵەکانی پاسای پێشویان کێشایە نێوەڕاستی مەیدانەوە. سەڵتەنەت بە هۆکاری گەندەڵی بەرین و نیهادینە بوو، ئیستبدادی پاشایەتی و جەنایەتی ساواک، ناکۆکی چینایەتی بەرین بە ڕاپەڕینی خەڵک ڕوخا. ئێستا منداڵەکانی دیکتاتۆری پێشو کە کەمترین ڕەخنەیان سەبارەت بە جەنایەت و تالانو بڕۆکانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی و ئیستبدادی ڕەشی ئەو دەورەیە نییە، وەک ڕزگاری دەر هێناوەتە گۆڕێ. جەریاناتی ڕاست دەیانەوێ هۆکارەکانی ڕوخانی سەڵتەنەت بشارنەوە و ئاوەژووی بکەنەوە. لانیکەم خەڵک بگێڕنەوە بۆ یەک سەدە لەمەوبەر و لە خەیاڵی گێڕانەوەی سەڵتەنەتدا بەسەر دەبەن. ئوپوزسیۆنی سەڵتەنەت تەڵەب دەزانن کە لە ئێراندا پێگەیەکی کۆمەڵایەتیان نییە، لەسەر ئەو هیوایەن کە لە هەلومەرجێکی گونجاودا، بە پاراستنی هێزە چەکدارەکان، بە بەکارهێنانی بەشێک هەرلەم حکومەتە، شێوە کودتایەک ڕێکبخەن. حەفتا ساڵ لەوەپێش بە یارمەتی دوو حکومەتی ئینگلیس و ئامریکا و پاشای ئەوکاتی ئێران کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ یان ڕێکخست. حەوت دەیە دواتر کوڕی هەمان دیکتاتۆڕ لە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەشە کۆنەپەرست و هەل پەرستەکانی ئوپوزسیۆن و بە دەورونەخشی مێحوەریی میدیای فارسی زمان لە هەوڵی ئەوەدان کودتایەکی تر ڕێکبخەن. کودتایەک بۆ گێڕانەوەی سەر کورسی دەسەڵاتی کەسێک کە تەنانەت لە قسەشدا ئامادە نییە حیسابی خۆی لە حیسابی باوکە تاجدارەکەی جیا بکاتەوە و لەگەڵ دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دا بێگانەیە.

خەڵک مافی ئەوەیان هەیە بپرسن دوای سەد ساڵ ئیستبداد و جنایەتی هەردوو ڕژیمی سەڵتەنەتی و ئیسلامی بۆچی دەبێ بە کەمتر لە ئازادی، یەکسانی و ژیانێکی باشتر ڕازی بن.

ڕەزا پەهلەوی پێگەیەکی لەنێو خەڵکی ئێراندا نییە و ئەگەر قەرارە دەورێکیشی هەبێت، لە باشترین حاڵەتدا نوێنەری بەشێک لە ئوپوزسیۆنی ڕاستە و پەیوەندی بە سەردەمێکی تێپەڕیو و نیزامی ڕوخاوی ڕابردووەوە هەیە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەیاننامە: هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران و ئەرکەکانمان (بە بۆنەی ۷۷ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە)



**خەڵکی قارەمانی کوردستان!**

**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**

**حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە خەباتگێڕەکان!**

۲ی ڕێبەندانی ۱٤۰۱ی هەتاوی (۲۲ی ژانوایەی ۲۰۲۳)، ۷۷ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد ڕادەبرێ. بەم بۆنەیەوە بەگەرمی پیرۆزبایی لە هەڵگران و درێژەدەرانی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە لە کوردستان و، سەرجەم خەباتکاران و باوەڕمەندان بە ڕزگاریی پێکهاتە نەتەوەیی، ڕەگەزی و زمانی و ئایینیەکانی ئێران لە بندەستی و هەڵاواردن دەکەین.

یادکردنەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات و بەگشتی بۆ نەتەوەکەمان گرینگییەکی تایبەتیی هەیە. ئێمە بە یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، وەفاداریمان بە ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دووپات دەکەینەوە و ڕێز لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێشەنگبوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیاندنی حکومەتێکی کوردی دەگرین؛ لایەنە بەهێز و جوانەکانی سیاسەت و کردەوەی ئەم دەسەڵاتە کوردییە لە ئاستی نێوخۆیی، لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ئێران و هێزە خەباتکارەکانی وڵات دژ بە ستەمکاریی ڕێژیمی پەهلەوی، هەروەها لەحاند بەشەکانی دیکەی کوردستان وەبیر دێنینەوە. کۆماری کوردستان یەکەم ئەزموونی مۆدێرنی زاڵبوونی کورد لە ئێران بەسەر چارەنووسی خۆی لە بەشێک لە نیشتمانەکەیدا بوو. کۆماری کوردستان توانی لە ڕووی داهێنانی هێماکانی سەروەریی نەتەوەیی، پەرەپێدانی هەست و بیری نیشتمانپەروەری و یەکگرتوویی کوردستان، خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی، ڕێزگرتنی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان، هاوخەباتی و هاوپەیمانی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان و هێزە پێشکەوتووەکانیتری ئێران، و لە زۆر بواری دیکەدا سەرچاوەی خزمەتی گەورە و خستنەڕووی نموونەی بەرز بێ. ئەم وانانەی ئەزموونی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان، دوای ڕووخانی ئەو کۆمارەش، وەک ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کورد لە ئێران و لە سەرتاسەری کوردستان ماونەوە.

ئەم ساڵ ئێمە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا کە سەرانسەری ئێرانی داگرتووە، یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە. ئێران، لە کۆتایی هاوینی ڕابردووەوە و بەدوای تاوانی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی بەناو ئێرشادەوە لە تاران، بووە بە گۆڕەپانی تەقینەوەی بێزاری و تووڕەیی خەڵکی وڵات بەرانبەر تەواوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەم تاوانە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی لێکەوتۆتەوە کە چوار مانگە لە سەرانسەری ئێراندا لە ئارادایە. ئەم ڕاپەڕینە لەجیاتی بە ئامانجگرتنی ئەم یا ئەو قۆڵ و دەزگا و دامەزراوەی دەسەڵاتدار یان خستنەڕووی داوای سنووردار، سەرجەم ڕێژیم و خودی ڕێبەری ئەو ڕێژیمەی وەک ماکە و سەرچاوەی زوڵم و سەرەڕۆیی لە ئێران بەئامانج گرتووە و داوای ڕووخانی دیکتاتۆری دەکا. ژنان و کچان، خوێندکاران و قوتابیان، نەتەوە بندەستەکانی ئێران، کرێکاران، مامۆستایان، هونەرمەندان و وەرزشکاران و، توێژە هەژار و هەرە بێبەشەکانی وڵات، بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە ئیرادەیەکی بێوێنە هاتوونە مەیدان. ڕێژیمی تاریکی و تیرۆر و تاوان هەموو هێزی سەرکوتی خۆی بۆ بێدەنگکردن و تێکشکاندنیان بەسیج کردووە و دەستی بۆ هەموو جۆرە جینایەتێک ئاوەڵا کردوون، بە جۆرێک کە زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خۆپێشاندەران شەهید بوون، بە هەزارانیان بریندار و نەقوستان بوون، نزیک بە ١٨ هەزار کەسیان دەستبەسەر کراون و لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان، ژمارەیەکیان بە هۆی سزای ئێعدام و دەیان کەسیشیان بە هۆی ئەشکەنجەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە. بەڵام خەڵکی ڕاپەڕیو کۆڵیان نەداوە و بەوپەڕی ڕاشکاوی و بە شێوازی جۆراوجۆر، هەروا لە مەیداندان و لەسەر ویستی ڕەوای خۆیان سوورن.

لەو ماوەیەدا، خامنەیی و زۆر لە فەرماندەرانی سوپای تێرۆریستیی پاسداران، پەیتا پەیتا لەبارەی ئەم ڕاپەڕینە بێوێنەیە لێدوانیان داوە. ئەوان وەک هەمیشە، هاتنەسەرشەقامی خەڵکی ئێرانیان بە دنەدان و دەستێوەردانی بە وتەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆیان وڵاتانی دوژمن و هێزە جیاییخوازەکان گرێ داوەتەوە. ڕاشیانگەیاندووە کە کۆتاییان بە ڕاپەڕینەکە هێناوە. سەرانی ڕێژیم بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پێشەنگانەی خەڵکی کوردستان لەم ڕاپەڕینەدا و بە ئاگاداریی لە خۆشەویستی و کاریگەریی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانیتر لەسەر ئەم خەڵکە، هەر لە دەسپێکی ڕاپەڕینەکەدا، بنکە و کەمپەکانی ئەو حیزبانەیان لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان، دایە بەر هێرشی مووشەکی و درۆنەکانیان. ئەم دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنییەشیان شانبەشانی گوشارهێنانی سیاسی بۆ سەر حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا چەند جار دووپات کردووەتەوە و لەسەر هەڕەشەکانیان لەم بارەیەوە بەردەوامن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حەفتاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بە پێویستی دەزانێ پوختەی ڕوانگەکانی خۆی لەبارەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و ئەرکە هەنووکەیی و هەرە گرنگەکانی چین و توێژەکانی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی ئێران وەبیر بێنێتەوە:

ڕاپەڕینی ئەمجارە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەناسرێتەوە و ژنان لە ڕیزی هەرە پێشەوەیدان، بەرهەمی چل و سێ ساڵ دڕندەیی و ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی و ئەزموونوەرگرتنی خەڵکی ئێران و هێز و بژاردەکانی نەیاری ئەو ڕێژیمەیە. ئەم ڕاپەڕینە، داواکاری ڕووخانی ڕێژیمە نەک ڕیفۆرم لە چوارچێوەی ئەودا؛ سەرانسەری ئێرانی داگرتووە نەک تایبەت بێ بە ناوچەیەکی دیاریکراو. بە بەراورد لەگەڵ ئاخێزە جەماوەرییەکانی پێشوو، بەرفراوانترین و درێژماوەترین ئاخێزی خەڵکە و زۆرترین چین و توێژ بە یەکگرتوویی تێیدا بەشدارن.

ناوچە و شار و پارێزگاکانی نەتەوە بندەستەکان، بەتایبەتی کوردستان و بەلووچستان، هەروا کە لە شێلگیری و بەردەوامی لە خۆپێشاندانەدا لە ڕیزی پێشەوەدان، لە قوربانیدانیشدا، زۆرترین پشکیان بەرکەوتووە. ئەوەی لە سەرکوتی خەڵک لەم ماوەیەدا لە کوردستان و بەلوچستان شایەتی بووین، شەڕی بێڕەحمانەی هێزە چەکدارەکانی حکوومەت بە کەرەستەی جەنگییەوە لەدژی خەڵکی بێدیفاع، بەڵام بەورە و ئیمانێکی پۆڵایینەوە بووە. خەڵکی بەشەکانی تری ئێران، نەک هەر فریوی هاتوهەرای ڕێژیم لە بارەی جیاییخوازبوونی ئەو نەتەوانەیان نەخواردووە، بەڵکوو بە ئەمەگناسییەوە لە خۆڕاگری وبەرخۆدانی ئەوانیان ڕوانیوە و، زۆرترین هاوپێوەندی و پشتیوانییان لەگەڵ وان دەربڕیوە. لەسەریەک، نەک هەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ لێکدابڕینی پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران پووچەڵ بووەتەوە، بەڵکوو یەکگرتوورییەکی بێوێنە بەدژی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی ئێراندا دروست بووە.

ڕاپەڕینی بوێرانەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، یەکگرتوویی و هاودڵییەکی بێوێنەی لە نێو میلیۆنان ئێرانیی دەرەوەی وڵاتیش



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێکهێنـاوە و بـووە بە سـەرچاوەی چـالاکیی سیاسیی جۆراوجـۆر. لە ئاکامـدا کـۆڕ و کـۆمەڵە سیاسـی و مرۆڤدۆسـتە نێودەوڵەتییەکـان، زۆرتـرین هاوسـۆزی و هاوپێوەنـدییان لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیو لە نێوخـۆی ئێـران نوانـدووە. وازهێنـانی وڵاتـانی ڕۆژاوایـی لە وتووێژەکـانی تـایبەت بە ڕێککەوتننـامەی بەرجـام، چـوونی ژمـارەیەکی زیـاتر لە کاربەدەسـتان و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ نێو بـازنەی گەمارۆکـانی ڕۆژاوا، وەدەرنرانی ئەو ڕێـژیمە لە کۆمیسیۆنی ژنـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان و بڕیـاری پێکهێنـانی کـۆمیتەی دۆزینـەوەی ڕاستییەکان لە بـارەی تاوانەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی، و بە تێرۆریستناساندنی سپای پاسداران لەلایەن پارلمانی ئورووپاوە بەشێکن لە دەسکەوتەکانی پشتیوانیی جیهـانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران.

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێـران لە کاتێکـدا خەریکە پـێ دەنێـتە پێنجەمین مانگ لە بەردەوامیـی خـۆی کە نە لە نێوخـۆی وڵات و نە لە دەرەوەی وڵات، ئاسـۆیەکی ڕوون لە بەردەم چارەنووسـی کۆمـاری ئیسـلامیدا بەدی نـاکرێ. دەستتێکەڵکردنی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ڕووسیەی دەستدرێژکەر و هاوبەشی لە شەڕی ئۆکراینـدا، بەردوامبـوون و پەرەپێدانی هەوڵە تیرۆریستییەکانی لە نـاوچە و ئورووپـا و ئەمریکـا، خێراترکردنی هەوڵە گوماناوییەکـانی بـۆ بەرهەمهێنـانی چەکی ناوکی، هەمووی ئەمانە لەگەڵ کارنـامەی ڕەشی ئەم چەنـد مـانگەی لە دڕنـدەیی نواندن بەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیو هاوکات بوون. هەروەهـا پرسی ناسـاندنی سپای پاسدارانیش بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن ئورووپـاوە لە تەواوەتـی خۆیـدا، لێکەوتەکانی بە زیانی ئەو ڕێژیمە تەواو دەبن.

لە نێوخـۆی وڵاتـیش، سـەرەڕای ئەو هەمـووە دڕنـدەییەی هێـز و دەزگـا سـەرکوتکەرەکانی ڕێـژیم و ئیـددیعاکانیان لەبـارەی کۆتاییهاتنی ڕاپەڕینی خەڵک، ڕۆژ نییە دەیان نموونە لە کۆبوونەوە، چالاکی و درووشمی دژبە دیکتـاتۆری، بەتـایبەتی لە ڕێوڕەسمەکانی یـادکردنەوەی شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینەدا، خۆی نەنوێنێت. بە شـایەتیی دانپێـدانانە ئاشکرا و نهێنییەکـانی سەرانی ڕێـژیم، ئەوەی جـار بە جـار زیـاتر هەسـتی پێدەکرێ، مانـدوویی و دامـاوی و هەڵـوەرین لەنێـو هێزەکانی ڕێـژیم و تەنیا مانەوەی خامەنەیی و دەستوپێوەندەکانی تەنـانەت لەنێـو مۆرە درشتەکانی نێـو بـازنەی ڕێژیمدایە. ئەوەی دەبینـرێ، شکستی ئابڕووبەرانەی پیلانەکانیان بـۆ وەستاندن، بەلاڕێدابردن و سەرپۆشدانان لەسەر ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکە. ئەمانە لە لایەک، لێبڕاویی خەڵک و پەیوەستبوونی ڕۆژبەڕۆژ زیـاتری کەسـایەتییە زانستگایی، هونەری و وەرزشییەکان بە بـەرەی خەڵـک لە لایەکی تـر، سـەلمێنەری ئەم ڕاسـتییەن کە  ئەم ڕاپەڕینـە تـا کۆتـاییهێنـان بە دیکتـاتۆریی ئاخونـدی ڕاناوەستێ.

نەهاتییەکی تری کۆماری ئیسلامی لەم هەلومەرجەدا، داڕووخانی زیاتری ئابووری، دابەزینی بێوێنەی نرخی دراوەکەی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داماوبوونی لە دانی مووچەی مانگانەی مامۆستایان و کرێکاران؛ داماوی لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک بەتایبەتی نان و سووتەمەنی و دەرمانە. بودجەی ساڵی ١٤٠٢ی دەوڵەتی ڕەئیسی، کەمترین بایەخ بە کێشە بنەڕەتییەکانی خەڵک دەدا و زۆرترینی بۆ سوپای تێرۆریستی پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعات، دەنگوڕەنگی ڕێژیم، هێزە ئینتیزامیەکان، بەسیج و ڕێکخراوی زیندانەکان تەرخان کراوە. ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەیە کە کۆماری ئیسلامی، خۆی بەرەوڕووی لافاوی ڕووخان دەبینێ و بێجگە لەو هێز و دامودەزگایانەی بۆ سەرکوتی خەڵک پێویستی پێیانە، هیچ شتێکی تری بۆ گرنگ نییە.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خۆمان بە بەشێکی چالاک لەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەزانین. خەڵکی کوردستان بە ڕێنوێنیی هێزە سیاسیەکانی ڕێکخەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، ئەم ڕێژیمەی بەهۆی نێوەرۆکی کۆنەپەرستانە و دژەمرۆییانەی ڕەت کردەوە، و ٤٣ ساڵە لەبەرامبەر سیاسەتەکانیدا ڕاوەستاوە. لەم ڕاپەڕینەی ئێستاشدا کوردستان لە ڕیزی هەرە پێشەوە و هەوێنبەخشی سەرجەم ئێرانە. ئێمە لە ئاست شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینە لە کوردستان و سەرانسەری ئێران سەری ڕێز دادەنوێنین. شانازی بە ورەبەرزی، هەڵوێست و پەیامی شۆڕشگێڕانەی بنەماڵەکانیان و هاودەردی و هاوپشتیی خەڵک لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدان، بریندارەکان و گیراوەکان دەکەین. ڕێز و پێزانینی تایبەتمان هەیە بۆ مامۆستایانی ئایینیی کوردستان کە لەو ماوەیەدا هیچ حیسێبێکیان بۆ بەڵێنی بەدرۆ و هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم نەکردوە و وەک هەمیشە لەگەڵ خەڵکی خۆی بووە.

داوای ئێمە لە خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران، پاراستن و بەهێزکردنی ئەم یەکگرتوویی و هاوپێوەندییەیە کە زۆرترین ترسی خستووەتە هەناوی ئەم ڕێژیمەوە و خەریکە دەسەڵاتی نگریسی ڕادەماڵێ. لەم پێوەندییەدا بە ڕاشکاوی ڕووی قسەمان دەکەینە نەتەوەکانیتری ئێران، دانیشتووانی شارە گەورەکانی وڵات، ئەو چین و توێژانەی هێشتا بە کردەوە نەهاتوونە نێو ڕاپەڕینەکە و، داوایان لێ دەکەین قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵن و بێنە مەیدان. ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە کۆتاییهێنان بە تەمەنی پڕلەتاوانی کۆماری ئیسلامییە؛ دروستکردنی داهاتوویەکە کە سەرجەم پێکهاتەکانی ئێران تێیدا نەمانی چەوسانەوە و هەڵاواردن بە چاوی خۆیان ببینن و هەست بە ڕێز و کەرامەت و دابینبوونی مافەکانیان بکەن. ئەم ئامانجانە تەنیا بە بەشداریی گشتی و جەماوەریی خەڵک لەم ڕاپەڕینەدا دەگەنە ئەنجامی دڵخواز. بە وەڕێخستنی مانگرتنی سەرانسەریی کرێکاران، بە پەکخستنی سەرچاوەکانی داهاتی ڕێژیم، بە گواستنەوەی بەربەرەکانیی سەرشەقام و نێوکۆڵانەکان بۆ تاران و شارەگەورەکان، بە وازهێنانی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی ڕێژیم بەتایبەت هێزە سەرکوتکەرەکاندا خزمەت بەو سیستەمە جەهەنەمییە دەکەن، ئەم ڕاپەڕینە بەسەرکەوتنی یەکجاری دەگا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکێک لە گرنگترین ئەرکە هەنووکییەکان، دروستکردنی یەکگرتن و هاوپەیمانەتییەکی سەرانسەریی هێز و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. یەکگرتنێک کە لە سەر بناغەی ئامانجە هاوبەشەکان بێت و پێکهاتنی شوورا یا ناوەندێک بۆ پشتگیری و هاوکاریی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و ئامادەکردنی زەمینە بۆ قۆناغی گواستنەوەی لێ بکەوێتەوە. ڕووداوێکی ئەوتۆ ڕۆڵێکی گەورەی لە پێکهێنانی هاوهەنگاوی لەنێو خەڵکی ڕاپەڕیوی نێوخۆ و دانی گەشبینی و دڵنیایی بەوان لە بارەی ئەلترناتیڤی داهاتوویدا دەبێ. هەروەها لەبارەی ڕاکیشانی زۆرترین پشتیوانیی جیهانی بۆ ئەو ڕاپەڕینە و ستاندنەوەی کورسیی نوێنەرایەتیی ئێران لەو ڕێژیمە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، کاریگەریی حاشاهەڵنەگری دەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا لەسەر ئەم پێویستیە پێدادەگرێتەوە، پێشوازی لە مەنشوورێکی هاوبەش و ئیئتیلافێکی سەرانسەریی ئەوتۆ دەکا کە ئامادەیی داننان بە جۆراوجۆریی ئەتنیکی و قبووڵی مافە نەتەوەییەکانی ئەوان و ملڕاکێشان بۆ جێگە و پێگەی شیاو بۆ نوێنەرایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستانی هەبێ.

یادی دووی ڕێبەندان و دامەزرانی کۆماری کوردستان باشترین ڕێنوێنی خەباتی ئێمە لە هەلومەرجی ڕاپەڕینی ئێستای خەڵکی ئێراندایە. کۆماری کوردستان هەر تەنیا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دانەمەزرابوو، بەڵکوو هاوکات حەرەکەتێکی دێموکراسیخوازانەش بەدژی دیکتاتۆریی شاهەنشاهی و بۆ پیادەکردنی کۆمەڵێک بەهای ئینسانی و شارستانی بوو. خەباتی ئەمڕۆ و ئێستاشمان هاوکات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان و دروستکردنی چوارچێوەیەک لە هاوپێوەندی و پێکەوەژیان لە ئێراندایە. چوارچێوەیەک کە بنەماکەی دێموکراتیک و قبووڵی فرەنەتەوەیی و فرەچەشنی لەو وڵاتەدا بێ. کۆماری کوردستان لە عەینی جێبەجێکردنی خەونی سەروەریخوازانەی کورددا، ئامادەیی مامەڵەی بنیاتنەری لەگەڵ ئەکتەرەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسەتیش لە ئێراندا هەبوو. ئەمڕۆش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای ئەولەوییەتی خەبات بۆ ویستی نەتەوەیی گەلەکەمان و بەهێزکردنی بلۆکی کوردی، لێبڕاوە هەتا لەسەر ئاستی ئێرانیشدا یارمەتی بە وەدیهاتنی داهاتوویەکی دێموکراتیک بکا کە هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە.

سڵاو لە یادی دووی ڕێبەندان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان.

سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی لە کوردستان و لە ئێران.

سەرکەوتن بۆ ڕاپەڕینی یەکگرتووی گەلانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ناوەندی بەڕێوەبەری

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣٠ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٢٠ی جانیۆیری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## "هەرێمی کوردستانی ئیران" ناوچەیەکی یاسایی و نێودەڵەتی!




**ئاگری باڵەکی**

ڕۆژی ١٩ی ژانوییەی ٢٠٢٣ پەرلەمانی ئەورووپا لە بڕیارێکی بوێرانەدا، دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆی بەردەوام بڕیارێکی بە کۆی دەنگی ئەندامانی دژی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی دەرکرد. لەو بڕیارەدا داوا کراوە لە ولاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئەورروپا کە سوپای پاسداران لەگەڵ هەموو لق و پۆپەکانیەوە بخرێتە نێو لیستی "تیرۆر" و ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی لەسەر کەسانی یەکەمی نیزام "عەلی خامنەیی، ئیبراهیم ڕەئیسی، محەممەدجەعفەر مونتەزیری" دابنرێت! بڕیارێکی لەم شێوەیە لە ناوەندێکی یاسایی و بەهێز وەک پەرلەمانی ئەورروپا، دەگەڕێتەوە بۆ بلێسەسەندنی خەباتی ڕەوای خەڵکی ئێران و کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا پشتبەستن بە کۆمەڵێک ڕاپۆرت و زانیاری ناوەندە جیهانییە و ناوچەییەکان بووە پشتیوانەیەکی بەهێز بۆ ئەو بڕیارە مێژووەیە!

لەدەقی پەسەندکراوەی پەرلەمانی ئەوروپا بە ڕێکەوتی ١٩ی ژانیویەی ٢٠٢٣

(P9_TA(2023)0016 /
European Parliament resolution of 19 January 2023 on the EU response to the protests and executions in Iran (2023/2511(RSP)) ).



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە خاڵی ١٠ دا زۆر بەروونی باس لە بەرپرسانی یەکەمی ڕێژیم کراوە وەک کەسانی بەرپرس لە سەرکوتی خەڵکی ڕاپەریو، هەورەها سوپای پاسداران وەک دەزگایی بەڕێوەبردنی سەرکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندەکانی ئابووری و ڕێکخستنی سوپای پاسدارن وەک بونیادی موستەزعەفان، بونیادی شەهید، بونیادی جانبازان، لەگەڵ ئەوەشدا سوپایی قودس لەگەڵ لق و پۆپەکانی لە ولاتانی ناوچەکەدا دەبێ بخرێنە ناو لیستی سزاکانی یەکێتی ئەورووپا!

لە خالی ١١ دا زۆر بەروونی ئاماژە کراوە کە سوپایی پاسداران و میلیشایەکانی سەر بەو ڕێکخراوە کە وەک مافیایەکی ئابووری کار دەکەن و باسکی بەهێزی نیزامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی ئێرانن دەبێ بە وڵاتانی ئەورووپا سزای ئابووری بسەپێنێ بەسەر هەموو ئەو ناوەندانەی سەر بەسوپای پاسدارنن.

بە نیسبەتی کورد و کوردستانی ئێران لە خاڵی (B) دا ئاماژە بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی کراوە کە بەدەستی گەشتی ئیرشاد کوژراوە، بەڵام خالێکی گرینگ کە دەبێ لەسەری بوەستین ناوهێنانی ناوچە کوردستانییەکانی ئێرانە بە "هەرێمی کوردستانی ئێران" کە ئەوە بەمانای ئەوە دێت کە ئەورووپاییەکانش دان بەو ئەو ڕاستییە دادەنێن کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و دەبێ بەشێوەیەکی فیدراتیو بەڕێوە بچێ هەربۆیە بەپێ ئەو دەقە یاسایە یەکیەتی ئورووپا باس لە هەرێمێک بە ناوی هەرێمی کوردستان لە نێو جوغرافیایی ئێراندا دەکا. دەقی ڕستەکە بەو جۆرە بریارنامەکە دا هاتووە " لە کاتێکدا ژینا مەهسا ئەمینی خەڵکی هەرێمی کوردستانی ئێران بووە کە تێیدا نارەزایەتیەکان زۆر بەربڵاو بووە و سەرکوتەکانیش زۆر توند بوون."

هەروەها لە درێژەی ئەو دەقەدا باس لە دەست درێژیەکانی سوپایی پاسداران بۆ سەر حیزبە کوردیەکانی ئێران دەکات لە عێراق، کە لەو هێرشانەدا خەڵکی سڤیل بوونە قوربانی، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە ئەو حیزبانەدەستیان هەبووە لە ڕاپەرینی مانگی سێپتامبر ئێران هەروەها سوپایی پاسداران جگە لە هێرشی موشەکی بۆ سەر ئەو حیزبانە هەوڵی داوە کە هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

**ئاکام!**

ئاکامی خەباتی بێوچان و ڕەوایی کورد بە درێژایی ٤٤ ساڵی ڕابردوو نیشاندەرەی ئەو ڕاستییەیە کە ئێستا دەنگی کورد باشتر دەبیسترێ، بەتایبەتی خەباتی سیاسی و بەرگری چەکدارانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی کوردستان نابێ لەو نێوەدا لەبیر بکرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی کە لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردوودا دیتمان لە شەقامەکانی کوردستانی ئێران ئاکامی خەباتی خاوێن و ڕوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنە کوردیەکانی دیکە بوو! هەربۆیە لە ماوەی ٤٤ساڵی ڕابردوودا هیچ کات لەکاتی بڕیاری نێودەوڵەتیەکاندا پەنجەی تۆمەتبار کردن بە کردەوەی تێرۆریستی بۆگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانیان درێژ نەکراوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣٠ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٢٠ی جانیوێری ٢٠٢٣

---

## لە کۆماری کوردستانەوە بۆ کۆماری ژن ژیان ئازادی



**ئەلبورز ڕۆئین‌تەن**

دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئێستاش بیر و بەها نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان لە بیر و هزری تاک کۆمەڵگەی کوردیدا زیندووە ڕێ‌نیشاندەرە.
کاتێک کە ڕێژیمی پەهلەوی لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شار هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدار بوون بە کۆماری کوردستانی دەسوتاند و خەڵکی لە زیندان دەکرد و ڕێبەرانی کۆماری لەسێدارە دەدا بۆ ئەوەی بیری کوردایەتی بسڕێتەوە، هیچکات بیری لەوە نەدەکردەوە کە بۆ خۆی نامێنێ و مەحکوومە بە نەمان، بەڵام هزری کۆمار دوای ٧٨ ساڵ هەر لە پەرەسەندندا دەبێت و لاوانی وڵات دروشمی ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین و نابەزین لە شەقامەکان دەڵێینەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکەم لەم بابەتەنەی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە کۆماری کوردستان لە بیری کوردان لە هەر زیندوە دروشمی ژن ژیان ئازادییە. زۆر تاک و لایەن ویستویانە بە دەستبەسەرداگرتنی دروشمی ژن ژیان ئازادیی خەڵک، خۆیان بە شۆڕشەوە هەڵواسن، بەڵام بە خوێندنەوەی گۆڤاری نیشتمان بیری کۆمەڵەی ژێکاف و هەروەها هەموو هەوڵەکانی کۆماری کوردستان بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوکات بەردەوامی ئەو سیاسەتە وەک بەشێکی دانەبڕاوی حیزبی دێموکرات بە درێژای ساڵانی ڕابردوو شایەدی دەدەن کە دروشمی ژن ژیان ئازادی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵکی و کورد و خەباتە ڕەواکەی و کۆماری کوردستان بۆ گەیشتن بە ئازادییە.

ئەوکاتەی کە لە گۆڤاری "نیشتمان" شێعری کاک دەنوسرا، کە "یای کوبرا" لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وتاری دەدا، ئەوکاتەی کە یەکیەتیی ژنان بە فەرمانی سەرۆککۆمار پێشەوا دادەمەزرا، ئەو کاتەی بڕیار دەدرا کە دەبێ کچان بچنە قوتابخانە، ئەوکاتەی یەکسانی دەبوو بە پرەنسیپی خەبات و لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتدا دەچەسپا، ئەوکاتەی پێشمەرگەی ژن هاوشانی پێشمەرگەی پیاو خەباتی دەکرد، ئەو کاتەی دەورەی ٢٥٠ی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەموو ژن بوون، بناغەی دروشمی ژن ژیان ئازادی دانرا. جێگای سەرسوڕمان نیە ئەمڕۆ ژنان پێشەنگن و بۆ پێشەنگایەتییان لە کۆماری کوردستانەوە خەبات دەکرێ، جێگای سەرسوڕمان نییە کە باوکی شەهید لەسەر گۆڕی جگەرگۆشەکەی هاوار دەکا زۆر پیاو بوون نا، زۆر ژن بوون هونەرە. هەربۆیەش تا ئەوکاتەی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان وەک ئەستێرەی درەوشاوەی خەباتی کورد و کۆمەڵگەی وشیاری ڕۆژهەڵات هەبێ کەس مافی خۆبەخاوەنکردنی ئەو دروشمەی کە لە کوردستانی کۆماردا سەری هەڵدا نییە.

دووهەم بابەت کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە کۆماری کوردستانەوە دەبەستێتەوە هەبوونی کولتووری فیداکاری بۆ خاک و نیشتمانە، کە پێش کۆماریش هەبوو بە فیداکاریی پێشەوا بووە سیمبولی ژیانی کوردان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی، زیادتر لە سەد شەهید، هەزاران بریندار و هەزاران گیراو بێئەوەی چرکەیەک لە خەبات بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە سڵ بکەنەوە، وانەی پێشەوای نەمر بوون بۆ کوردان کە دەبینین لە لاواندا بەرجەستەیە و بۆ هەمیشەش تا ئەوکاتەی کوردستان هەیە و خەبات بۆ ئازادی هەیە بەردەوام دەبێت.

سێیەم بابەتی کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە کۆماری کوردستانەوە دەبەستێتەوە هاواری خەڵک بۆ بەهاناهاتنی پێشمەرگە ئەو نرخەی کە لە کۆماری کوردستان داهێنراوە دەبیندرێت. لە کاتێک شارەکان ئازاد دەکران و زەبروزەنگی ڕێژیم لە رووی ترسەکەی زۆر و زۆرتر دەبوو، بەپێچەوانەی خەڵکی شوێنی تر کە هیوای بەهاناهاتنی وڵاتانی دیکەیان دەکرد، لە کوردستان خەڵک هاواری خۆی بۆ پێشمەرگە دەهێنا و باوەڕی وابوو کە پێشمەرگە دەتوانێ ئەوان بپارێزێ، تەنانەت ئەگەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕووی ژمارە و و چەک و ئیمکاناتیش لاوازتر لە هێزی زەبروزەنگی ڕێژیمیش بێت، ئەو باوەڕە پیرۆزە کە خەڵک هەیەتی لە کۆماری کوردستانەوە تا بە ئەمڕۆ لەنێو خەڵکدا هەیە و پێشمەرگە بە باسکی بەهێزی خۆی دەزانێ و هاواری خۆی بۆ دەبات و وەک شاخ بە پشتیوانی نەتەوەی کورد دەیبینێ.

چوارەم بابەت بۆ دەرکەوتنی گەوهەری ناسیونالیزمی کوردایەتی کە ئاشتیخوازە و برایەتیی گەلانی پێ دروستە دەگەڕێتەوە، هەر چۆن لە کۆماری کوردستان هەوڵی هەوڵی یەکیەتی و برایەتیی دو گەلی کورد و ئازەربایجان وەک سیاسەتێکی سەرەکی کاری بۆ دەکرا، لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئەو پەیامە وەک بەشێکی دانەبڕاوی شۆڕش لە کوردستانەوە بۆ هەموو ئێران درا، دیتمان دروشمی "بژی ئازەربایجان، یاشاسین کوردستان" هەڵدەدران و جارێکی دیکە گەوهەری ئاشتیخوازبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ هەموو لایەک وەدەرکەوت.

پێنجەمین خاڵ دەتوانم ئاماژە بەرجەستەکردنی هەموو ئەو هێمایانەی کە لە کوماری کوردستانەوە بۆ کورد بە میرات ماونەتەوە، لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا بەزەقی دەبینیدران بکەم، هەڵگرانی دروشمی ئێمە ڕۆڵەی کۆمار و پێشەواین تەنیا ئەو بابەتەیان وەک دروشم نەدەگوتەوە بەڵکوو وەک باوەڕ کە لە هزری تاکی کورد چەسپاوە و ئەگەر هەفتا و هەشت ساڵیش دەرباز بێ هەر خۆی بە لاوی کۆمار دەزانێ هەر چۆن پێشەوای نەمر لە وتاری ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا گوتی کورد قەت نەوەستاوە لە خەبات و کۆماریش درێژەی ئەو خەباتەی کوردە، کورد ئەمڕۆ لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی نەوەستاوە و بەڵکوو ئەوەی ئەمڕۆش دەیکات بە بەردەوامیی هزری کۆمار دەزانێ.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە شەهید "کۆمار دەرئوفتادە" دەکەم کە پێش شەهیدبوونی نووسیبوی ئازادیتان خۆش بوێ، باوکی لە سەر گۆڕی خۆشەویستی ئازادی گوتی لە "٢٥ گەلاوێژ" لەدایک بووە. ئەو باوکە نیشتمانپەروەرە چونکە ڕۆڵەکەی لە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکرات لەدایک ببوو، ناوی کۆڕەکەی نابوو کۆمار، ئەو کۆمارەی کە ئازادیی خۆش دەویست و لە پێناویدا شەهید بوو، ئەو کۆمارەی بە ناوی کۆماری کوردستان کرا، دوژمنانی کۆمار ئەوکات و ئێستاش مەحکوومن بە نەمان، کۆماری کوردستان و کۆماری شەهیدیش بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکە ئەوان سیمبولی ژن ژیان ئازادی نەتەوەی کوردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢١ی جانیۆیری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەند ملیۆن کۆچبەری ئێرانی فاکتۆرێکی جیدی و کاریگەر بۆ بەهێز کردنی خەباتی نێوخی وڵات



**سایتی پەیام**

کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەی دنیایە کە خەڵک زۆر لێیەوە کۆچ دەکەن. ئیستبدادی مەزهەبی، یاسای کۆنەپەرستانە و پڕ لە هەڵاواردن گەندەڵی بەرین و نیهادینە بوو، هەڵاواردنی سیستماتیک دژبە بەشێکی بەرین لە کۆمەڵ لەسەر بنەمای جنسیەت، نەتەوە، مەزهەب و داسەپاندنی شێواز و ئۆلگوی ژیانێکی هاوتەریب لەگەڵ ئایینی شیعە بەسەر خەڵکدا، بێ ئاسۆیی لاوان، ئابووری وێران و گرانی کەمەر شکێن، و گەلێک ئێش و ئازاری لەوە پتر، زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێرانی وادار بە کۆچبەریی ناچاری کردوە بەرەو وڵاتانی دیکە.

ئەگەر جەمعیەتی ئێران زیاتر لە ٨٥ ملیۆن و ژمارەی کۆچبەرانیش ٥ ملیۆن کەس بێت، لە وڵاتێکدا کە بەرەوڕووی شەڕی دەرەکی و قاتوقڕی و کارەساتی سروشتی نەبۆتەوە، نزیکەی ٦ لەسەدی خەڵک ناچار بە کۆچ کردن کراون. کۆچبەرانی ئێرانی ئاوێتەیەکی جۆراوجۆر لە نەیارانی ڕژیم و پاش ماوەکانی نەسڵ کوژی دیەی ٦٠، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، نووسەران، پسپۆڕان و کەسانی خوێندەوار، مامۆستایانی زانکۆکان، هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی و ژینگەیین.

کۆچبەرانی ئێرانی و بەتایبەت نەسڵی دووهەم و سێهەمی ئەو کۆچبەرانەی کە لە وڵاتانی ئوروپایی، ئامریکایی و لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

باقی شوێنەکانی دنیادا لەدایک بوون، گەورە بوون و دەرسیان تەواو کردووە، بوونەتە دوژمنێکی وشیار، ڕێکخراو، بەتوانا و ئاموزشدراو دژبە کۆماری ئیسلامی. لەنێو ئەم هێزە کۆچبەرەدا بە سەدان نوێنەری پارلمان و ناوەندە ناوچەییەکان لەو وڵاتە جۆراوجۆرانەدا، بە هەزاران کەسی شارەزا و پسپۆڕ، مامۆستای زانکۆ، خوێندەوار و زمان زان بوونیان هەیە کە لە پێناو ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیدا خەبات دەکەن.

لە نزیک بە ٤ مانگ لەوەپێشەوە و لە سەرەتای شۆڕشی ژینادا کۆچبەرانی ئێرانی و کوردستانی بوونەتە هەڵسوڕاوترین و کاریگەرترین بەشی کۆچبەران لە ئاستی دنیادا. سێ خۆپیشاندانی تۆرنتۆ لە کانادا، ئاڵمان و فەڕانسە کە ژمارەیەکی دەیان هەزار کەسی لەدەوری دروشمەکانی مردن بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، سپای پاسداران تیرۆریستن و دەرکرانی باڵوێزەکانی حکومەتی ئیسلامی دەرخەری هێز و توانایی گەورە و بەرینی کۆچبەرانی ئێرانیە بۆ پشتیوانی و بەهێزکردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە نێوخۆی وڵات.

بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ کۆماری ئیسلامی بە گوشار و یان هاندان، بەشێک لە کۆچبەرانی لە وڵات وەدەر ناوە و کاربەدەستانی حکومەتی لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەم نەیارانە لە نێوخۆی وڵاتدا دەبنە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ڕژیم و لە دەرەوە بەرە بەرە پەڕاویز دەکەون و هیچ کاریگەریەکیان نامێنێ. ئێستا بە ملیۆن کۆچبەری ئێرانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوونەتە فاکتۆری سەرەکی پەڕاوێزکەوتنی حکومەتی ئیسلامی و بۆ پشتیوانی و بەهێزکردنی بزوتنەوەی نێوخۆی وڵات. تیرۆر، ئینسان ڕفاندن و هەڕەشەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاترلە کۆچبەران و هەڵسوڕاوانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات نیشانەی وەحشەتی ڕژیمە لەم هێزە و هەوڵدانە بۆ بێدەنگ کردنیان.

کۆچبەران لە دەرەوەی وڵات و لە یەکیێتی و هاوپشتی لەگەڵ هێزەکانی دژی ڕژیم لە نێوخۆی وڵاتدا، بوونەتە هێزێک بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی.
حکومەتی ئیسلامی قەت بەم شێوەیە پەڕاوێز، بێزراو و ئاسیب پەزیر نەبووە. لە هەمانحاڵدا خەڵکی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش هیچ کاتێک لەم ئاستەی ئێستادا خاوەنی یەکگرتوویی خەباتکارانە نەبوون. هیوا بە سەرکەوتن و یەکیێتی خەڵک گەلێک پتەوتر و بەرین تره لە پێشو. ڕاست لە بارودۆخێکدا کە دەسەڵاتدارانی ئیسلامی بەترس و نیگەرانیەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە دەست لەئەنجامدانی هیچ جەنایەتێک ناپارێزن، ئێرانیانی تێکۆشەر لە دەرەوەی وڵات بەردەوام خەریکی بەڕێوەبردنی کەمپەینی پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی نێوخۆی وڵاتن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هاوپەیمانی و ئەلتێرناتیڤی سیاسی لە ئێران:

### مەبەست و دەرەنجامی دەوردانەوەی حیزبەکان و خۆدزینەوە لە پێناسەکردنی سیستەمی داهاتوو




ئاسۆ حەسەن زادە

لە فارسییەوە : ڕەحمان سەلیمی

نزیکەی چوار مانگ پاش دەسپێکی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی بەدوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و لەڕاستیدا لەپێناو کۆتایی هێنان بە کۆماری ئیسلامی وەڕێکەوتوە، سەرەڕای هەوڵگەلێک کە دەگوترێ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی گشتگیری هێزە گۆڕانخوازەکان و ئەلتێرناتیڤێکی دیموکراتیک بۆ کۆماری ئیسلامی لەئارادایە، تا ئێستا ئاماژەیەک لە وەها هاوپەیمانی و ئەلتێرناتیڤێک بەدی ناکرێ. لەکاتێکدا خەڵک و بە تایبەت نەوەی نوێ لە نێوخۆی ئێران بە بەرزترین شێوە واتە بە مایەدانان لە گیانیان لەسەر شەقامەکان و لەژێر داری ئێعدامدا نەخش دەگێڕن، زۆربەی بڕاردە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە ڕوخسارە دیارەکانیان زۆرتر سەر بە نەوەی ڕابردوون، هێشتا تەنیا لە جێگە و پێگەی شرۆڤەکارانی نوسخەوەپێچدا دەردەکەون.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هۆکاری بێ توانایی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە گەیشتن بە یەکگرتووییەکی ڕاستەقینە و شوێندانەر، قەتیس مانەوەی هێز و لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەو کەلێن و دابڕانە سیاسی، مێژوویی و فکرییانەدایە کە بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیم گیرۆدەی بوون.

لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا، ڕوخسارگەلێک کە بە هۆکاری ناڕوون مێدیا فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵاتیان خستۆتە پاوانی گوتاری بەرتەسکی خۆیان و هێندێکیان میراتی سیاسیی ڕێژیمی پێشوو بەدووی خۆیاندا ڕادەکێشن یان تەنانەت لە داڕشتنی بنەما فکرییەکانی ڕێژیمی ئێستاشدا دەستیان هەبووە، لەڕووی مێتۆدیکەوە کۆمەڵێک پێشنیاریان هێناوەتە گۆڕێ کە زیاتر لە چەت تێخستن لە خەباتی دژ بە سەرەڕۆیی ئیسلامی دەچن تا ئەوەی بەرهەمهێنەری دیسکۆرس و کاردروستاییەک بن کە ویست و داواکارییەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران لەخۆ بگرێ. خۆدزینەوە لە باسکردن لە نێوەرۆکی ئەلتێرناتیف یان لە باشترین حاڵەتدا کەفایەت کردن بە خستنەڕووی هێندێک فۆرموولی گشتی و بۆش کە خومەینیش بە ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆی لە "نۆفل لوشاتۆ" بەسەر زاریدا دەهات لەلایەک، و لەلایەکی دیکەوە، خۆبواردن لە بە بنەمادانانی حیزبەکان بۆ پێکهێنانی بناغەکانی ڕێژیمی جێگرەوە، لەو پێشنیارە بەناو مێتۆدیکانەن. پاڵنەر و دەرەنجامی هەردووکی ئەو پێشنیارانەش، بەردەوامی و دووبارەکردنەوەی دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا و هاوچەشنسازە لە سێبەری گوتەزایەک بە ناوی "نەتەوەی ئێران" بە پشتگوێ خستنی گرینگترین هێزی پێکهاتەیی کۆمەڵگای ئێران واتە نەتەوە ژێردەستەکان کە بە ئاسانی زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن.

## خۆبواردن لە باسی فۆرم و نێوەرۆکی ئالترناتیف

پێشنیاری یەکەم کە لەو هەلومەرجەدا تاڕادەیەک لەلایەن ڕەوتە سیاسی و کەسایەتییەکانی دژی ڕێژیمیش ڕەچاو دەکرێ، پشت بەو لێکدانەوەیە دەبەستێ کە لە ئێستادا پێویستە هەموو جەختەکە تەنیا بخرێتە سەر یەکگرتن لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هەر چەشنە باسێک سەبارەت بە ڕێژیمی داهاتوو (تەنانەت لە هێڵە گشتییەکاندا) دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێن لە ڕیزەکانی خەڵکدا و لاوازبوونی خەباتی ڕووخانخواز. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەوانەی زیاتر لە هەمووان جەخت لەسەر پێویستیی خۆبواردن لە پێناسەکردنی ئەلتێرناتیف دەکەن، هەر ئەوانەن کە هیچ دەرفەتێک بۆ دەربڕینی لایەنگریی خۆیان لە شێوازێکی دیاریکراوی سیستمی سیاسی (گەڕانەوە بۆ پاشایەتی) لەکیس نادەن، بە بێ ئەوەی کەمترین زەحمەتی ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە کارنامەی وەها ڕێژیمێک لە ئێراندا بە خۆیان بدەن.

ئەو توێخە لە ئۆپۆزیسیۆن کە هێنانەگۆڕی پرسی ناوەڕۆکی سیستمی جێگرەوە لەو قۆناغەدا بە بڤە دەزانێ و لەسەر ئەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بڕوایەیە کە دەبێ هەموو شتێک بۆ قۆناغی ڕەنگە ئاڵۆزی پاش ڕووخانی ڕێژیم و دروستبوونی "مەجلیسی موئەسسان" وەدوا بخرێ، لانیکەم لە قسەدا هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بنەماکانی دیمۆکراسی و مافی هاووڵاتی و ویستەکانی خەڵک کە ئەمڕۆژانە لەلایەن توێژە جیاوازەکانەوە لە نێوخۆی وڵات دێنە گۆڕێ، نیە. تەنیا دەنگێک کە نایانەوێ ببیستن خواستی ڕزگاریی ڕیشەیی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە ستەم و هەڵاواردن و ئەو ڕێگاچارانەیە کە نوێنەرانی ئەو نەتەوانە بەتایبەت کوردەکان بە مەبەستی سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی لە ئێرانی داهاتوودا پێشنیاری دەکەن. هاوکات ئێزن بە خۆیان دەدەن کە سوێند خواردن بە یەکپارچەیی ئێران بکەنە مەرجی هەرچەشنە هاوپەیمانییەک و بەو شێوەیە پەرە بەو بانگەیەشە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مەترسیی دابەشبوونی ئێران هەمیشە وەک داوەڵێک بەکاری بردووە، داوەڵێک کە بەردەوام بۆ پاراستنی دۆخی ئارایی پشتی پێ بەستراوە .

**پێشنیاری خۆبواردن لە باس لەسەر سروشتی ئەلتێرناتیف، بە ئەنقەست یان لەڕووی نەزانییەوە چەند ڕاستییەک بەلاوە دەخا:**

١- واقیعیەتی یەکەم پێوەندیی بە پاڵنەری سەرەکیی ڕاپەڕینی بێوێنەی خەڵک بۆ کۆتایی هێنان بە کۆماری ئیسلامییەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئێران سەرچاوەی هەموو کێشە و نەهامەتییەکانیان لە هۆکارێکی هاوبەش (بوونی ئەو ڕێژیمە)دا دەبینن، ئەو شتەی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ئەوانی تا سنووری گیان بەخشین هێناوەتە مەیدان دۆخی تایبەتیی هەرکام لە چین و توێژەکانی ئەو خەڵکەیە، دۆخێک کە زۆربەی جار ڕیشەیەکی مێژوویی و پێکهاتەییشی هەیە. بە واتایەکی دیکە، ئەوەی وای کردوە ئەمڕۆ خەڵک بوێرانەتر و لێبڕاوانەتر لە ڕابردوو بەدژی ئەو ڕێژیمە ڕاسێن، بەر لەوەی پێوەندیی بە ویستی ئابستراکتیڤی خەڵک بۆ گەیشتن بە ڕێژیمێکی سیاسیی ئیدەئالەوە هەبێ، بەرهەمی وەزاڵە هاتنیان لەو دۆخ و هەلومەرجە تایبەتییەدایە کە دەیان ساڵە بە سەریاندا سەپاوە.

٢- گرینگترین پێنوێنی ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک، زەرفیەت و پۆتانسیەلی فراوانی سیاسی - کۆمەڵایەتی و فرە دیسکۆرسی و فرەشوناسیەکەی وێڕای توانای شکڵ بەخشین بە خەونێکی هاوبەش بۆ داهاتوویە. لەکاتێکدا کە دەربڕینی ویست و ناسنامە جیاوازەکان لەلایەن خەڵکەوە لە نێوخۆی وڵات نەبوەتە هۆی تێکدانی یەکریزی و تۆلێرانسی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک، ڕوون نییە بۆچی بە فەرمی ناسینی ئەو فرەشوناسییە لە بەستێنی ڕێبەریی سیاسی و هاوپەیمانێتیی ئۆپۆزیسیۆندا دەبێتە ڕێگر بۆ یەکگرتن و هۆکار بۆ دروستبوونی درز.

٣- بەپێی ئەزموونی ئینقلابی پێشوو کە تێیدا "ئەوەی خەڵک نایانەوێ"، "ئەوەی خەڵک دەیانەوێ"ی خستە پەراوێزەوە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هەناوی ئەو هاوکێشەیەوە سەرەڕۆیی بەرهەم هاتەوە، تەنیا ویستی ڕووخانی ڕێژیم (گریمان سەرکەوت) هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی باشتری لێ ناکەوێتەوە. هەر بۆیە ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک تەنیا بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو هەر لە ئێستاوە ئارمانجی گەیشتن بە داهاتوویەکی دیکەی لە سیاسەت و بەهاکان لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە و دەریشی دەبڕێ.

یەکگرتنێک کە تەنیا بنەمای نەرێنی (ڕەتکردنەوەی ڕێژیمی ئارایی) هەبێ و بنەمای ئەرێنیی (خەونی هاووڵاتیان بۆ سیستمی داهاتووی وڵات و بۆ جێگە و پێگەی خۆیان لەو سیستمەدا) نەبێ، نەک هەر ناتوانێ مزگێنیدەری دامەزرانی سیستمێک بۆ داهاتوو بێ کە هەمووان لەسەری کۆک بن، بەڵکوو تەنانەت لە کاری ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێستاشدا تووشی گرفت دەبێ. دیارە ئیمکانی ئەوە کە هەر ئێستا هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر جۆری ئەلتێرناتیڤ و وردەکارییەکانی ڕێک بکەون، نیە. بەڵام خۆبواردن لە پێناسەکردنی سروشت و بنەماکانی ڕێژیمی داهاتوو (بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ شێوازی وڵامدانەوە بە گرینگترین پرسی کۆمەڵگای ئێران کە پرسی نەتەوەیی-ئێتنیکییە) بە دووپاتکردنەوەی ئەو فێڵە لێک دەدرێتەوە کە ڕەوتە سیاسییەکانی ئێران لە شۆڕشی ١٣٥٧دا ملیان بۆ دا و دوایەش ئاکامە شوومەکەیان چنیەوە، واتە هەوڵی سەپاندنی گوتار و ناسنامەیەکی بەناو گشتگیر و جەهانبینییەکی دیاریکراو بە قیمەتی ڕەتکردنەوەی گوتار و ناسنامە و جیهانبینیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا. ئەمڕۆش ئەوەی مەترسی بۆ سەر یەکگرتنی چالاکی خەڵکی ئێران (بەتایبەت لەنێوان ناوەند و پەڕاوێزە جۆغرافییەکانی ئێران) دروست دەکا، ڕێک خۆبواردن لەو باسە و ڕەتکردنەوەی فرەیی لە ئێراندایە.

لە ڕابردوودا بزووتنەوەی سەراسەریی وا هەبووە کە ڕێژیمی بەرەوڕووی کێشە کردۆتەوە (بۆ نموونە بزووتنەوەی سەوز)، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئاسۆیەکی گوتاریی ڕوون و هیوابەخش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەییدا نەیتوانیوە نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەت کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بە سەرنجدان بەوەی ئەمجارە ناوچە پەڕاوێزییەکانی ئێران پێشەنگ و بزوێنەری سەرەکیی بزووتنەوەی سەراسەریین، بەدوور دەزانرێ ئەو نەتەوانە بەردەوام بوونی ڕاپەڕینی خۆیان بخەنە گرەوی قبووڵکرانی ویست و جەهانبینییان لەلایەن بژاردە ناوەندگەراکان و لەهەرحاڵدا ئەوان درێژە بە ڕێگای خۆیان دەدەن. سەرەڕای ئەوەش بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی یەکگرتنی ناوەند و "پەڕاوێز" زەرووڕەتێکی بێئەملاوئەولایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ترس لە حیزبەکان

پێشنیاری دەوردانـەوەی حیزبەکـان و هەوڵـدان بـۆ پێکهێنـانی هاوپەیمـانیی کەسـایەتییەکان تەنیـا لەڕووی دەنگدانەوەی مێـدیاییەوە تازەیـە. ئـەگینا لە دوو دەیەی ڕابـردوودا هەر ئەو کەسـایەتییانەی ئاماژەیـان پێکـرا، بەهـۆی نەبـوونی مەشرووعیەتی ڕێکخراوەیی و جەماوەری، لەو دانیشتنانەدا کە لە پێتەختی وڵاتانی ئوروپایی بەڕێوەیان دەبرد، بانگەشەی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەسەر ئەو بنەمایەیان دەکرد. ڕەنگە هەربۆیـەش بـێ کـە ئـەو جۆرە گردبوونەوانە تەنیا کۆمەڵێک کلابی هاوبیرییان لێکەوتەوە، نەک بناغەکانی ئەلتێرناتیڤێکی جیددی و جێ متمانەی خەڵک.

حیزب سڕینەوە لەگەڵ بنەماکانی دێموکڕاسی و تەنانەت لەگەڵ ئەزموونی وڵاتـانی لە حـاڵی تێپەڕیندا ناتەبایە. بەپێی پەسندکراوە نێونەتەوەییەکـان و ئەدەبیـاتی حقـووقیی ئەو نیهادانـەی دیمۆکڕاسـی پێناسـە دەکەن، حیزبەکـان یەکێـک لە کۆڵەکە مشتومڕهەڵنەگرەکانی دیمۆکڕاسی و پلۆرالیزمن. بەپێی ئەزموونی وڵاتـانیش، بۆوێنە لە فەڕانسە لەکاتی گواستنەوە لە کۆماری چوارەمەوە بۆ کۆماری پێنجەم، هەموو لایەک لەسـەر ئـەوە کـۆک بـوون کـە کـارکردی نـەگونجاوی حیزبـەکان ببـووە هۆی لاواز بوونی نیهادە سیاسییەکانی وڵات و ژەنەڕاڵ دوگۆلیش زۆری کەیف بـە تـەوەربوونی پارتـە سیاسییەکان نەدەهـات. بەوحاڵەش حیزبەکان هەروا پێوەر و پێوانەی ڕەوایی دیمۆکڕاتیک مـانەوە و دوگـۆلییش - جیا لـەوە کە بۆخۆیشی بە پلەی یەکەم لەلایەن حیزبێکەوە پشتگیری دەکرا کە سەر بەو بوو - هەمیشە ڕێزی لە پێویستیی بوونی حیزبەکـان گـرت. هەروەهـا لە ئورووپـای ڕۆژهەڵات و عیراقـی پـاش سـەددام و تونسـی پـاش بـن عەلـیش، سـەرەڕای پێکهـاتنی ئەنجومەنگەلێـک بـۆ بەڕێوەبردنی قۆناغی تێپەڕین، سەرجەم کەسایەتییەکانی ئەنـدامی ئەو ئەنجومەنـانە نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکان بوون.

ئەوانەی نیگەرانی ڕۆڵی حیزبەکان لە ئێراندان، تەنانەت سەرنج نادەنە ئەوە کە بۆخۆیان ئیدیعای خەبات بەدژی ڕێژیمێک دەکەن کە - هەروەک ڕێژیمـی پێشـوو- یەکێـک لە گرینگتـرین تایبەتمەندییـەکانی دژایەتـی لەگـەڵ چـالاکیی ئـازادانەی حیزبەکـان و خـودی دیـاردەی حیزبایەتییـە. لـەو شـوێنەی لـوتکەی سـازانی محەمەد ڕەزا شـای پەهلەوی لەگەڵ تەحەزوب دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیز بوو، خومەینی هات و گوتی "تەنیـا یەک حیزب هەیە، ئەویش حیزبـوڵڵایە!" و بە درێژایـی مێژووی کۆماری ئیسلامی، گەمەی سیاسیی نێو ڕێژیم لە دەوری کەسایەتییەکانی جێگـای قبـووڵی ڕێـژیم خولاوەتەوە، نەک لەسەر بنەمای حیزب و لایەنە سیاسییەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەو پێیە، هۆکاری دژایەتی لەگەڵ بە بنەمادانانی حیزبەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لە ئێراندا لە دوو حاڵەت تێناپەڕێ:

١- بێبەش بوونی دژبەرانی حیزبایەتی لە پێگەی جەماوەری و هەوڵدان بۆ دروستکردن یان سەپاندنەوەی مەشرووعیەتی سیاسی لە دەرەوە و لە سەرەوەی چوارچێوە نەریتی و دامەزراوەییەکان؛

٢- ترس لە بیسترانی دەنگی ڕوونی خەڵک بەتایبەت لە بەستێنی ناسنامەخوازیدا لەڕێگەی دروستکردنی کاکۆفۆنی (تێکەڵ کردنی دەنگە ناسازەکان).

### ئەو بابەتە لە ڕوانگەی گەلانی ژێردەستەی ئێرانەوە

گەلانی ژێردەستەی ئێران و حیزبەکانیان بەتایبەت لە کوردستان (وەک سیاسیترین و ڕێکخراوترین بەشی ئێران) کێشەی سەرەکییان لەگەڵ هەردوو پێشنیاری ئاماژەپێکراو هەیە و مەبەستی مەزنیخوازانە و خۆسەپێنانە لەپشت ئەو پێشنیارانەوە دەبینن. سەبارەت بە سروشت و فۆرمی ڕێژیمی داهاتوو، ئەو حیزبانە لەمێژە خاوەن ویستی ڕوون و گەڵاڵەکراو لە پێوەندی لەگەڵ بەفەرمی ناسینی پێکهاتەی فرەنەتەوەی ئێران و جێبەجێ کردنی فۆرمۆلی فیدراڵیزم لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەن و بۆ وەدیهێنانی ئەو داواکارییانەش "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"یان دامەزراندووە. هەر لە درێژەی ئەو ستراتیژییەدا، لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مانشێتی دوایین ژمارەی خۆیدا، بەفەرمی ناسینی فرەنەتەوایەتی لە ئێران و گەرەنتیی مافە نەتەوەییەکانی کوردی وەک مەرجی بەشداریی ئەو حیزبە لە هەر چەشنە هاوپەیمانییەک لە ئاستی سەراسەریدا ڕاگەیاند.

تا ئەو جێگایەش کە دەگەڕێتەوە سەر ڕۆڵی حیزبەکان، هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بە نموونەیەکی مێژوویی لەدوای ئینقلاب بکەین. کاتێک پاییزی ١٣٥٨ خومەینی بەدوای خۆڕاگریی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان لە بەرامبەر فەتوای جیهادەکەی تاکتیکی وتووێژی گرتە بەر، کۆمەڵێک لایەن دژایەتییان لەگەڵ بەشداریی دیارترین کەسایەتیی سیاسیی کوردستان واتە دوکتور قاسملوو لە هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا دەکرد، بەو بیانووە کە ناوبراو سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوو. دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا گوتبووی:"ڕێک لەبەر ئەوەی سکرتێری حیزبی دیمۆکراتم، لە هەیئەتەکەدا دەبم!"



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### ڕوونبوونەوەی ڕیزبەندییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن، قووڵبوونەوەی کەلێنەکان، دووڕەدیمەنی ڕێبەریی سیاسی

حەوتووی ڕابردوو یەکێک لە دەوڵەمەندترین حەوتووەکان بۆ ڕوونبوونەوەی ڕیزبەندیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دووڕەدیمەنی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. تەنیا چەند ڕۆژ دوای بەرجەستە بوونی ئەو باسانە و بڵاوبوونەوەی مانشێتی ڕۆژنامەی "کوردستان"، سیما و لایەنی دڵخوازی لایەنگرانی پێشنیارەکانی سەرەوە، تەبلیغاتچییەکانی خۆیانیان غافڵگیر کرد و بۆ چەندەمین جار ڕێکخراوێکیان دامەزراند کە ئەمجارە ناویان لێ نا "حزب ایران نوین". بەدەر لە کێشە سیاسی و فەلسەفییەکانی مەرامنامەی بەناو حیزبێک کە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی نوێ تەنانەت ژێریی هەڵبژاردنی ناوێکی تازەی نیە و وا دیارە بەنیازە تاقیکراوە سەرلەنوێ تاقی بکاتەوە، بە چاوخشاندنێکی سەرپێیی بەو مەرامنامەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕەوتە تا چ ڕادەیەک دژی بەفەرمی ناسینی نەتەوەکان لە ئێراندا و ڕەنگدانەوەی فرەیی ئێتنیکی لە بەستێنی گشتی و حکوومەتیدایە.

لەکاتێکدا کە حیزبەکانی کوردستان بە سینگفراوانی و بەدوور لە دەمارگرژی بەشداری لە باس و خواسەکانی پێوەندیدار بە پرسی هاوپەیمانی و ئەلتێرناتیڤدا دەکەن و سەرەڕای باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، هێشتا لایەنگری پێکەوەژیان لە چوارچێوەی ئێراندان، ناوەندگەرایانی تەواوەتیخواز لە دەرەوەی وڵات هەروا لەسەر هەڵوێستی توندئاژۆیانە و ئینکارگەرایانەیان لەئاست نەتەوەکانی ئێران سوورن. لە چارەڕەشیی گەلانی ئێران، لە پانۆڕامای لایەنە دیارترەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، ئەو بەشە کە زۆرترین دەسترۆیشتوویی مێدیایی هەیە (ژاکۆبینیستە ئێرانییەکان) و ئەو بەشە کە زۆرترین نفووزی مەیدانیی هەیە (حیزبەکانی کوردستان) زۆرترین مەودای سیاسییان پێکەوە هەیە. گۆشەکەی تری ئەو سێگۆشە بێشانسەش ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقە کە سەرەڕای بەفەرمی ناسینی مافی خودموختاریی کوردەکان، دوای تێپەڕینی چەند دەیە ئێستاش ڕوون نییە لە سبەینێی ئێراندا بەنیازن تاقیکاریی دێموکرات بوون و سێکۆلار بوون چلۆن دەرباز بکەن.

ئەگەر سروشت و ڕوانگەی لایەنە دیارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک خۆی بمێنێتەوە و ئەو لایەنانە ئامادە نەبن لە پێناو گەیشتن بە سەنتێزێکی سیاسی لە ئێراندا مایە لە بۆچوونەکانی ڕابردوویان دابنێن، لەوانەیە قازانجی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران) بەتایبەت لە کوردستان و بەلوچستان و ئەهواز کە باری قورسی شۆڕشی ئەمجارە زۆرتر لەسەر شانی وانە) چیدیکە لەوەدا نەبێ کە گرینگی بە ڕوانگە و بۆچوونی ئەو لایەن و کەسایەتییانە بدەن. ئاقاری جێگرەوە، یەکگرتوویی ئەو نەتەوانە چ لەنێو خۆیاندا و چ لەگەڵ هێزە چەپەکان لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانییانەدا کە هەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا هەیانە و تەنانەت بوونیان بە مەرجەعییەتی سەرەکیی سیاسی لە ئێراندایە. ئەگەر قەرار بێ دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوودا سەرەنجام لەگەڵ واقعیاتی مێژوویی و دیمۆگرافیی ئەو وڵاتە یەک بگرێتەوە و بنیاتی دەسەڵاتدارێتی بەکردەوە دیمۆکراتیک و دادپەروەرانە بکرێ، بۆچی دەبێ مەرجەعیەتی سیاسی لە ئێراندا ئەو ڕوخسارانە بن کە لەڕێگای تویتەر و مۆنۆپۆلی میدیاییەوە هەوڵ بۆ جێ خستنیان دەدرێ؟ بۆچی نابێ ئەو مەرجەعیەتە ناوەندەکانی قورسایی شۆڕشی ژینا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و مەلەوی عەبدولحەمید بێ کە لە مەیداندا تەنگیان بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە و لەو پێناوەدا تێچوو دەدەن؟

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢١ی جانیۆێری ٢٠٢٣

---

## پووشێک لە خەرمانی فاشیزمی ئێرانی



عادل قادری

پێش لەوەی هەر شتێک لەبارەی فاشیزمەوە بڵێین، دەبێ لەبارەی بەکارهێنانی "ئێران" وەک میتافۆرێکی خز و بگۆڕ قسە بکەین. ئێران لە ئێستەی زمانی فارسیدا بە واتای دەسەڵاتێک (سیاسی، کولتووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و...) دێت کە یەک زمان و یەک ئاڵا و یەک نەتەوە و یەک خەت و یەک کولتووره. خەیاڵدانێکی توندئاژۆی هەیە بۆ بەیەککردنی هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەنگ و دەنگەکان.

ئێران خۆی میتافۆرێکی زۆڵە، میتافۆری زۆڵ ئەوەیە کە بەپێی بەکارهێنانی زۆر و زەبەندی لە گوتارە جۆراوجۆرەکاندا و بە پشتگیریی هێزی جیاواز، دەلالەتی هەلپەرەستانەی خۆی دەردەخات. بۆ نموونە، کاتێک لە زاری کەسێکی ئێرانشارگەرا یان پانئێرانیستەوە، دەبیستین "ئێران" مەبەستی کۆی جیۆگرافیای ئێرانی ئێستە و رابردوویشە (لەوانە تاجیکستان، ئەفغانستان، بەشێک لە ڕووسیا و...)، مەبەستی تری زمان و کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکانی یەک نەتەوە واتە فارسە. لێرەدا ئێران واتای "فارس"ی (Persian) هەیە، بەڵام ئەوان بە واتای کۆی دانیشتووانی ئێران بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانیەوە بەکاری دێنن. بۆیە دەڵێم میتافۆرێکی زۆڵ و خزۆکە، چونکە هەم دەلالەت بۆ کۆی دانیشتووان ڕۆ دەنێت و هەمیش دەلالەتێکی سامناک و تاقانەگەرای خۆی دەشارێتەوە، هەرچی لە زاری نەتەوەکانی دیکە واتە ئەو نەتەوانەی هێشتا ملیان نەداوە بە توانەوە و تەسلیمبوون، ئێران ڕێک مانا دووەمەکەی هەیە، واتە جیۆگرافیایەک کە لەلایەن یەک نەتەوەوە بە تەواوەتی لەڕووی سەرمایە و ئابووری و زمان و کولتوورەوە دەستی بەسەردا گیراوە و دەمڕاستی فاشیزمێکە کە دەیەوێت هاوکێشەی دیسپۆتیزم و خان/ڕایەتیانە بەشێوە مۆدێرن و ئەورۆپاییەکەی بەردەوام بێت.

"ئێران" لە فیلمە مێژووییەکانی وەک "٣٠٠" لە دەرهێنەری زاک ئیسنایدەر (٢٠٠٦) کە باسی هێرشی خەشایارشا پاشای هەخامەنیشی بۆ ڕۆما دەکات، هەر بە ئینگلیزییەکەی "فارس"، واتە Persiaی پێ دەڵێن. دەکرێت بڵێین ئێران وشەیەکی تازەتاشراوە و بە نیسبەتی وشەی "فارس" یان "پێرشیاوە"، تەمەنێکی زۆر کەمتری هەیە. ئەگەرچی لە پاش لەناوبردنی ئاستیاگ دواپاشای ماد لەلایەن کۆرشەوە و هاتنەسەر تەختی دەسەڵاتەکانی هەخامەنشی و ساسانی، "کورد" بەشێک بووە لەو پەیکەرە سیاسی و جیۆگرافی و تەنانەت ئایینییەی فارسەکان بە سەریدا سەپاندوویانە، بەڵام ئەمە قەت بەو مانایە نەبووە کە بەرخۆدان و هەستانەوە دژیان نەبووە، بەڵکوو هەستانەوە و ڕابوونی گێومات (بەردیا) تەنیا یەکێک بووە لە هەستانەوەکان کە مێژووسازانی ئێرانی لەژێر ناوی بەردیای درۆینە نووسیویانەتەوە. لە حاڵێکدا هەستانەوەی بەردیا بۆ گەڕاندنەوەی بەها ئایینییەکانی مادەکان بوو کە لەلایەن موغە زەردەشتییەکانەوە پیلانی بۆ دانرا و لەگۆڕ نرا.

ئێران لە منداڵدانی فارسدا وەک میتافۆرێکی زۆڵ و سیزاریەن بۆکراو، هێنرایە دنیاوە و تا ئێستە لەژێر تابۆ و جەبەرووتی ئەم منداڵە ناوەخت و دێزەدا گەلانی ئێران بە ئاڵۆزترین و ئەفسووناویترین شێوە دەچەوسێنەوە.

لە خەیاڵدانی فارسێکدا یان با بڵێین لە خەیاڵدانی فارسگەرایەکدا، ئێران تەنیا کاتێک مانای هەیە کە هەموو جیۆگرافیای ئێستەی پارێزراو بێت و تەنانەت خەونی گەڕاندنەوەی ئەو پارچانەیش کە کاتی خۆی لە "ئێرانی مەزن"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دابڕاون، هەیە. ئێستەیش ئەم گوتارە لە زاری بەرپرسانی ئاینی کۆماری ئیسلامییەوە لە فۆرمی تردا ئاماژەی پێ دەدرێت و بیچمبەندی دەکرێتەوە و لەژێر ناوی "ئێرانی کولتووری" باسی سنوورێکی چەند قاتی ئێستەی جیۆگرافیای ئێران دەکرێت کە منداڵ و ڕۆڵەی ئەم دایکە گەورەیەی ئێرانن!

ڕاستییەکەی ڕەنگە پێوەست بەو فاشیزمەی ئێمە باسی دەکەین، مێژوویەکی نزیک یان دوور باس بکرێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی ڕەزای میرپەنجەوە کە بەداودەزگاکردنی دەوڵەت و سەرەتای مۆدێرنیزاسیۆنی دەوڵەت لە ئێران بە چاوساغی و زۆڵێتی ئینگلیزەکان بوو، بەڵام نەخێر، ئەمە سەرچاوەکەی تەنانەت ناشگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی شیعی و بە فەرمیکردنی ئاینی شیعە لە ئێران لەلایەن شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە، بەڵکوو مێژوویەکی دووردرێژتری هەیە، ڕەنگە هیچ ئایدیایەکی توندڕۆ و توندئاژۆ لە ڕۆژهەڵات بێبەری نەبێ لە ڕەهەندی میتافیزیکی و ئاینی و مەکینەی فاشیزم هەمیشە ڕۆنکاری و چەورکردنێکی بە ئایدیای پیرۆز پێویست بووە و لە ڕۆژهەڵات کە شوێنگەی لەدایکبوونی ئاینە جۆراوجۆرەکان بووە، ئەمە شتێکی سەیر نییە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساتێکی مێژوویی دیاریکراو کە ئێستەیش لە گوتاری ئێرانیدا بە فەخر و حەماسەتەوە باسی لێ دەکرێت، کاتێکە کە ئیسلام سەری هەڵداوە و لە ناوخۆی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا جێگیر بووە و دەیەوێت پەل بهاوێت بۆ وڵاتانی دەرەوەی نیمچەدوورگە و پێغەمبەری ئیسلام سێ نامەی مێژوویی دەنێرێت بۆ پاشای ئێران، خەسرەوپەروێز، فیرعەونی میسر و پاشای ڕۆم، بۆ ڕزگاری و بەختەوەری بانگهێشتیان دەکات. پەرچەکرداری پاشای ئێران جێی سەرنجە، ئەو نامەکە بەسەر تەتەرەکەدا دەدڕێنێت و پێی دەڵێت، تۆ لەناو بیابان و لەمەوە بە بۆنی وشتر و بزنەوە هاتووی تا ڕێی ڕزگاریی پێشانی شای ئێران بدەی؟

ئەم چرکەساتە مێژوویە زیاتر لە هەزار ساڵە و تا ئێستە درێژ بووەتەوە و لە خەیاڵدان و زاری بەشێکی زۆری خەڵکدا هێشتا عەرەب بە پێ پەتی و کولەخۆر دەناسرێن. ئەم گوزارانە و گوزارەی هاوشێوەی لە کاتی تەنگانەدا بۆ یارمەتیدان بە خوازەی ئێرانی چالاک دەکرێن یان کپ دەکرێن!

ڕەنگە دۆخی کورد لە پاش کوژرانی ئاستیاگ و لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی حکوومەتی ماد و ئاسەوارە مادی و مەعنەوییەکانییەوە، دۆخی بەرگری و وەستانەوە لە دژی فاشیزم بێت، ئەگەرچی کورد وێنەیەکی تەواو و ڕوونی لە مێژووی کۆنی خۆی نییە و هەموو مێژوو و ئەکت و ژیانکردنەکانی لەلایەن فاشیزمەوە یان داگیرکراوە یان هاوشێوەی خۆی کراوە، یاخۆ دەمامکی خۆی لێ داوە. بەڵام کورد لە ڕۆژگاری سەفەوییەکانەوە تا دەورانی ڕەزای میرپەنجە (پەهلەوی یەکەم) و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حەمەڕەزاشا (پەهلەوی دووەم) و کۆماری ئیسلامیش، هەر لەم دۆخە دژە فاشیستییەدا بووە.

ڕەنگە ئەستەم بێت نموونەی هاوکێشەی کورد لەگەڵ داگیرکەرانیدا لە مێژوودا ببینینەوە. زۆر گرینگە سەرنجی ئەوە بدەین کە بەدرێژایی سەتان ساڵ کوشتن و قەلاچۆکردن کورد نەتواوەتەوە و لانیکەم دەزانێت هێزێکی دڕ و بکوژ و بخۆر هەیە کە دژی هەموو بەها مرۆییەکانی ئەوە، ڕەنگە لەم ڕێگە خوێناوی و پڕ کەند و لەندەدا، چەندان جار کورد تووشی نسکۆ و کەتن بووبێت، بەڵام ڕۆحی بەرگریی هەر بە پێوە وەستاوەتەوە. تا ئێستەیش دۆخی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرخەری ئەوەن کە فاشیزم لەوپەڕی بەهێزیدایە و دیموکراسی تەنیا قسەی سەرزار و لێدوانی بریقەداری مەکینەکانی دەسەڵات و خێڵ و گرووپ و دەستە جۆراوجۆرەکانە.

ئەگەر سەرنجی ڕووداوەکانی دوای کوژرانی "ژینا"مان دابێت، تێدەگەین ئەو تێڕوانینەی لەلایەن بەرەی ئێرانییەوە (فارس) هەر لە سەرەتاوە بیچمی پێ درا، ئێرانپەرستی و زیندووکردنەوەی نۆستالۆجیا و خەونی ڕابردووی شکۆدار و مەزن بوو کە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی فاشیزم.

گۆڕینی ناوی "ژینا" بۆ "مەهسا"، هەڵبەت ناکرێت بڵێین گۆڕین چونکە دووناوە بوون لە ئێران هەمدیس خۆی دیاردەیەکی فاشیستییە کە ناوەند بەسەر پەراوێزدا سەپاندوویەتی، واتە دۆخی "ژینا/مەهسا" دۆخێکی فاشیستلێدراو بووە، بەڵام دەشێت بڵێین پەراوێزخستنی ناوی ژینا و زەفکردن و تاقانەکردنی ناوی مەهسا (تەنانەت لەلایەن بەختیار عەلیشەوە و لە وتاری "ئێران و کێشەی گۆڕانکاری لە خۆرهەڵات"، بە مەهسا ناو دەبرێت و ڕەنگە بڵێت بەو شێوەیە لێبووردن لە هەمبەر جەلاد ڕزگاریکەرە، وەک خۆی لەو وتارەدا فۆرمەلەی دەکات)، خۆی سادەترین و دیارترین هەنگاویان بوو.

گرتنەبەری سیاسەتی لایەنگارانە بۆ ڕوومالکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان لەلایەن میدیا زەبەلاحە فارسییەکانی وەک "ئێران ئینتەرنەشنال و بی بی سی و مەن و تۆ و پەیجگەلێکی وەک توانا و ئیندیپیندێنتی فارسی" هەمان زایەڵەی فاشیستین کە لە دڕترین و کەڕترین حاڵەتی مێژوویی خۆیاندا دەرکەوتن.

گوتاری ئەمانە ئەگەر بە قەدەر گوتاری کۆمار فاشیستیتر و توندئاژۆتر نەبێ، ئەوا لە ئاستی ئەوانە و من پێم وایە زیاتریشە.

لەم ڕۆژانەیشدا دوو بەناو حزب لەلایەن ئێرانییە پاشایەتیخوازەکانەوە لەژێر ناوی "ئێرانی نوێ" (ایران نوین) و "سازمان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مشروگە" دامەزران کە مەرجە سەرەکی و یەکەمینەکەیان بۆ هەر جۆرە بەشدارییەکی سیاسی، پابەندبوونە بە یەکپارچەیی خاکی ئێران و دەڵێن، هەر کەس پابەند نەبێ بەم مەرجەوە، هیچ پێگەیەکی نییە و هەر نابێ قسەی لەگەڵدا بکرێت. مەرجی تریشی پابەندبوونە بە دیموکراسی! دیارە مەبەستی لە دیموکراسی تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە پابەند بن بە مەرجی یەکەم، ئەگینا لەتوپەتیان دەکات.

فاشیزم لەم دژوازییە مەکیاجکراوانەوە خۆی مانیفێست دەکات و دەدوێت!

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٣

---

## ژنان لە کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ژینا



ئاسۆ مینبەری

لە ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی لە شکڵی کۆماریدا و ئەویش لە جوغرافیای کوردستاندا تێدەپەڕێت، کۆمارێک کە ئەگەرچی سەرەڕای کورتیی تەمەنی دەسەڵاتەکەی، بەڵام ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرینگترین دەسکەوت و شانازییەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد دادەنرێت.

لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە بۆنەکانی پێوەندیدار بە کۆماردا باس لە بەستێنی مێژوویی و سیاسیی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتە مێژووییەکانی کراوە، دەسکەوتەکانی چ لە باری سیاسی، چ لە باری هزری و چ لە بوارەکانی دیکەی وەکوو کۆمەڵایەتی، پەروەردە و ...، بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا جێگا دەگرێ، کاریگەریی کۆماری کوردستان لەسەر دۆخی ژنانە و هەروەها ئەو ڕاستییەش کە چۆن ژنان لە کۆماری کوردستانەوە گەیشتنە ئەمڕۆ و ئێستا پێشەنگی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادین!

کۆماری کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەستی بۆ کۆمەڵێک خاڵ برد کە تا پێش لەوە هیچ گرینگییەکیان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و نەخوێندەوارییش تێیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو، نەبوو، یەکێک لەم پرسانە پرسی ژنان بوو! لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواردا کە ڕێژەی خوێندەواریی ژنان سفر بوو و لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە خێزانییشدا پەراوێز دەخران و نەدەبیندران، ئەمجارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیدا توانییان هەست بە بوونی خۆیان بکەن کە یەکەمین هەنگاویشی وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بوو کە ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوامە.

خاڵێکی گرینگ و جێی تێڕامان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە زۆر جار باس لەوە دەکرێ خودی پێشەوای نەمر، بۆ دەسپێکی کاری ئەم ڕێکخراوەیە، خێزانی خۆی واتە مینا خانمی قازی دێنێتە گۆڕەپانی کاری پراگماتیکەوە و وەکوو ژنێک پێشەنگایەتیی ئەم ئەرکەی دەخاتە سەر شان، لە ڕاستیدا لەو کۆمەڵگەیەدا کە ژنان وەکوو ڕەگەزی ژمارە دوو چاویان لێ دەکرا و تەنیا شیاوی کارگەلێکی وەک هاوسەرداریێتی و دایکایەتی و وەچەخستنەوە بوون، ئەمە شۆڕشێکی گەورە بوو کە ژنان لە یەکەمین دەسەڵاتی کۆماریدا خۆیان ببیننەوە و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەوەی کە پێشەوا قازی ئەم هەنگاوەی لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ کرد، ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان بێت بۆ ئەوەی کە بەم بوونە، ژن بتوانێ جێگای خۆی بگرێتەوە. لە ڕاستیدا لە سەردەمی ئێستاشدا کە گۆڕان لە زۆر شتدا دروست بووە و ئاوەزی مرۆڤەکانیش بەردەوام لە گەشەکردندایە، هێشتا هەن کەسانێک کە بیر لە شتی باش دەکەنەوە و گرینگیی پێ دەدەن بەڵام، بۆ خۆیان و چوارچێوەی ژیانی خۆیان بە قەدەغە و بڤەی دەزانن! ئەو هەنگاوەی پێشەوا قازی لەو سەردەمەدا هەنگاوێکی جیددی و بەبایەخ بوو، چونکە لە خۆیەوە و لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێ کرد و ئەوەش بوو بۆ هۆکارێک بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکەش هەم گۆڕان لە بیرکردنەوەیاندا درووست بکەن و هەم بایەخ بە تواناکانی ژنان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بدەن.

دەسپێشخەربوونی پێشەوا قازی لەم بوارەدا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، کە توانی ژن بگەڕێنێتەوە بۆ پێناسەی راستەقینەی خۆی. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا و بەتایبەت سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سڕینەوەی ژنان و پێناسەکردنی ڕۆڵی لاوەکی وەک هاوسەربوون و دایکبوون و بەپیرۆز نیشاندانی ئەم ئەرکانە، بە پشتبەستن بەو بەگگراوندە مێژووییە کە لە کۆماری کوردستاندا و بەگشتی لە مێژووی کورددا هەبووە، ژنان هیچکات ملکەچی دەسەڵات و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک نەبوون، نموونەکەی هەر ئەو حیجابە زۆرەملێیە بوو کە پاش ٤٤ ساڵ، نەیتوانی ژن بکاتە کۆیلە و ژنان بە هەر چەشنێک کە بۆیان کرابێ دژایەتییان کردووە، تا جێگایەک کە خودی ئەم حیجابە زۆرەملێیە کە ڕێژیم پێی وابوو کۆڵەکەکانی مانەوەی قایمتر دەکات، بووەتە هۆکارێک بۆ دەسپێکردنی شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژینا کە لە ژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا خەریکە خودی ڕێژیم تووشی نوقم بوون دەکات.

بێگومان شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک نییە کە بڵێین یەکجاری و لەناکاو سەری هەڵدا، شۆڕشێکی کە درێژەدەری هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا روویان دا بەڵام گرینگتر لە هەمووی ئەم بابەتەیە کە سەرهەڵدانەکەی لە کوردستانەوە بوو، واتە بەستێنی مێژوویی لە کوردستان یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دەسپێکی ئەم شۆڕشە بوو هەرچەند نابێ لەبیرمان بچێت کە مێژووی چەندین ساڵەی دژایەتیی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و بیری داسەپاو لەلایەن دەسەڵاتەوە لە هۆکارەکانی دیکەی پەنگخواردنی هاواری ژنان بوون، دیارە ساڵانێکی زۆرە ژنان بە شێوازی جیاواز بەرەنگاری ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە دەبنەوە کە بێگومان بەشێکی هەرەزۆری ئەم ویست و خواست و توانایا هەر لە کۆماری کوردستانەوە و لە ئاکامی پەروەردەی ئەم دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ؛ کۆماری کوردستان بوو کە بە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ژن و گرینگیدان بە بوونی ژن، فێری کرد کە ئەرک لە ئاستی نیشتمانەکەیدا و لە ئاستی خۆی وەکوو مرۆڤدا وەئەستۆ بگرێت و ببێتە خاڵێکی زێڕین بۆ لێفێربوون.

کە وایە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی درێژەی هەمان شۆڕشێکە کە ٧٧ ساڵ پێش و بە دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان چەخماخەکەی لێ درا و ئێستاش بەردەوام بوون و سەرکەوتنی ئەتوانێ لە ڕزگاری خاک و نیشتمان و گەڕانەوەی سەروەری بۆ خاکە داگیرکراوەکەمان کاریگەریی ئێجگاری زۆری هەبێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "ژن، ژیان، ئازادی" لە بەرنامە و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا




**تاهیر قاسمی**

ئەم ساڵ لە کاتێکدا بەرەو یادی دووی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچین کە ئەوە ماوەی پتر لە چوار مانگە شۆڕشێکی گشتگیر و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەموو بەشەکانی ئێرانی تەنیوەتەوە. شۆڕشێک کە دژبە کوژرانی کچێکی کورد لەلایەن چەکبەدەستانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. چەخماخەی شۆڕشەکە ئەو کاتە لێ درا کە بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی کورد، لە کاتی ناشتنی تەرمی "ژینا"، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز ئامادە بوون و دژبە دەسەڵاتی داگیرکەر و بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنی کورد و شوناسی نەتەوەیی کورد، دروشمیان دا. دواجاریش هەر لەو کۆبوونەوە و لە دروشمەکانی ئەو خۆپیشاندانەوە، بانگی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرانسەری ئێران و جیهانی گرتەوە و بوو بە دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ژینا.

دروشمەکە سەرەتا بە کرچی و لە شێوەی ژن - ژینا و ژن - ژینا - ئازادیدا گوترایەوە، بەڵام لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکەدا بیچمی گرت و بە شێوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لەنێو جەماوەرەوە زایەڵەی دایەوە. ڕۆژی دواتر خوێندکارانی زانکۆی تاران کە یەکەم شوێن بوو لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا بانگی ناڕەزایەتییان بۆ خەڵکی کوردستان ئەستاندەوە، دروشمەکەیان بۆ سەر زمانی فارسی گۆڕی و وەک دروشمی سەرەکیی خۆپێشاندانەکەیان، گوتیانەوە. بەو جۆرە "ژن ژیان ئازادی" بوو بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دروشمی سەرەکیی ئەو سەرهەڵدانە ئازادیخواز و شوناسخوازانەیەی کە لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئایدۆلۆژی، ئابووری، پێوەندییەکانی دەرەوە و هێنانە سەر هێڵی بیروڕای گشتیی جیهانیدا، تەنگی بە ک. ئیسلامی هەڵچنیوە.

لە باری واتاییەوە، دروشمی "ژن ژیان ئازادی" دەکرێ لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ؛

- لە ڕوانینێکی سەرەتاییانەدا وا دەنوێنێ کە ژن وەک دایک سەرچاوەی ژیان و خوڵقانی مرۆڤە و لەو گۆشە نیگایەشەوە داکۆکی لە ئازادیی ژن دەکا.
- هەر لە ڕاستای بە ژنانە دیتنی کۆی دروشمەکەدا دەکرێ وەک دروشمێکی یەکسانیخوازانە کە لە ڕاستای دابینکردنی ژیان و ئازادی بۆ ژندایە، سەیر بکرێ و هەر دوو چەمکی ژیان و ئازادی تێیدا تەنیا بۆ ژن بگەڕێندرێتەوە.
- وێڕای ئەوانە دەکرێ سێ چەمکی ژن، ژیان و ئازادی لە دروشمەکەدا بە جیاواز لێک بدرێنەوە و دروشمەکە بە شێوەی گشتگیرتر هەڵبسەنگێندرێ. بەو واتایە سەرهەڵدانێک کە دژ بە کوشتنی ژن دەستی پێ کردووە، لە پێناو دابینکردنی مافی ژیان و ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵگە تێدەکۆشێ و دژبە دەسەڵاتێک دەوەستێتەوە کە ئازادیی لە مرۆڤەکان و لە سەرووی هەموان لە ژن داگیر کردووە و مرۆڤەکان بەسانایی دەکوژێ و ژینا ئاسا ژیانیان لێ دەستێنێ. دیارە چەمکی ژیان لێرەدا دەتوانێ ئاماژە بە مافی بژیو و گوزەرانیش بێ لەو وڵاتەدا کە دەسەڵاتی دیکتاتۆر خەڵکەکەی لە پێناو ئایدۆلۆژیا چەوتەکەیدا لە تەنگانە ناوە و بژیو و ژیانی لێ ئاستەم کردووە.

ئەم سێ لێکدانەوەیە پێبەپێی بەرینبوونەوە و پەرەگرتنی خۆپێشاندانەکان، ڕەنگە لە بیر و هزری خۆپێشاندەران و چاوەدێرانیشدا جۆرێک ڕەوتی گەشەکردنی دروشمەکە پێشان بدا، بەڵام لەم بابەتەدا زیاتر بە ئاراستەی خەباتی یەکسانیخوازیی ژن لە کۆمەڵگەدا چاوی لێ دەکرێ. چونکە لە یەکەم کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیشدا کە دژبە کوشتنی ژنێکی کورد هاتە ئاراوە، خوڵقان و گوتنەوەی ئەو دروشمە زیاتر لە هەر هۆکارێک بۆ باوەڕی خەڵکەکە بە ماف و ئازادییەکانی ژن دەگەڕێتەوە. ئەم باوەڕەش سروشتییە بە شەوێک لەدایک نەبووە و ڕەگی لە فەرهەنگی خەڵکەکە و لە دەیان ساڵ خەباتی بەردەوامی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئازادی و لەوانەش بۆ ئازادیی ژنی کورددایە.

پێش ئەوەی خەباتی مۆدێرنی ئازادیخوازانەی کورد دەست پێ بکا و خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا ببێ بە یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی ئەم خەباتە، ژنی کورد بە تایبەت لە دەڤەری سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لە هێندێک بواردا خاوەنی ماف و تا ڕادەیەک یەکسانی لەگەڵ پیاو لە کۆمەڵگەی سەرەتایی کوردستاندا بوو. ئەم بۆچوونە هەم بە وردبوونەوە لەو بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆریانەدا دەردەکەوێ کە هەڵقوڵاوی باوەڕە لەمێژینەکانی کۆمەڵگەن و هەمیش لەو داب



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و نەریتانەدا کە لە کۆمەڵگەدا ڕەگیان داکوتاوە. بۆ وێنە لە زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەیتە ئۆستوورەییەکاندا کە کۆنترین باوەڕەکانی کورد تێیایاندا ڕەنگی داوەتەوە، دوو قارەمانی سەرەکی هەیە کە کەسایەتیی یەک لەو دوو قارەمانە ژنە. ئەو یەکسانییە لەسەر ناوی بەیتەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە؛ وەک خەج و سیامەند، مەم و زین، شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ. تا ئاستێک کە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا تای تەرازووی یەکسانییەکە بە لای قارەمانی ژندا قورسایی دەکا و دەسەڵاتە سەرەکییەکە لەنێو چیرۆکەکەدا بە ژن دراوە. لەنێو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەشدا، بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە ژیانی کوردەواری لە سەرەتاوە پتر کۆچەری و گوندنشینی بووە، دەبینین ژنان بێ شەرم و ڕووگرتن و خۆپەنادان، شان بە شانی پیاوان لە کار و بەرهەمهێناندا بەشدارن کە هەر ئەوە جۆرێک لە ماف و یەکسانی پێ دەبەخشین. ڕەنگە هەر ئەو هاوبەشییە لە بەرهەمهێناندا بوو کە لە کۆمەڵێک کایە و یاریدا کچ و کوڕ وێکڕا بەشدارن و بە گەورەیی لە گەڕی ڕەشبەڵەکیشدا شان بە شانی یەک هەڵدەپەڕن. تەنانەت ژن دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە بۆخۆی هەڵبژێری کە لە دەستی کام پیاودا هەڵپەڕێ. ئەو کاتەش کە کچ و کوڕ بەهۆی دەستەنگی یان بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان نەتوانن بەئاسایی زەماوەند بکەن و ژیانی هاوبەش پێک بێنن، ئەوە هەڵگرتن و ڕەدوو کەوتن لە ڕوانگەی کۆمەڵگەدا کردەوەیەکی هێندە قەباحەت نەبوو.

بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی شارستانییەت و ژیانی شارنشینی، ئازادییەکان لە ژنان ئاستەنگ کرانەوە. نە شارەکان ئەوەندە پێشکەوتوو بوون تا پیشەسازییان تێدا بەهێز بێ و کار بۆ ژن هەبێ و نە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بڕەوی هەبوو تا بتوانن لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێ. بۆیەش لە چەرخەی بەرهەمهێناندا نەما و ئەوەش بوو بە هۆ کە وەک کاڵا و کارکەر لە ماڵەوە سەیر بکرێ و بە کردەوە بە بەشێک لە سامانی پیاو حیساب بکرێ. بەو جۆرە ژن ناچار کرا لەنێو ماڵ و لە "حەرەمی" پیاودا بمێنێتەوە و کە چوو بۆ دەرەوەش، بە پۆشینی پەچە و ڕووبەند، ئەو کۆت و بەندە بە دەوری خۆیدا بپارێزێ. لە وەها دۆخێکدا کە دۆخی دیلییە، خەبات بۆ ئازادی دەست پێ دەکا. لەو گۆشە ڕوانینەوە شیمانەی ئەوە سەر هەڵدەدا کە خەبات بۆ ئازادیی ژن و یەکسانیی کۆمەڵگە یەکەم جار لە شارە گەشەنەسەندووەکانەوە دەستی پێ کردووە.

شاری مەهاباد لە سەردەمی لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستاندا شارێکی گەشەنەسەندوو بوو. ژنانی ئەو شارە و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نە ئازادییەکانی ژنانی لادێیان هەبوو، نە لە شارێکی پیشەسازیدا دەژیان کە بتوانن لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و نە کۆمەڵگەی پیاوسالار بەو ئاستە لە ڕووناکبیری گەیشتبوو کە دەرفەتیان پێ بدا کە وەبەر خوێندن بنێرێن و چاویان بکرێتەوە. لە وەها دۆخێکدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئازادیخوازانە لەو هەرێمە هاتە ئاراوە کە ئەگەرچی تەواوی ڕێکخەرانی پیاو بوون بەڵام هەر لە سەرەتاوە خۆیان لە پرسی ژن و ئازادی بۆ ژن نەبوارد. بەڵام ئەو ئازادیخوازییە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەکیەک و بە پێی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرنامەی ڕوون و ڕێک نەبوو بەڵکوو لە مەودای تێکۆشانە سیاسییەکەدا گەشەی کرد و قووڵبوونەوەی بەرچاوی بە خۆیەوە دیت.

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف بە قۆناغی یەکەمی ئەو بزووتنەوە سیاسی و ئازادیخوازانەیە دادەنرێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵەی ژێکافدا نیشتمان ژنە کە وەک دایکێکی دیل سەیری دەکرێ و ئەندامی کۆمەڵە دەبێ هەوڵ بدا لەو دیلییە ڕزگاری بکا. ڕەنگە ئەو ڕوانینە لە "ئاخوداگای" داهێنەرانی کۆمەڵەدا کە زۆربەیان لاوانی ڕووناکبیری شار بوون، لە هەمان دیاردەی دیلیی دایک یان ژن لە ژێر چارشێو یان چوارچێوەی ماڵ، کەوتبێتەوە. ئەم بیرە لە ناو کۆمەڵەدا زاڵ بوو. پێشاندانی ئەو ڕوانینە لە شانۆنامەی دایکی نیشتماندا یەک لە بەرچاوترین کارەکانی کۆمەڵە بوو. لەو شانۆنامەیەدا دایکی نیشتمان دیل بوو و لاوان دەبوو ڕزگاری بکەن. ئەو ڕوانینە لە هزر و بیری ئەندامانیدا ڕەنگی دەدایەوە. هەژار وەک یەک لە وەفادارترین ئەندامانی کۆمەڵە، لە شێعری هەژار و نیشتماندا دەڵێ:

"دوێشەو زۆر بە سۆز کاتی بەربەیان
هاتە گویم ناڵە و زایەڵەی گریان
بە سەد مەرارەت لە بنیانم کرد
دیتم وا دایکی نیشتمانی کورد
دەگری و دەناڵێ وەک هەوری بەهار
ڕەشی پۆشیوە لە سەر تا بە خوار"

گەڕانەوە بۆ ژیانی ساکاری لادێ و چوونەوە سەر داب و نەریتەکانی کوردەواری، ڕوانگەیەکی دیکەیە کە تێکۆشەرانی کۆمەڵە پێیان وایە لەو ڕێگایەوە ئازادی بۆ ژن دەگەڕێندرێتەوە. ئەوە بۆ وێنە لە بەشێک لە شێعرەکانی ئەو سەردەمەی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە کە دەکرێ وەک ڕەنگدانەوەی بیری ژێکاف لە شێعرەکانی ئەو سەردەمی شاعیر لێی بڕوانین؛

"کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری
بەوەی نییە ماوەیەکە چوویە شاری
ئەگەر پێتخۆشە هەروا بتپەرستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یان؛

"کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن
کیژی ئازادە ئەوی ژینی بەنووکی گاسنە"

هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی ژن بۆ نێو کۆڕی خەبات و شان بە شانی پیاو ڕوانگەیەکی ترە کە ڕووناکبیرانی کۆمەڵە وەک ڕێگای دەستەبەر کرنی ئازادی بۆ ژن دەستنیشانیان کردووە. بۆچوونێک کە دواتر و بە پەرەگرتنی خەباتی چەکداری لە حیزبەکانی کوردستاندا بەهێزتر بوو. هێمن لە "وتووێژی کچ و کوڕ"دا دەڵێ:

" بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
دێدە گیان بدە یاریی برای خۆت
لەگوێن ژاندارک هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان"

گەرچی هەمووی ئەو شێوە ڕوانین و ڕێگا پێشنیاریانە بۆ ڕزگاریی ژن تا کۆتایی تەمەنی کۆمار و دواتریش لە بڕەو نەکەوتن، بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بۆ چۆنیەتیی چارەسەریی پرسی ژن هاتە ئاراوە و لە هەوڵی ئازاد کردنەوە بۆ تێکۆشان لە پێناو یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا گۆڕدرا. حیزب لە مەرامنامەی خۆیدا کە چەند مانگ بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوی کردەوە، دەستەبەرکردنی ئەو مافەی وەک ئەرکی خۆی دیاری کرد و ڕایگەیاند؛ "لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتیدا پێویستە ژن مافی یەکسانی هەبێ لەگەڵ پیاودا" (مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بەشی ٤ مادەی ٢١)

حیزب هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا هەوڵی دا بەو بڕیارەی خۆی وەفادار بێ. لە جێژنی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، ژنانیش بەشدار بوون. دوو ژن وتاریان خوێندەوە و بانگەوازیان لە ژنانی کورد کرد تا وەک پیاوەکان خۆیان پێ بگەیەنن و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی وڵات بدەن. گەرچی نە بەشدارییان و نە ڕادەی وتارخوێنە ژنەکان لە قەدەر نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگە نەبوو، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی سوننەتیی ئەوکاتی کوردستان، لەنێو نەریتی ڕاگیرانی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا و ڕێژەی کەمی ژنانی خوێندەوار لەو کۆمەڵگەیەدا، هەنگاوێکی گرینگ بوو. "خەدیجە مەجدی" یەک لە ئاخێوەرانی ئەو مێتینگە بوو کە ڕوو لە ژنان گوتی؛ ئێستا خوشکانی بەڕێزم وەرن چاو لە پیاوەکان بکەین و دەستمان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بخەینە نێو دەستی یەکترەوە. چونکە دەبینم کە دایکی نیشتمان چاوەڕوانە کچەکانیشی دەست بە تێکۆشان و خوێندن بکەن تا ئێمەش بگەینە ئاستی براکانمان. دنیا پێویستی بەوە هەیە کە کچان و کوڕان وەک خوشک و برا بۆ ئازادیی دایکی نیشتمان، دەست بدەنە دەستی یەکتر".

لە ژێر سێبەری باوەڕەی یەکسانیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کۆماری کوردستان لە سێ بواردا هەوڵی دا ئەو ئامانجە دەستەبەر بکا کە لە مەرامنامەکەیدا بەڵێنی دابوو:

**یەکەم**: دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان

**دووهەم**: بەشداریپێکردنی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە

**سێهەم**: خوێندەوارکردنی کچان تا ئاستی بەتۆبزی پێخوێندنیان

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ کۆمار بە دامەزرانی "یەکێتی یایانی کوردستان" یان "حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان" هەنگاوی بەکردەوەی خۆی لە بواری دەستەبەرکردنی ماف و هێنانی ژنان بۆ ناو کۆڕی خەبات هاویشت. مینا قازی خانمی یەکەم و هاوسەری پێشەوای کوردستان سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەی بەئەستۆ گرت. ئەو ڕێکخراوەش لە یەکەم هەوڵەکانیدا، داوای لە ژنانی کارلەدەستهاتوو کرد کە بۆ بوارەکانی ژمێریاری، سندووقداری، سکرتێر و خەزێنەداری داوای کار پێشکەش بکەن. ئەوەش وەک هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خانمان لە ڕاستای سەربەخۆیی ئابووریی ئەواندا چاوی لێ دەکرێ. ئەمە هەروەها لە وتارێکی یای مینا قازیشدا ئاماژەی پێ کراوە کە دەڵێ "ئێمە نابێ هەر وا چاومان لە دەستی مێردەکانمان بێ تا پووڵ و جل و زێڕمان بدەنێ". ڕێکخراوەکە لە ڕاستای ڕوونکردنەوەی ژناندا دەستی کرد بە سازکردنی کۆبوونەوەی زانیاریبەخشین و وەڕێخستنی پۆلەکانی خوێندن بۆ ژنانی گەورەساڵ کە زۆربەیان ئەندامەکانی خۆی بوون.

هەنگاوی دیکەی کۆمار بۆ پێگەیاندنی ژنان، خوێندەوارکردنی کچان، شانبەشانی کوڕان بوو. لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووە: "لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێت کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا، دەبێ بنێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەتە هەرکەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ."

بەپێی ئەو ئاگادارییە، کچان نەک هەر وەک کوڕان دەبەر خوێندن دەنرێن بەڵکوو پێخوێندن بەتۆبزییە و "هەر کەس لەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ"، "بە توندترین" شێوە سزا دەدرێ.

ئەو بڕیارە تەنیا بۆ شاری مەهاباد نەبوو. هەوڵ درا هەموو ئەو شارانە بگرێتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوون. لە ژمارە ٢٤ی ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕاپۆرتی کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەی کچان لە شاری شنۆ هاتووە. حەسەن کازمی بەڕێوەبەری فوتابخانەکە ڕایگەیاندووە کە "پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بکەن بۆ ئەم خزمەتە گەورەیە و بەخۆشی و مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە".

بێگومان ئەوانە هەموو ئەو خولیا و ئاواتە مرۆڤانە، نەتەوەیی و نیشتمانیانە نەبوون کە لە بەرنامەی حیزب و لە هزری ڕێبەرانیدا بوو. بۆ وێنە کاتێ ڕۆژنامەنووسێک لە پێشەوا دەپرسێ کە "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بە ژنان، ئایا ئێوەش ئەم کارەتان کردووە؟" پێشەوا ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەدا و مەخابنیی خۆی ناشارێتەوە کە ئەوان نەیانتوانیوە "ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنن". بەڵام تەمەنی کۆمار لەوە زۆر کورتتر بوو کە بتوانێ قەرەبووی دەیان و سەدان ساڵ نەهامەتیی کورد و ژنی کورد بکاتەوە بەڵام بۆ هەر بوارێک توانی بناخەیەک بۆ دواڕۆژی کوردستان دابنێ کە دانانی بناخەی باوەڕ بە ژیان و ئازادی بۆ ژنی کورد یەک لە هەرە گرینگەکان بوو. ئەوەی کە سێ چارەگە سەدە دواتر بۆ داکۆکی لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ ژن و دژ بە ئەستاندنی ئازادی و ژیان لە ژنێکی کورد لە چوارچێوەی دروشمی ژن - ژیان - ئازادیدا زایەڵەی دایەوە. باوەڕێک کە زۆر پێشتر لە بەرنامەی حیزبی دامەزرێنەری کۆماردا بە ڕوونی ڕاگەیەندرا، لە بەرنامە و کاری کۆماردا بە کردەوە کاری بۆ کرا، لە وتەی ڕێبەرانیدا و لە وتاری نووسەران و وتاردەرانیدا داکۆکی لێ کرا و لە شێعری شاعیرانیدا ڕەنگی دایەوە. باوەڕێک کە هێمن، شاعیری نەتەوەیی کۆمار لە "یادگاری شیرن"دا بە لێبڕاوی ڕایگەیاند:

"با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ

تاکوو "ژن" "ئازاد" نەبێ، سەرچاوەکەی "ژین" لیخنە"

***

ژێدەر:

- ئەسکەندەری، ئەحمەد چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران.
- موجاب، شەهرزاد، ژن و ناسیونالیزم لە کۆمارە کوردیەکەی ١٩٤٦دا، وەرگێڕانی محەممەد حەمەساڵح تۆفیق



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- هەژار، ئاڵەکۆک
- هێمن، تاریک و ڕوون

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٣

---

## شۆڕشی ژینا زایەڵەی کۆماری کوردستان




**ئازاد محەممەدیانی**

هیچ ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی لە بۆشاییدا ڕوونادا، کات و شوێن، دەبنە بەستێنی ئەو ڕووداوە، بەڵام ئەم کاتە لە هەنووکە زیاترە، ڕەوتێکی مێژوویی و ڕووداوگەلێکی بەردەوام و جیاواز لە کات و شوێنێکی دیاریکراودایە کە دەبنە هۆی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی تایبەت. شۆڕشی ژینا لە ساڵی ١٤٠١دا ڕووی دا بەڵام بنەما فکریەکانی لە ڕەوتێکی مێژووییەوە هاتن و لەم کاتەدا نموودی کۆمەڵایەتیان پەیدا کرد. هێندێک دروشم بوونە هەوێنی بزووتنەوەکە کە حیکایەت لەو بابەت و چەمکانە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەکەن کە مێژوویەکیان لە خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورددا هەبووە،

ماف ویستی و نەتەوەخوازی بنەما سەرەکیەکانی ئەو دروشمانە بوون. بەڵام سەرچاوە فکریەکانی ئەو بیرۆکەیەی کە هاندەری درێژەی ئەو بزووتنەوەیە بووە چ بوون؟

ئەو واتا، هێما و سەمبولانەی کە لە شۆڕشی ژینادا بەرچاو بوون و ناوەڕۆکی سەرەکی ئەویان پێک هێناوە، ئەو چەمکانە لە گوتاری سیاسی نەتەوەخوازی کورد بوون کە ڕیشەیان لە مێژووی نەتەوەسازی و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا هەبووە، بزووتنەوەیەک کە کۆماری کوردستان لە سەر دەستی حیزبی دێموکرات سوتەمەنی ئاوری شۆڕشی بۆ پێک هێناوە. بایەخە سەرەکیەکەی کۆماری کوردستان لەو سۆنگەیەوەیە؛ کە پێکهێنەری یەکەم گوتاری سیاسی کوردە، گوتارێک کە هێندێک چەمک و واتای وەک؛ ئازادی، شەهید، ئاڵا، مافی ئافرەتان، زمانی کوردی و پێشمەرگە و... لە توێی گوتاری ناسیونالیستیدا مەفسەل بەندی دەکا. ئەو واتایانە دەبنە چەمکە سەرکیەکانی بزووتنەوەی کورد و قۆناغ دوای قۆناغ کامڵ دەبن و وەک کۆڵەکەی گوتاری بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی ڕۆژهەڵات بنج دادەکوتن. لە ڕاستیدا کۆماری کوردستان ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی چوارچێوەداری کوردە، بنەمای دواتری هەموو جووڵانەوەکانیشە، وەک کوترا کۆماری کوردستان تەنیا دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆماری نوێ لە نێو دەسەڵاتێکی پاشایەتی کۆندا نەبوو، بەڵکوو جۆرێکی نوێ لە بیری نەتەوەیی و شێوازێکی تازە لە خەبات بوو، شێوازێک کە پتر لە سێ چارەگە سەدەیە دەتوانێ مانا بەخش بێ و چەمکە سەرەکیەکانی بزووتنەوەیەکی مۆدێرن، سەردەمیانە و جیهانگیر پێک بێنێ. ڕەنگدانەوەی بیر و ڕێگای کۆمار لە شۆڕشی ژینادا نموودە ڕواڵەتیەکەی لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا بەرچاوو ئاشکرایە. مافی ژنان وەک گرینگترین کەڵکەڵەی کۆمار لە نووسراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و ئاراستەی سیاسەتیدا و لە هەموان گرینگتر لە دامەزراندنی دامەزراوەی «یایەکان»دا سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە پرسی ژن و مافەکانی لەو کۆمارەدا چ بایەخێکی هەیە، ژیان وەک کەڵکەڵەی سەرەکی کۆمار لە شێوەی بەڕێوبەریەکەیدا و ئەمنیەتێک کە لەو سەردەمەدا سەقامگیر دەبێ و دواتر لە شێوەی خۆ بە دەستەوەدانی پێشەوا بۆ پارستنی ژیانی هاووڵاتیان نموودی ڕاستەقینە پەیدا دەکا، ئازادیش کە ئامانجی سەرەکی کۆمارە وەک دەسەڵاتداریەکی خۆڕسکی ماف خواز داکۆکی لێ دەکا و بنەمای هەر جۆرە جووڵانەوەیەکیەتی.

بەها فکریەکانی کۆمار ئەو بایەخانەن کە شەهیدانی شۆڕشی ژینا بە ناوی کۆمار نێودێر بوون و بە بەهاکانی پێوەندیدار بە کۆمارەوە گۆچیان گرتووە و لە مەکتەبی ڕێبەرانی کۆمار و ئەندیشەی کۆماردا پەروردە بون، بە چەشنێک کە ئێستاش خوێنی کۆمار و ڕۆڵەکانی لە دەمارەکانی کوردستاندا دەجمێ و وەرەی خەباتی نوێی نەتەوەی پێشەوان. پێشەوایەک کە نەوە دوای نەوە لە قوتابخانەکەی دەرچوون و بوونەتە ڕێبەرانی نوێی نەتەوەیی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری کوردستان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ هزری گەل خۆشەویستی، ئازادیخوازی و ماف ویستی منداڵانی دوێنێ و ئەمرۆ و داهاتووی نیشتمان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیوێری ٢٠٢٣

---

## زنجیرە تویتی خاتوو ڕێزان لەبادی لە بارەی چەمکەکانی "جیاییخوازی" و "یەکپارچەیی خاکی"



لە دیواری فەیسبووکی کەماڵ حەسەن پوور

با لە بارەی چۆنیەتی کەڵک وەرگیران لە چەمکەکانی "جیاییخوازی" و "یەکپارچەیی خاکی" وەک چەکی سیاسی بۆ وێنا کردنی تاقمە پەراوێزخراوەکان، وەک کوردەکان لە ئێران، وەک تاوانکارانی بەرهەمهێنەری پرژوبڵاوی لە شۆڕشدا، ڕووڕاست و ڕوون بین.

تۆمەتبار کردن بە جیاییخوازی بە شێوەی بەربڵاو لە لایەن ڕێژیم و هەروەها ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە پێکدێنن کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لە ڕاستیدا، ئەو وەک بێڕێزییەک بە مەبەستی مێژوویی و هەنووکەییەکانی کوردان بۆ خۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێوەبەری کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

ئەو مەبەستانە لەخۆڕا دروست نەبوون و لەبەر ئەو هۆیە، لە بیرۆکەی قووڵی نەتەوە پەرستانەش سەرچاوەیان نەگرتووە. لەجیاتان، ئەوان کاردانەوەی خەباتێکی یەک سەدەیی خەڵک بۆ خۆپارێزیی و دژی سڕینەوەی شوناسی کوردین.

ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە جووڵانەوە ڕزگاریدەرەکانی کوردان چوار وڵاتیان گرتوونەوە. ئەوە ئاکامی کێشانی هێڵی سنوور لە گۆترە و دابەش کردنی تاقمێکی ئەتنیکییە کە چل ملوێن کەس دەگرێتەوە و ئامرازی دڕندانەیە کە بەوان گەلی کورد ناچار بە ملکەچی کراون.

بناغەی سەرکوتی کوردان لە لایەن ڕێژیم لە ئێرانی ئەمڕۆ، لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی پێشوو دامەزرا و پتەو کرا. ئەوە لە مافی تاک بۆ شوناسی خۆی و هەموو ئەو شتانەی کە بە دوای خۆیدا دەیهێنێ، تا شێوازە جیاوازەکانی چەوساندنەوە دەگرێتەوە.

ئازارەکانی کورد، گواستنەوەی زۆرەملی، سەرکوتی سیاسی، تواندنەوەی کولتووری و پەراوێز خستنی ئابووری دەگرنەوە. پاشگوێ خستنێکی مەزنی ناوچە کوردییەکان لە ڕوانگەی ژێرخان و گەشە کردن لە ئارا دایە. کوردەکان بە شێوەیەکی ناپێوانەیی کەتوونەتە ژێر کاریگەریی هەژاریی و بێکاریی.

بەشێکی بەرچاوی نەوت، گاز و سەرچاوەکانی ئاوی ئێران لە ناوچە کوردییەکان هەڵکەوتووە. ئەوان هەروەها لە بواری کانزاکانەوە دەوڵەمەندن. خاکەکەیان بە پیتە و ئاووهەواکەی بۆ کشتوکاڵ گەلێک گونجاوە.

ڕووتاندنەوەی ئەو سامانانە لە ڕوانگەی دەرهێنان و بڵاو کردنەوەیان لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەکانی ئێران و بازرگانە ناکوردەکان دابوون، لە ڕابردوو و هەروەها لە ئێستادا. کوردەکان بەردەوام پێشیان پێ گیراوە بە هەر شێوەیەک، سوود لەو سامانانە وەرگرن.

ئەوە لەبەر ئەو هۆیانەیە کە کوردەکان تا ڕادەیەکی زۆر نەیانتوانیوە پەیوەندییەک لە نێوان خۆیان و شوناسی ئێرانی بدۆزنەوە، چونکە سیمبۆلی ناموکردن لەخۆ، چەوساندنەوە و ملکەچییەتی بووە. لەجیاتان، ئێمە زۆر جار نوێنەرایەتی کردنمان لە لایەن ئەتنیکەکەمانەوە هەڵبژاردووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو پارامێترانەی پێشێل کردنی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ کە باسیان کرا، بناغەی نەریتێکی دووروودرێژی خەباتی ڕزگاریدەرییان دانا. ئەوە بەو فاکتەرانە وەک خاڵی دەستپێکە کە ئەمڕۆ کوردەکان دەورێکی گرینگیان لە شۆڕشی هەنووکەییدا هەیە.

لە سەرەتای شۆڕشەکەدا، دروشمێک لە تاران گوترایەوە کە "کوردستان چاو و چرای ئێران" بوو. شتێک کە هەروەها لە لایەن ئەو کەسانەش جەختی لەسەر کرایەوە کە لە تاراوگە خۆیان وەک دژبەری ڕێژیم پێناسە دەکرد.

هەڵوێستێک کە لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات و لەگەڵ پێداگریی حیزبە کوردییە بەرهەڵستکارەکان و نوێنەرانیان لە سەر ئەوە کە شێوەیەک لە خۆبەڕێوەریی کوردی دەبێ لە ئێرانی داهاتوودا شکڵ بگرێ، سارد بۆوە.

لەجیاتان شێوەی ئاخاوتنەکان ڕەقتر بوون و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی تاراوگە هەڕەشەکانیان لە دووتوێی چەمکەکانی وەک "یەکپارچەیی خاکیی" ئێرانە لە کاتێکدا کە لە دەستەواژەی جیاییخواز وەک تاوانبار کردنێکی شەرمەزارکەرانە کەڵک وەر دەگرن.

ڕێبەری ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کوڕی شا و دیکتاتۆری پێشوو، ڕەزا پەهلەوییە. پیاوێک کە وا دەنوێنێ خوازیاری دەسەڵات نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرووەدام دەستێکی بەرەو سیمبۆلی هەرە بەرچاوی توندوتیژیی ڕێژیم، ڕێکخراوی تێرۆریستی سوپای پاسداران، ڕادەدێرێ.

مافەکانی مرۆڤ بنەڕەتین و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە یاسای ناودەوڵەتیدا جێگیر کراوە. ئەوە لەو چوارچێوە دایە کە چەمکی جیاییخوازی دەبێ لەبەر چاو بگیرێ، نەوەک کەڵک لێ وەرگرتن لە وشەکە وەک ئامرازێکی حاشا کردن لە مافی کوردان بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە.

لە پەیوەندی لەگەڵ "یەکپارچەیی خاکی"، ئەوە تەنیا لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت-نەتەوەکاندا ڕەوایی هەیە. کورد خەڵکی ڕەسەنی خاکی خۆیەتی لە ئێران. ئەو دەستەواژەیە پەیوەندییەکی بەو بابەتە و کەڵک لێ وەرگرتنی وەک ئامرازێکی سیاسی لە بەرنامەیەکی جێگای نیگەرانیدا نییە.

ئەوە لە ڕادەبەدەر گرینگە کە ئەو هەوڵانە بۆ دەستکاریکردنی جەماوەریی و لەرزۆک کردنی هێزی بڕوا بەخۆ بوون لەقاو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بدرێن. ئەوە کوردەکان نین کە دەبنە هۆی نایەکگرتوویی، ئەوە ئەوانەن کە پێیان وایە یەکیەتی بە مانای کپ کردنی دەنگی هەموو ئەوانی دیکە بە قازانجی بیسترانی خۆیانە.

لە کۆتاییدا، ئەو دەرئەنجامە ژیرانەیە کە ناوچە کوردییەکانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر وەک کۆلۆنی لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانیەوە سەیر کراون، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێگە سیاسییەیان پێ بدرێ کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ. سڕینەوە کۆلۆنیالیزم لە کوردستان دەبێ لە سەرەوەی بەرنامەی ئێرانێکی مرۆڤانە بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی کەماڵ حەسەن پوور – ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆپیشاندەرانی ئێران خوازیاری گۆڕینی ڕێژیمن ئەمریکا دەبێ یارمەتییان بکات



**فارین ئەفەیرز - ئێریک ئێدێلمەن و ڕەی تاکیە**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢، مەهسا ئەمینی، کوردێکی ئێرانیی تەمەن ٢٢ ساڵ، لە کاتی دەستبەسەرکرانی لەلایەن پۆلیسەوە، دوای بەندکران بە هۆی ئەوە کە بە ڕواڵەت قژەکانی بەجوانی دانەپۆشیوە، کوژرا. ئەمینی نە یەکەم ژن بوو دەستبەسەر بکرێ و نە یەکەم کەس بوو لەلایەن پۆلیسەوە بکوژرێ. بەڵام، مردنی ناوبراو چەخماخەی جووڵانەوەیەکی نارەزایەتی بوو کە بوو بە دەنگی تووڕەیی گشتی و جارزبوونێک کە چەند مانگ بوو پەنگی خواردبۆوە. وەرزێران لە نەبوونی ئاو سکاڵایان کردبوو، خوێندکاران لەبەر نەبوونی ئازادی، مامۆستایان لەبەر نزمبوونی ئاستی مووچە و، خانەنشینکراوان لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری. ئێمە لە ٢٠٢٠، لە فارین ئەفەیرزدا باسمان کردبوو کە کۆماری ئیسلامی لەوە لاوازترە کە لێکۆڵەرەوان و سیاسەتوانانی ڕۆژاوایی بیری لێ دەکەنەوە. نارەزایەتییەکانی ئەمرۆ دەیسەلمێنن کە ئێمە ڕاستمان دەکرد. کۆماری ئیسلامی خۆگونجێنە، بەڵام لە بەرانبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێراندا ناتوانێ خۆ ڕاگرێ.

لە سەرەتای دەستپێکیەوە چوار دەیە لەمەوبەر، ڕێژیمی تیۆکراتیکی ئێران بەهۆی خۆپیشاندانان هەژاوە. لە ١٩٩٩، خوێندکاران وەک نارەزایەتی دژی داخرانی ڕۆژنامەیەکی ڕیفۆرمخواز ڕژانە سەر شەقامەکان. لە ٢٠٠٩، مەحموود ئەحمەدینژاد



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هەڵبژاردنێکی ساختەدا بوو بە سەرکۆمار، کە بوو بەهۆی دەستپێکی جووڵانەوەی سەوز، سەرهەڵدانێکی چینی مامناوەند کە داوای هەڵبژاردنی بێفرتوفێڵی دەکرد. لە ٢٠١٧ و ٢٠١٩، گرانبوونی سووتەمەنی و نان بوو بە هۆی سەرهەڵدان لەنێو هەژارانی ئێراندا. سەرهەڵدانەکانی پێشوو بە سەر چینەکاندا دابەش ببوون. بە پێچەوانە، ئەورۆ ئێرانییەکان لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا یەکیان گرتووە. ئەوە سەرهەڵدانێکە بۆ کەرامەت، ئازادی و لێپرسینەوە لە دەوڵەت، وەکوو جووڵانەوەی بەهاری عەرەبی، زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە وڵاتانی عەرەبی کە بە خۆسووتاندنی محەممەد بوعەزیزی، میوەفرۆشێکی تونسی، دەستی پێ کرد. ئەورۆ خۆپیشاندەرانی ئێرانی داوای چاکسازیی ناکەن، بەڵکوو نەمانی کۆماری ئیسلامی. ئەوان گۆڕینی ڕێژیمیان دەوێ. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە دوورەوە بە زیادکردنی گەمارۆ و باشترکردنی پەیوەندیگرتنی نێوان خۆپیشاندەران، یارمەتییان بدا.

### شەیتانێک کە دەیناسی

ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی ناڕەزایەتییەکانی وەک پیلانی بیانییان ڕەت کردوونەوە و ئیدیعای کردووە ئەوان "لەلایەن ئەمریکا و ڕێژیمی داگیرکەر و ساختەی زایۆنی" پلانیان بۆ داڕێژراوە. بێجگە لەو بەلاڕێدابردنە، شێوەی نەریتییانەی ڕێژیم، واتە بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژانەی خێرا دژی خۆپیشاندەران، لەکارخستنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمێدیا بۆ پێشگرتن بە هاوئاهەنگیی نێوان خۆپیشاندەران، دەستبەسەرکردنی ڕێبەرە مەیدانییەکان و چاوەڕوانبوون بۆ هێوربوونەوەی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان بووە. سەرەڕای ناوبانگیان بۆ دڕندەیی، مەلاکان لە بەکارهێنانی هێز بەبێ جیاوازیی دوودڵ بوون. وەک دیکتاتۆرەکانی دیکە، ئەوان لەوە دەترسن هێزە بەکرێگیراوەکانیان ڕەنگبێ لە تەقەکردن لە هاونیشتمانانیان دوودڵ بن. بەڵام، خودی بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان و، بڵاوبوونەوەیان لە سەرانسەری وڵات، سەریان لە حکوومەت شێواندووە و ستراتیژییە ئامادەکراوەکەیان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتی بێکەڵک کردووە.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن ئەو جووڵانەوەیە لە ئەوانی ڕابردوو خۆڕاگرتر دەبێ. سەرهەڵدانە ساواکەی ئێران هێشتا ڕێبەرانی ناسراو و پێکهاتەیەکی ڕێکخستووی نییە و هیچ شۆڕشێک بێ شۆڕشگێڕان سەر ناکەوێ. بەڵام چەند مانگ دوای دەستپێکی ناڕەزایەتییەکان، تاقمی وەک لاوانی تاران سەریان هەڵداوە و بە سەرکەوتوویی داوای خۆپیشاندانیان کردووە. ئۆپۆزیسیۆن هەروەها لە پارێزگاکانی ئێران مانگرتنیان ڕێکخستوون: بازاڕەکان داخراون و شوێنە بازرگانییەکان وەک ئاماژەیەک بۆ هاودەنگی لەگەڵ خۆپیشاندەران داخراون. لەگەڵ بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، وێدەچێ هێزە ئەمنیەتییەکان شەکەتتر بن. سەرکوتی خۆپیشاندەران تێچووی دەروونی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانەکانی ئێران نوخبەی سیاسیی تووشی دووبەرەکی کردووە، کە ئەوەش پێشمەرجێکی گرینگ بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە. خامنەیی ویدەچی لەوە بترسێ کە ڕێژەیەکی زۆرتر لە کۆنەپارێزانی لایەنگری دەسەڵات خۆیان لە حکوومەت بەدوور بگرن. عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی پارلمان گوتی، "ئێمە دەبێ شوێنی گشتی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و ئامرازی گفتوگۆ دابین بکەین." محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری پێشوو، لێدوانێکی بڵاو کردەوە کە خوێنەری زۆری هەبوون و لەوێدا ستایشی مەبەست و دروشمەکانی خۆپیشاندەرانی کردبوو. تەنانەت "کۆماری ئیسلامی"، ڕۆژنامەیەک کە خاتەمی دایمەزراندووە، ئیدیعای ڕێبەری گەورەی لەمەڕ بوونی دەستی دەرەکی لە پشت نارەزایەتییەکان ڕەت کردبۆوە و گوتبووی "گیروگرفتی هەڵاوسانی نرخەکان، بێکاری، بێئاوی، و ویرانیی ژینگە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک، لە هەموو چین و توێژەکانی وەک خانەنشینکراوەکان، مامۆستایان و خوێندکاران، نارەزایەتی دەرببڕن." پشتیوانییەکی لەو شێوەیە لەلایەن سیاسەتوانانی سەرەکی بێوێنەیە و نیشانەی لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

لە تەواوی ماوەی ئەو قەیرانەدا، ڕێژیم لەرزۆک دەرکەوتووە. خامنەیی بەساڵداچوو، چەند ساڵی ڕابردووی تەرخانی دەرکردنی هەموو کەس لە بازنەی دەسەڵات، بێجگە لە کەسانی ماستاوچی کردووە و ئێستا لەلایەن کەسانی کەم توانا دەورەی دراوە. سەرکۆماری ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی مۆرەیەکی کەمدوێی سیستەمە کە خەیاڵی هەڵسوکەت دەگەڵ دۆخی ئاڵۆزی نییە. غولام حوسێن موحسینی - ئێژەیی، سەرۆکی سیستەمی دادوەری، لەنێوان داوای گفتوگۆ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و هەڕەشەکردندا لە هاتوچۆدایە. ناوەندە بەفروفیشاڵەکانی هەواڵگریی ئێرانی نەیانتوانی پێشبینی سەرهەڵدانەکە بکەن و لە تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی شکستیان هێناوە. ستراتێژیی بەرزکردنەوەی ئاستی توندوتیژیی لەلایەن ڕێژیمەوە تا ئێستا بۆتە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٥٠٠ کەس کە نەیتوانیوە خەڵک چاوترسێن بکات. ئیعدامکردنی خۆپیشاندەران لە لایەن ڕێژیم بۆتە هۆی پرینگانەوەی زۆرتری خەڵک لێی. ویدەچی کۆماری ئیسلامی پێگەی خۆی لەکیس بدا.

### بە یارمەتیی واشینگتۆن

وەکو ئێمە لە ٢٠٢٠ باسمان کرد، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا بێ. سەرەڕای ئاکامی نادیار، ڕەنگبێ ئەوە تەنیا ڕێگا بۆ هێواشکردنەوەی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بێ و، ئەوە دەستێوەردانە بەردەوامەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ لەنێو نابا، بەڵام سنووورداری دەکات. بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی سیاسی ئێران لە نێوخۆ دەمێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێوەبەرایەتیی سەرکۆمار جۆ بایدن دەتوانێ هەنگاو بەرەو پشتگیریی، خێراکردن و ڕەنگبێ تەنانەت ڕێنوێنی پرۆسەی شۆڕشگێرانەش هەڵێنێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکەم، وڵاتە یەگرتووەکان دەبێ بە فەرمی کۆتایی بە وتووێژ لەگەڵ ئێران لەمەڕ گەڕانەوەی گوماناوی بەرجام، ڕێککەوتنێک کە پێشوەچوونەکانی ئێران بەرەو چەکی ناوکی لە بەرانبەر سووککردنی گەمارۆکان، هێواش دەکاتەوە، بێنێ. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئێرانی کە خەڵکی ئێران سەرکوت و وڵاتانی دراوسێ ناسەقامگیر دەکات، وتوویژ ناکات. ڕاگەیاندنی ئەوتۆ توانایی ڕێژیم بۆ دروستکردنی هیوا لەنێو جەماوەر بە ئەگەری هەڵگیرانی گەمارۆکان لە ژێر دەسەڵاتداریی ئەواندا لەناو دەبا.

داخستنی دەرگای دانوستان بەئاشکرا هەروەها دەتوانێ دەستی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ چەسپاندنی تەواوەتی ئەو گەمارۆیانەی کە هەر ئێستا ڕاگەیەنراون ئاواڵا بکات. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئەو کاربەدەستە ئێرانییانە بکاتە ئامانج کە بەرپرسی گەورەترین پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤن، کە دەبێتە هۆی بووژانەوەی هیوا لە ناو خەڵکی ئێراندا بۆ بەرپرسیار کردنی دەوڵەت. ئەوە دەبێ هاوکات بێ لەگەڵ لێدوانەکانی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران بە هەموو توانا و ڕاکێشانی سەرەنج بەرەو خراپترین لایەنەکانی سەرکوت.

وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ هەروەها هەوڵ بدا سانسۆر نەهێڵێ و پشتگیریی دابەشینەوەی زانیاریی لەنێو خۆپیشاندەران بکات. ناردنی وەرگری ستارلینک، کە لەلایەن ئیلان ماسک پێشنیار کرابوو، دەتوانێ هەوڵێکی ئەوتۆ بێ بۆ یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دەور لێدانەوەی سانسۆری ڕێژیم و داخستنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال مێدیا. ئاپی دیکە، وەک یوشاهیدی ، بۆ چاودێریی هەڵبژاردن لە وڵاتانی ژێر سەحرای ئەفریقا کەلکی لێ وەرگیراوە تا ڕێگا بە دەنگدەران بدەن وێنەی شوێنەکانی دەنگدان بڵاو بکەنەوە. بەرنامەی ئەوتۆ دەتوانن بۆ مەبەستی دیکە بەکار بێن، وەک ڕێگادان بە ئێرانییەکان تا وێنەی ئاکارە نارەزایەتییەکانیان لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات بڵاو بکەنەوە و بەو شێوەیە ڕێگا بە تاقمە جیاوازەکانی خۆپیشاندەران بدەن تا خۆیان ڕێک بخەن و، هێزە ئەمنییەتییەکان لە پەلوپۆ بخەن و کاری ڕێژیم بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکان دژوارتر بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ کەڵک لە کاناڵەکانی پڕ خوازیاری سۆشیال مێدیا، وەک تێلێگرام، وەرگرێ تا زانیاریی دروست لەمەڕ ئەوەی لە سەرانسەری وڵاتدا لە ئارا دایە بدات بە خۆپیشاندەران، لەنێویاندا خۆپیشاندان، پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، و ئیعدامەکان. پەرە پێدان و کەڵکوەرگرتنی داهێنەرانە لە کاناڵی پەیوەندیگرتنی ئەوتۆ دەتوانێ یارمەتیدەری سەرهەڵدانی ڕێبەرانی خۆپیشاندانەکان بێ و پڕۆپاگاندای ڕێژیم پووچەڵ بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوانەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پەرە بە بەرنامەکانی "دەنگی ئەمریکای فارسی" و "ڕادیۆ فەردا" بدا و پشتیوانی دارایی بۆ کاناڵە تاکییەکانی تەلەفزیۆنیی کە ئێرانییەکانی تاراوگە بەڕێوەیان دەبەن پێشکەش بکات کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانێ سووتەمەنیی زۆرتر بۆ ئاگری سەرشەقامەکانی شارەکانی ئێران دەستەبەر دەکات. هەنووکە، پێشبینی دەکرێ وڵاتە یەکگرتووەکان کەمتر لە ٣٠ میلیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامە بەرەو ئێران تەرخان بکات. ئەوە نموونەیەکە کە تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی کەم بەسەر کێشەکەدا، دەتوانێت کاریگەرییەکی ناهاوڕێژەی هەبێ.

بە گوێرەی نیویۆرک تایمز، لە دیسەمبەری ٢٠٢٢، کرێکارانی بەشی نەوت و پۆڵا وەک پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی ئێران دەستیان لە کار کێشایەوە و بەو شێوەیە مەزنترین مانگرتنی گشتیی ئێرانیان خوڵقاند. واشینگتۆن دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بۆ پشتگیریی لەو کردەوانە بدات و یارمەتیی چالاکانی سەندیکاکانی کرێکاریی بدات تا هاوکاریی یەکتر بکەن. یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ جووڵانەوەی دژە دیکتاتۆریی هاوپشتی لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ یارمەتیدەری هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. هەوڵێکی هاوشێوە لە ئێرانی ئەمڕۆ، دەتوانێ یارمەتیدەری تێکڕمانێکی ئەوتۆی کۆماری ئیسلامی بێ.

ڕێژیمی ئێران نزیکی نیو سەدەیە دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستەوەیە. لەو ماوەیەدا، بە شێوەیەکی سەرەنجڕاکێش خۆڕاگر بووە، داواکانی مافەکانی مرۆڤ و مودێڕن کردنی ڕەت کردووەتەوە. لە ئێستادا، وێناچی نارەزایەتییەکان دەوڵەت بڕووخێنن، بەڵام شۆڕشەکان لەخۆیاندا پێشبینی نەکراون. لەبەر جەماوەری ئێرانی و بەرژەوەندییەکانی ئەمنییەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا، بەڕێوەبەرایەتی بایدن دەبێ هەموو کارێک بکات تا دڵنیا بێ ئەو ئێرانییانەی گیانیان لە مەترسی داوێن تا ئاڵوگۆڕ پێک بێنن، لە وەرگرتنەوەی وڵاتەکەیاندا سەر کەون.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مافی دیارکردنی چارەنووس بنەڕەتێکی یاساییە یان سیاسی؟



ئارمان حوسێنی

پێش ئەوەی بچینە نێو تەوەری سەرەکیی بابەتەکە، پێویستە بزانین بنەڕەتی مافی چارەی خۆنووسین یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەییە، کە لە مادەی یەکی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا ئاماژەی پێ کراوە.

وشەی "خۆ" لە دەستەواژەی "چارەی خۆنووسین" یان مافی دیاریکردنی چارەنووس، چەندین تێڕوانین و لێکدانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەو مانایەی کە هەرکام لە لایەنەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و هاوتەریب لەگەڵ خواستی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ کردووە. ئەو حکوومەتانەی کە وڵاتیان لە پاوانی خۆیان ناوە، پێیان وایە "خۆ" بە واتای "حکوومەت" دێت، چونکە ئەم حکوومەتانە نوێنەرایەتیی جوغرافیایەکی سیاسی دەکەن و بە لێکدانەوەی خۆیان، خۆیان بەرپرسی میللەتن. لەلایەکی ترەوە ئەو گەلە ستەملێکراوانەی کە بە دیل گیراون، پێیان وابوو کە "خۆ" واتە گەل، بەو لێکدانەوەیەی کە ئەو خەڵکە مافی ئەوەیان هەبێت کە ئازادانە بڕیار لەسەر خۆیان و چارەنووسی خۆیان بدەن.

ئێستا لە چەمکی "مافی چارەی خۆنووسین" لە ئێراندا دەکۆڵینەوە. هەموومان ئاگاداری ئەم بابەتەین کە لەگەڵ هێنانەکایە و سەپاندنی سیستەمی نوێی دەوڵەت - نەتەوە بەسەر ئێراندا، گەلانی غەیرە فارسی وەک کورد، عەرەب، بەلووچ، تورک و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گیلەک، تورکمەن و هتد سەرەڕای ئەوەی نەبیندران و پەراوێز خران و هەوڵی تواندنەوەیان دراوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و پێوشوێنی مافەکانیان کەوتوون، هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئەم مافانەش ڕێگای خەباتی خوێناوییان گرتووە پێش؛ بەڵام بەداخەوە بە هۆکاری جۆراوجۆر هەتا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگییەکی ئەوتۆی بە خەبات و داخوازییەکانی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا نەداوە. خەباتگەلێک کە پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤتەوەر و هەڵگری بەها گەردوونییەکان بووە، بەڵام ئەوەی کە کۆمەڵگەی جیهانی دواجار و هەتا ئێستاش باوەشی بۆ گرتۆتەوە، "حکوومەت"ی ئێرانە، نەک "گەلانی" ئێران.

پرسی مافی چارەی خۆنووسین ئەوەیە کە تێڕوانینی سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ڕەچاوکردن و بەدیهێنانی ئەسڵی چارەنووس دەبێت گەرەنتی سەقامگیری، ئاشتی و ئاسایشی نێوان "دەوڵەتەکان" بکات، نەک "خەڵک". بە واتایەکی تر پێویستە ڕێز لە سەقامگیری و ئاسایشی نێوخۆیی وڵاتان بگیرێت و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان نەکرێت. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی پرسی نێوخۆی وڵاتان پێوەندیی بەخۆیانەوە هەیە و حکوومەتەکان بەپێی یاسا مافی خۆیانە ئەمنییەتی نێوخۆیی خۆیان دەستەبەر بکەن، تەنانەت بە تێچووی حاشاکردن لە توانەوەی چەند نەتەوەیەک لە گوتار و فۆرمێکی دیاریکراوی حوکمڕانیدا. نموونەی ئاشکرای ئەوەش ئێرانە کە سەرەڕای ئەوەی گەلانی غەیرە فارس بوونەتە قوربانی و لە پێناو مافەکانیاندا قوربانی دەدەن و لە خەباتە سەخت و خوێناوییەکەیان بەردەوامن، هەروا سەرەڕای بوونی میکانیزمی پشتیوانی یاسایی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرینگی بە مافی چارەی خۆنووسینی ئەم گەلانە تەنانەت لە ئاستێکی کەمیش نادات.

مافی چارەی خۆنووسین ئاست و فۆڕمی جیاوازی هەیە، لەوانە: سەربەخۆیی، کۆنفیدراڵی، فیدراڵی، خودموختاری، خۆبەڕێوەبردن. بەڵام ئەوەی گەلانی ستەملێکراو لە ئێران لە سەرەوەی ئەوان نەتەوەی کورد داوای دەکەن، دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسینیان لە فۆرمی "فیدراڵی"دایە. سەرەڕای ناونیشانێکی ڕوون و بڕواپێکراو کە لە ڕاستیدا و بەپێی زۆر فاکت و پێوەر نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دەکات واتە "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێشتا نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی ستەملێکراو و خەڵکی خەباتکار قەبووڵ ناسەلمێنێت کە ئەمە دەتوانێت بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕاستییە بێت کە "مافی چارەنووسی خۆنووسین" کە بە یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دێتە دادەنرێ و سەرەڕای ئەوەی بنەڕەتێکی یاساییە، بەڵام لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوان وڵاتاندا دەستی بەسەردا گیراوە. چونکە ئەگەر دەوڵەتەکان ئەو ئەسڵە حقوقییەیان بە شایەنی ڕێزگرتن و گشتگیر بزانیبا، بایەخیان بە هەموو خوێن و کوشتاری کورد و گیلەک و نەتەوەکانی تری چەوساوەی ئێران دەدا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەگشتی کۆمەڵگەی جیهانی لەوانەیە پێویست نەکا بە تۆپزی پشتی خەڵکی ئێران بگرن، هەر ئەوەندە کە واز لە پشتیوانیکردنی حکوومەتی ئێران بێنن، خەڵکی ئەو وڵاتە دەتوانن و دەزانن کە چۆن ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە بە زبڵدانی مێژوو بسپێرن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠٢٣

---

## شۆڕشی ژینا وەستانی نییە



**برایم جەهانگیری**

شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی فاشیزمی مەزهەبی وەستانی نییە، دوای چەند هەوراز و نشیوی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی سەرکوتی بێڕەحمانەی ئەم دواییانەی ڕێژیم ئارامی و بێدەنگییەک باڵی بەسەر وڵات داکێشا و زۆر کەس نیگەران بوون کە ئەو ڕاپەڕینانە ئیتر کۆتاییان هاتووە و ڕێژیم جارێکی دیکەش دەسەڵاتی ڕەشی بەسەر وڵاتدا بەدەستەوە گرتۆتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو لێکدانەوەیە و ئەو نیگەرانییە نابێ لە جێی خۆیدا بێ، چونکی بۆ هەموو شۆڕشێک سێ مەرجی سەرەکی پێویستە، کە ئەو سێ مەرجە وەک پێی دەگوترێ "هەلومەرجی شۆڕشگێڕی" کاتی هات ئیتر شۆڕش ئەگەرچی جاروبار کز و نزمونەوی دەبێ بەڵام تازە بەری پێ ناگیرێ. هەلومەرجی شۆڕشگێری ئەگەرچی مەرج گەلێک بوون کە زیاتر چەپەکان باوەڕیان پێی بوو، بەڵام ئەو بابەتەش وەک زۆر سەرنج و تێبینیی دیکەی چەپەکان ڕاست بووە.

لێنین سێ مەرجی سەرەکی بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین وەک "هەلومەرجی شۆڕشگێڕی" دانابوو:

١- خەڵک بە شێوەی ڕابردوو نەیانهەوێ بژین و ئامادە نەبن چیدیکە بچنە ژێر فەرمانی حکوومەت و ڕێژیمیش وەک پێشووی بۆی بووز نەخوا و نەتوانێ وەک بەرێ بە ترساندن وتۆقاندن و درۆ و سیناریۆسازی بەسەر خەڵکدا حکوومەت بکا.

٢- گرفت و چارەڕەشیی خەڵک و گوشاری لەڕادە بەدەری حاکمان بۆ سەر خەڵک. ئەوە ئەو خاڵەیە کە ئیتر خەڵک چەقۆی دەگاتە سەر ئێسقان و لە هەموو ڕوویەکەوە تامی ژیان لای نامێنێ و وەک دەڵێن مردنی پێ لەو ژیانە شەریفتر دەبێ و بۆیە بڕیار دەدا بەگژ دەسەڵاتدا بچێتەوە.

٣- بەو دووهۆکارەی سەرەوە خەڵک لەپێناو ئازادیدا ئامادەی گیانبازی دەبێ و ترسی لە حاکمان نامێنێ. نەمانی ترس یەک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانە کە خەڵک ئیدی ئامادەی هاتنە سەرشەقام دەبێ و ئەو دیوارە ترسە دەشکێنێ کە چەندین ساڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆر وەک پەردەیەکی لێڵ و تاریک بەزەبری هێز بەسەر بیر وزەینی خەڵکدا سەپاندوویەتی.

دیارە خاڵی سێهەم خاڵی یەکلاکەرەوەیە و کاتێ ئەوە خاڵە لە  هەر شۆڕشێکدا بەدی کرا ئیتر نیشانەکانی شۆڕش و هەوڵی گۆڕانکاریی قووڵی کۆمەڵایەتی لەلایەن خەڵکەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن وئەمە یانی دەسپێکی شۆڕش و ڕاپەڕین و بڕیاری گەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی جیدی لە ژیان و گوزەرانی خۆیان و حاکمانیشدا. کە وایە بەپێی ئەو ئەسڵانەی سەرەوە و بەو ئاماژە کورتە ئێستا ئیدی شۆڕشی ژینا لە قۆناغی سێهەمی یەکلاکەرەوەدایە، ئەو قۆناغە چەندە دەبات، دوو هەفتە، مانگێک ، دوو مانگ یان ساڵێک و هتد ئەمە بەندە بە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لەسەر شەقام و هەڵوێستی ئەو کەسانەی سەر بە ڕێژم کە ئایا لەو دەسەڵاتە هەڵدەگەڕێنەوە و دێنە بەرەی خەڵک یان نا؟

لە هەموو شۆڕشەکانی دنیادا تەنیا کاتێک خەڵک توانیویتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بڕووخێنێ کە توانیبێتی هێزە سەرکوتکەرەکان و سوپای ئەو وڵاتە دەگەڵ خۆی بخات، ئەگەر نا ئەو شۆڕشە تووشی گرفتی سەرەکی دەبێ و هیچ لایەک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆتا نایەن و لەوحاڵەتەدا شەڕی نێوخۆ دروست دەبێ. بۆیە زۆر گرینگە کە شۆڕشگێران کار لەسەر ئەو هێزانە بکەن کە کۆڵەکەی پاراستنی دەسەڵاتن. ڕێژیم کە ئەوانی لێ بتەکێتەوە دەستبەجێ وەک کەلاوەب دەسەر یەکدا دەتەپێ، چونکی پێگەی کۆمەڵایەتیی نییە و تەنیا پشتی بە هێزە سەرکوتکەرەکان بەستووە.

هەر شۆڕشە و لە مێژوودا تایبەتمەندی و نیشانەیەکی دیاری هەبووە. بۆ نموونە ئەگەر لە بەهاری عەرەبیدا و لە تونس محەممەدێک بە ئاگربەردان لە جەستەی چەخماغەی شۆڕشی تونسی لێ دا، لە کوردستان شەهیدکردنی ژینای کوردان و ناشتنی تەرمی ژینا بە ئاپۆڕای هەزاران کەسی و دروشمی وێرانگەری مەرگ بۆ خامنەیی بوو بە چەخماگەی ئەو شۆڕشەی ئێستا کە لەودا کورد ڕۆڵی سەرەکیی تا ئەم دەموساتەش بینیوە و دیارە خەساری گەورەشی وێ کەوتووە، بەڵام بێگومان نەخش و کاریگەریی ڕاپەڕینی شەقامی کوردستان بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە مێژوودا دەبێتە ملوانکەیەکی زێڕین کە هیچ کەس لە جیهان و لە ئێرانیشدا ناتوانێ لەبیری بکات.

بەڵێ شۆڕشی ژینا خاویش بێتەوە، کورد گوتەنی وەک ئاگری بن کایە وایە و بە دڵنیاییەوە بەهێزتر لە پێشوو سەرهەڵدەداتەوە و تۆماری ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرەست و دژی گەلییە بۆ هەمیشە تێکەوە دەپێچێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ٢٣ی جانێویری ٢٠٢٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٢ی کوردی = جانێویری ٢٠٢٣ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com